ڕۆمان

# کلۆدی سەرگەردان

ڤیکتۆر هۆگۆ

زنجیره
(٥٣٠)

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
چوارچرا

زنجیره
(٥٣٠)

ناونیشان: سلێمانی سەرەتای شەقامی
مەولەوی- فەرعی سەعید تەها کۆیی
07701575067-07501128388

Emil: chrachra85@yahoo.com
http://www.facebook.com/chwarchra.chapxanai?ref=tn_tnmn

رۆمـان

ڤیکتۆر هۆگۆ

# کلۆدی سەرگەردان

وەرگێڕانی:

کارزان خدر

٢٠١٨

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: کلۆدی سەرگەردان

نووسەر: ڤیکتۆر هۆگۆ

وەرگێڕانی بۆ فارسی: مەحەمەد قازی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کارزان خدر

پێداچوونەوەی زمانەوانی: خالید فاتحی

ڕێنووس: ئاشتی عەبدولسەلام

تایپ و ڕێکخستنی ناوەوە: وەرگێڕ

بەرگ: ئیبراهیم سالْح

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

سالْی چاپ: ٢٠١٨

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینارە

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ( )ی سالْی ٢٠١٨ی پێدراوە**

ماندووبوون و وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە ((**تۆ**)) کە نەبای، ئەم بەرهەمەش نەدەبوو...

**بە ناوی خوای بەتەنێ**

حـەوت یـان هەشـت سـاڵ لەمەوبـەر، پیاوێـك بـە نـاوی كلـۆدی سەرگەردان[١] كە كرێكارێكی فـەقیر بـوو، لـە پـاریس دەژیـا. لەگـەڵ ژنێكی جوان، كە ئەویندارى ئـەو بـوو و منـداڵێكی چـكۆلەی هـەبوو، ژیانیان بەسەر دەبرد. ڕووداوەكان چۆنن، من ئاوایان دەگوازمـەوە و هەسـت كـردن بـە خـاڵی ئـەخلاقیی و بەرپرسـیارێتی بـۆ خوێنـەر بەجێدێڵم. ((كلۆد)) كرێكارێكی ئازا و وشیار بوو. لە لایـەك بـە هـۆی پەروەردەی سەقەتی كۆمەڵگە، خوێڕی و فەسـاد ببـوو و لـە لایـەكی دیكەش خووی هەمەچەشن و بەهرە و گەوهـەری ژیـان لـە دەروونـی ئـەودا چـەكەرەیان كردبـوو. كلـۆد توانـای خوێندنـەوە و نووسـینی نـەبوو، بـەڵام بـە باشـی تێدەگەیشـت و بیریـدەكردەوە. زسـتانێكی سارد داهاتبوو و كلۆد بێ كار مابۆوە. لـە ژێـر بنمیچـی ماڵەكـە، كـە خانووە خراپەكەی ئەو بوو، نـە ئـاگری تێـدا بـوو، كـە خـۆی لەبـەر گەرم بكاتەوە و نە پێخۆرێك، كە زگـی خـۆی و خێزانەكـەی پـێ تێـر

١ Claude Gueux

بکات. ناچار هەم بۆ خۆی و هەم ژن و منداڵەکەشی، لە برسان و لـە سەرمان، دەستیان بە بەرۆکیانەوە گرتبوو. کلـۆد تووشـی دزیکـردن بوو، بەڵام من نازانم چی دزی و لە کوێی دزی. هەر ئەوەنـدە دەزانم، کـە سـێ ڕۆژ گـەرمی و پێخـۆری بـۆ ژن و منداڵەکـەی و پێـنج سـاڵ گرتووخانەشی بۆ خۆی دەستەبەرکرد.

کلۆد بۆ بەسەربردنی ژیانی زیندانیی خۆی نێردرا بۆ گرتووخانـەی ناوەندی کۆلڕوو[١].

کۆلڕوو کلێسایەکە، کە کراوەتە گرتووخانـەی باسـتیل. ژوورێکـە، بۆتە ژێرزەمینـی تاوانبـاران و مەزارگەیەکـە، لـە شـێوەی کوشـتارگە دروستبووە. دەڵێن کلێسای کۆلڕوو پەرەیسەندووە و کاتێك بـیر لـەو ((پەرەسەندن))ە دەکەینەوە، خەڵکی دانا و وشیار و هەسـت ناسـك بــە باشــی لــە مەبەســت و مانــای ئــەوە تێدەگــەن، کــە وشــەی ((پەرەسەندن)) جگە لەوەی گوتمان پێناسەیەکی دیکەی بۆ ناکەین.

با بگەڕێینەوە سەر باسی خۆمان.

هەر کە کلۆد گەیشتە گرتووخانەی ناوەندی کـۆلڕوو، شـەوانە لـە ژوورێکـدا بەنـدکرابوو و ڕۆژانــەش لــە کارگــەی گرتووخانــە ئیشــی دەکــرد. هەڵبــەت تێدەگــەن، کــە مەبەســتم لــە کارگــە ناوزڕانـدنی کارگـەکان نییـە. کلـۆدی سـەرگەردان پیشـتر کرێکـارێکی شـەریف، ئێسـتا دز و لـە داهاتووشـدا باڵایـەکی ڕێـك و سـەنگین و بـە شـکۆ و

[١] Clairvaux

ناوچاوانێکی بڵندی دەبێ، بە هۆی ئەوەی هێشتا گەنج بوو، برۆکانی چینیان بەستبوو. لـە نێـو پرچـە ڕەش و پڕەکەیدا تـاڵ تـاڵ مـووی سپی بە بڵاوی دەبینران. چاوی جوان و دڵڕفێن و میهرەبان، لـە ژێـر ئەبرۆی ڕەش و کەوانیدا خولی دەدا. کونـەلووتی کـراوە و چـەنەگەی دەرکــەوتبوو. لێوەکــانی حاڵــەتێکی بێئاگــا و ناشــیرنیان هــەبوو. خولاسە پیاوێکی ((بە سەر و کەللـە)) بـوو، سـەرێکی هـەبوو لەگـەڵ هەیکەلەکەی دەهاتەوە، بەڵام ئێستا ئـەوە دەیبیـنین کـە کۆمەڵگـە چی بەسەرهێناوە.

کلۆد کەمـدوو بـوو، بـەڵام بەجوڵـە و هاتوچـۆی زۆر بـوو. هێـز و توانایـەکی مەعنــەویی وا لەویـدا دروسـتببوو، کـە ئـەوانی دی وا لــێ دەکرد گوێرایەڵی بن. حاڵەتێکی بیرکردنەوە لە ڕوخساریدا دیار بـوو، کە لە ئیرادە و پێداگرییـەوە بـوو، نـەك لـە سـادەیی و دڵسـافییەوە. هەر بۆیە لە ژیانیدا ناخۆشی و دەردەسەریی زۆری دیتبوون.

لــەو گرتووخانەیــەی کــە کلــوودی تێــدا گیرابــوو، پیاوێـك وەك بەڕێوەبەری هەموو کارگـەکان کـاری خـۆی دەکـرد. ئـەو پیـاوە لـەو جـۆرە کارمەندانـە بـوو، کـە دەتگـوت ئـەوە ڕێـك بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروباری بەندییەکان دروستکراوە. ئەو پیاوە کە هـەم بەندیـەوانی و هەم بازرگانی دەزانـی، سروشـتێکی سـەیری هـەبوو، کـە لـە هـەمان کاتدا بڕیاری بەسەر بەندییـەکان دا دەدا و هـەم ژەهـرە بـە قورگیـدا دەکردن. هەم بڕیار بەدەست بوو و هەم زنجیریشی لە پـێ دەکـردن. ئـەم پیـاوە خـووی خراپـی هـەبوو. پیـاوێکی قـەد و باڵـا کـورت و

دیکتاتۆر و خۆبەگەورەزان و بەسەر خودی خۆیشیدا زاڵ نـەبوو. لـە لایەك وەك هاوڕێیەکی ڕووخۆش و میهرەبان و جوامێر و قسە خـۆش بوو، تەناتەت لوتف و خۆشەویستیی بە گاڵتە دەردەبڕی. لە ڕاستیدا پیاوێکی تونـد و سـەختگیر بـوو، بـەڵام جـددی و بـە ئـیرادە نـەبوو. لەگەڵ هیچ کەس گفتوگۆ و بەربەرەکانێی نەدەکرد و بـەڵکوو لەگـەڵ خۆیشـی قسـەی نـەدەکرد. بـۆ ژنەکـەی مێردێکـی بـاش و لەگـەڵ منداڵەکانیشی باوکێکی میهرەبان بوو. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ئەرکە، نەك چاکەکاری و بەخشش. بە کورتی و پوختی بەڕێوەبەر، پیاوێکی بـەدخوو و بـەدکردار بـوو، بـەڵام سـتەمکار و کوشـندە نەدەهاتـە بەرچاو. پیاوێك بوو ڕوویەکی وای نەبوو سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. واتە خوو و خدەی لەگەڵ هیچ شتێکدا بەراورد نـەدەکرا تـا جێی کاریگەری بێ. تێکەڵبوونی ئـەو بەشـێك بـوو بـە بـێ هەسـتی و ساردوســـڕی زۆری، کـــە تێکـــەڵبوون لەگـــەڵ هـــیچ فکرێـــك و بیرکردنەوەیـەك نەیـدەهێنا دەنـگ و وەقسـەی نـەدەهێنا و هـیچ دەنگدانەوەیەکی لە خۆیدا نیشان نـەدەدا. ڕقـی ئـەو پیـاوە سـارد و سڕ بوو. تورەییەکی شووم و تراژیدیا و قەڵسبوونەکەی بێ هاتوهاوار بوو. لەو جۆرە کەسانە بوو، کە بەبێ ئەوەی گەرم بن ئاگر دەگرن و پلەی گەرمیی ئەو، یانی سفرە. لە دەستەی ئەو کەسانە بوو، کە بـە زۆری وا هەسـت دەکـەی ئـەو مرۆڤانـە لـە دار دروسـتکراون. لـەو کەسانەی کە لە لایەك گریان گرتووە و لە لایەکیش سارد و سڕ.

هێڵـی ڕاسـتەقینە واتـە هێڵـی دادپەروەرانـە ئەوەیـە کـە لـە

چوارچێوەی ڕەوشتی ئەو کابرایەدا دەبینرا بریتی بوو لە لاساری و کەللەڕەقی. بە هۆی ئەوەی پیاوێکی کەللەڕەق و عیناد بوو، خۆی پێ گەورە بوو و خۆی دێنا ڕیزی ناپلیۆن. بەڵام ئەو نەزانییەی لە هەڵەی ئینکارییەکەیەوە بوو. نەزان بوو، چونکە سەرابی وەك ئاو دەهاتە بەرچاو . زۆرن لەو کەسانەی کە توشی ئەو هەڵەیە دەبن. واتە ئەو کەللەڕەقییەی بە ئیرادە دەزانی و لە جێگەی مۆم ئەستێرەی دەبینی. کاتێك ئەو پیاوە بە هەمان کەللەڕەقەییەوە، کە ناوی لێنابوو((ئیرادە)) توشی کارێکی پوچ و بێکەڵك دەبوو، سەری بەرز دەکردەوە و بێ ئەوەی چاو لە ژێر خۆی و دەوروبەری بکات، ڕاستەوڕاست و پانەوپان(کوێرم هیچ نابێرم) هەموو شتێکی وەپێش خۆ دەدا و کەسی نەدەکردە برای یەکدی هەتا ئەو ئیشە قۆڕەی تەواو دەکرد، ڕانەدەوەستا. سەرکەشییەکی بێهۆش و گەمژەییەکە، کە لە نەزانی و دووڕوویەوە سەرچاوە دەگرێ و لە ڕاستیدا شوێن پێی ئەوە دەگرێتەوە. شوێن پێیەك، کە بە زوویی تەواو نابێ. بە گشتی هەر دەمە و کێشەیەکی تایبەتی یان گشتیمان توش دەبێ. بۆ نموونە خانوویەکمان بەسەردا بڕوخێ و ئێمە بمانەوێ پەی بە کاریگەریی ڕووخانی ئەو بینایە ببەین و بزانین بینای ئەو خانووە چۆن دروستبووە، عادەتەن بەو ئەنجامە دەگەین کە: پیاوێکی کەللەڕەق و لاسار، کە متمانەیەکی بێتامی بە خۆی هەبووە و جگە لە خۆبەگەورەزانین، هیچی دیکەی نەزانیوە و کوێرانە ئەو بینایەی بە کۆتا هێناوە. لە جیهاندا زۆرن لەو ڕووداوانەی کە بە ناوی

قەزاوقەدەر و کاری نەزانانـە و ئینکـاری و کەللەڕەقییـەوە بـە نـاوی ((قــەدەر)) و بــە نــاوی ((دەســتی خوایی))یــەوە نــاو بــراون و زۆر ڕوودەدەن. هــەر بــەو شــێوەیە بــوو خــوو و ڕەوشــتی بەڕێوەبــەری کارگەکانی ناوەندی گرتووخانەی کۆلڕوو. ئەو جـۆرە شـریقەیە بـوو، کە هەموو ڕۆژ بەسـەری زینـدانیانیان دەکێشـا تـا شـریقەیەکی لێـوە بێ. هەڵبەت ئەو دەنگەی کە لەو چەرخە دەهات کاتێـك لـە بـەردیان ڕادەکێشا، بە زۆری ئاگری لێ هەڵدەستا.

گوتمان هەر کە کلۆدی سەرگەردان گەیشـتە ناونـدی گرتووخانـەی کۆلڕوو، لە یەکێك لە کارگـەکان کەوتـە ئـیش و ژمـارەی تایبـەت بـە خۆی وەرگرت. بەڕێوەبەری گرتووخانە لەگەڵ کلۆد پێك ئاشنا بـوون و ئەوی وەك کرێکـارێکی وشـیار و جـددی هاتـە بەرچـاو و سوپاسـی کـرد و میهرەبـانی و سـۆزی بەرامبـەر نوانـد. هـەتا ڕۆژێـك لەوپـەڕی گەرموگوڕی ئیشدا بـوو، کـە کلـۆدی غـەمگین و ڕاڕا دیـت و هۆکـاری ئەوەی لە کلۆد پرسی.

کلۆد بە زۆری دەچـۆ نێـو دەریـای بیرکردنـەوە و ئـەو ڕۆژەش لـە فکـری کچـێکی جوانـدا بـوو، کـە ئـەوی نـاو نـابوو((ژن))ی خـۆی. بەڕێوەبەریش هەر بۆ خۆشی و گاڵتەوگەپ و بۆ ئەوەی سوکنایی بـە دڵی کلۆد بێنێ و ئەو ژنە لە خەیاڵی کلۆد وەدەرنـێ، پێـی گـوت کـە کچـی فـەقیر بۆتـە سـۆزانی و بۆتـە ژنـی خـەڵکی. کلـۆد بـە ساردی پرسـیاری منداڵەکـەی خـۆی کـرد، بـەڵام بەڕێوەبـەر هـیچ ئاگـای لـە چارەنووسی ئەو منداڵە نەبوو.

کلۆد لـە مـاوەی چـەند مانگێکـدا خـوی بـە گرتووخانـەوە گـرت. دەتگوت ئەوجار بیر لە کەس ناکاتـەوە و بـەڵکوو خۆشـی و ئـارامیی خۆی بە قوربانی سەنگینی و هێمنی، کە خـوو و ڕەوشـتی تایبـەتیی ئەو بوو، کردووە و پەردەی بە هەموو یادگارییـە شـیرین و تاڵەکانـدا داداوە.

هەڵبەت لە هـەمان مـاوەدا کلۆد زاڵبـوونێکی زیـاتر و تایبـەتیتری بەسەر زیندانیانـەوە پێـوە دیـار بـوو. دەتگـوت هـەموویان بـە پێـی فەرمانێکی شاراوە و بێ ئەوەی کە هیچ کەس و هەتا کلۆدیش هـۆی ئەوە بزانێ، لە فەرمانی ئەو لایان نەدەدا و پرس و ڕایان پێ دەکرد. قسـەکانیان بـە دڵ و گـوێ دەبیسـت. چـەپڵەیان بـۆ لـێ دەدا و ستایشیان دەکرد و لاسای هەڵسوکەوتەکەیان دەکـردەوە. وەکچۆن دەزانــین کــە، لاســاییکردنەوە بــەرزترین پلــەی ئیمــان و بــاوەڕ بەخۆبوونـە. هـیچ شـانازییەك لـەوە گـەورەتر نییـە، کـە کەسـێکی فەرمانپێکراو و فەرماندەر، ماوەیـەك سـەرکەش بـێ و لـە فـەرمان لا بدات. کلۆد بێ ئەوەی کە بیر لە بەدەستهێنانی بکاتەوە یـان هـەوڵی بـۆ بـدات، ئـەو هێـز و دەسـەڵاتەی بەدەسـتهێنابوو. هۆکـاری ئـەو زاڵبوونە لە ڕاستیدا، هەمان نیگای کوشندە و بەهرەی ئەو بوو. مرۆڤ چەندە چاوی لەسەر کون و کەلەبری ماڵییە، تـا لەوپەڕیـەوە بتـوانێ ئەو فکرەی کە لە مێکشی دایە، بپڕژێنێ و ببینێ.

ئێوە هەر بۆ تاقیکردنەوە وەرن، پیاوێکی ڕۆشـنبیر دانیشـێنن لـە کن ئەو پیاوانەی، کە مێشکیان بەتاڵە لە هەموو بیرێك، دەیبینـی لـە

ماوەیەکی کەمدا بە گوێرەی قانوونێکی سەیر بێ توانایی و ناتەواویی ئەو مێشکە تاریکانە چۆن سادە و ساکار و بە پەرستن و شەیداییەوە، بە دەوری ئەو مێشکە بریقەدارەدا دەسوڕێنەوە و تەواف بە دەوریدا دەکەن. لە جیهاندا هەندێك مرۆڤ هەنە ئاسنن و هەندێکیش موگناتیسن، کلۆد موگناتیس بوو.

بەهەرحاڵ لەوەی کە ڕۆیشت، کلۆد لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگ، ببوو بە پەروەردەی عەقڵی ئەو کارگەیە. تەواوی زیندانییان وەکوو میلێك بوون، کە لەسەر لاپەڕەی ڕوحی ئەو دەڕۆیشتن. بۆ خۆیشی هەندێ جار بە گومان بوو لەوەی کە، ئایا (شا)یە یان زیندانی؟ دەتگوت پاپای گەورەیە و لەگەڵ یاوەرانی کەوتۆتە گرتووخانە.

کلۆد بە هۆی کاردانەوە سروشتییەکەی، کە لە هەموو هەڵسوکەوتەکانیدا ڕەنگی دابۆوە، بوو بە خۆشەویستیی بەندییەکان و هەڵاتنی بەندکراوەکانی لە ئەستۆ دابوو. ئەو یاسایەش شاز نەبوو، بەڵکوو هەر وا بووە و هەر واش دەبێ. کەسێك کە ببێتە مایەی سەرنجی خەڵکی دەبێ ڕق و کینەی دوژمنان وەلا بنێ و عیشق و وەفاداری لەوانەی خوار خۆی بێنێتەدی.

کلۆدی سەرگەردان زۆرخۆرێکی سەیر بوو. ئەو زۆرخۆرییە بە یەکێك لە سیفاتە هەرە نایابەکانی ڕێکخەری جەستەی (ئۆرگانیزم)ی ئەو دەهاتە ئەژمار. بینای گەدەی وا بوو، کە خواردنی دوو کەسی ئاسایی بە زەحمەت بەشی خواردنی ڕۆژانەی دەکرد. مێسیو کۆتا

دیلا[1] یەکێك لە درێژترین پێوانەییەکانی ئیسپانیاش هەمان ئیشتیهای هەبوو و لە خۆشی و پێکەنینیان هەڵدەپەڕی و هەر ئەو زۆرخۆرییە بوو بە پێوانە بۆی و لەگەڵ یەك دونیا سەروەت و پێنج سەد هەزار سەر مەڕ مایەی خۆشحاڵی و دڵخۆشیی ئەو بوون، بەڵام بۆ کرێکارێکی فەقیر، بارگرانیی ژیانە و بۆ بەندییەکی بێ لانە، بەدبەختی و دەردەسەری.

کلۆدی سەرگەردان کاتێك ئازاد بوو و لە ماڵە خراپەکەی خۆیدا دەژیا، هەموو ڕۆژێ ئیشی دەکرد و چوار (لیور) نانی پەیدا دەکرد و دیخوارد. بەڵام لە گرتووخانەدا، بەو هەموو ئیشەی دەیکرد، یەك (لیور) و نیو نان و کەمێك بەشەگۆشت زیاتری نەبوو و ئەو بەشە بێ بایەخەش، لە بێ ڕەحمی و بێ بەزەیی ئەوانەی سەر خۆیەوە بوو. هەر بۆیە دایمە کلۆدی سەرگەردان لە ناوەندی گرتووخانەی کۆڵروو برسی بوو.

کلۆد لە گرتووخانەدا، جگە لە برسێتی کێشەیەکی دیکەی نەبوو و ئەو کێشەیەشی لەگەڵ کەس باس نەدەکرد، چونکە ئەو خووەشی یەکێك لە سیفاتە جوانەکانی ئەو دەهاتە ئەژمار.

ڕۆژێك کە کلۆد لە خواردنی بەشی خۆی ئارامی و ئاسوودەیی وەرگرت، پێچەوانەی بەندییەکان کە کاتی پشوو بوو و پێدەکەنین و قسەیان دەکرد، ئەو دیسان خۆی سەرقاڵی ئیش کرد. فەقیرە پێی

[1] M. de Cotadilla

وا بوو کە برسێتییەکەی بە هۆی ئیشەوە لە بیر دەچێتەوە. ئیدی بەندییەکانیش دەیانخوارد و پێدەکەنین. لەو نێوەدا کوڕێکی گەنج بە ڕوخسارێکی سپی و مات و بەژن و باڵایەکی باریك و لاواز لە کلۆد نزیك بۆوە و لە لای ڕاوەستا. ئەو پیاوە، بەشی خۆی کە هێشتا دەستی لێ نەدابوو بە چەقۆیەکەوە، کە لە دەستی دابوو، ڕاوەستابوو. کرێکارە گەنجەکە لە نزیك کلۆد ڕاوەستا، دەتگوت دەیەوێ شتێك بە کلۆد بڵێ، بەڵام جورئەتی نەدەکرد. حاڵی ئەو گەنجە بەو پارچە گۆشتەی، کە لە دەستی دا بوو و بەو بێدەنگییەی کە هەڵیبژاردبوو، کلۆدی وەڕەس کردبوو. بۆیە لەناکاو ڕووی تێکرد و گوتی:

- چت دەوێ؟

کوڕەگەنجەکە بە ئەدەب و ڕێزەوە گوتی:

= دەمەوێ یارمەتیم بدەی.

کلۆد بیرێکی کردەوە و پرسی:

- چ یارمەتییەك؟

کوڕەگەنجەکە گوتی:

= بەشی من لە من زیادە، حەز دەکەم لە خواردنی یارمەتیم بدەی.

فرمێسك لە چاوە بەفیزەکانی کلۆد قەتیس مابوون، کە چەقووەکەی هەڵگرت و بەشی کوڕەگەنجەکەی کردە دوو بەشی یەکسانەوە و بەشێکی هەڵگرت و دەستی بە خواردن کرد.

کوڕە گەنجەکە سوپاسی کرد و گوتی:

= ئەگەر حەز بکەی من ئامادەم هەموو ڕۆژێ بەشی خۆم لەگەڵ تۆ بەش بکەم.

کلۆدی سەرگەردان پرسی:

- نێوت چییە؟

کوڕە گەنجەکە گوتی:

= ناوی من ئاڵبینە[1].

کلۆد پرسی:

- تۆ بۆ گیراوی؟

ئاڵبین گوتی:

= دزیم کردووە.

کلۆد گوتی:

- منیش دزیم کردووە.

هەموو ڕۆژێ ئاڵبین بەم شێوەیە بەشی خۆی لەگەڵ کلۆد بەش دەکرد. کلۆد پیاوێکی سی و شەش ساڵە بوو، بەڵام زۆر جار ئەوەندەی بیردەکردەوە وا دەردەکەوت پەنجا ساڵ بێ. ئاڵبین بیست ساڵی تەواوکردبوو، بەڵام ئەوەندە پاکی و سادەیی و ڕاستگۆیی پێوە دیار بوو، دەتگوت حەڤدە ساڵانە. پەیوەندییەکی باشی هاوڕێیەتی لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا دروستبوو، بەڵام ئەو

[1] Albin

پەیوەندییــە وەك هاوڕێیــەتی نــەبوو، بــەڵکوو پەیوەندییــەکی وەك سۆزی باوك بۆ کوڕ بوو. ئاڵبین کە منداڵێك زیاتر نەبوو، بـەڵام کلـۆد وەك پیرەمێردێك دەهاتە بەرچاو.

ئەو دوو هاوڕێیە هەردووك لە یەك کارگە کاریان دەکرد. هــەردووك لــە ژێــر یــەك بنمیچــدا دەنووســتن. هــەردووك لــە یــەك گۆڕەپــان دەحەسانەوە و ســەرەنجام هــەردووك پارچــەیەك نانیــان دەخــوارد. هەر یەکە و دنیایەك بوون بۆ یەکدی و وا پێدەچوو کە هەردووك شاد و بەختەوەرن.

ئێمە پێشتر باسی بەڕێوەبەری کارەگـەکانی گرتووخانـەمان کـرد. ئەو پیاوە لەبەرئەوەی ئیشـی بێسەروشـوێنکردنی بەندییـەکان بـوو، زۆر جـار ناچـار دەبـوو بـۆ ڕازیکردنیـان، پـەنا بـۆ کلـۆد ببـات، کـە خۆشەویست و لایەنگری هەمووان بوو و ناچار بوو داوای یارمەتی لەو بکات. زۆر جار هەبووە بۆ ڕێگریکردن لە یاخیبوون، یان قـەرەباڵغیی بەندییــەکان، پــەنا بــۆ کلــۆد ببــەن، چــونکە قســەی ئــەو لــە هــی بەڕێوەبــەریش کاریگــەرتر بــوو. لــە ڕاســتیدا بــۆ گواســتنەوەی بەندییەکان دە قسەی کلۆد لە دە پۆلیس زیاتر کاریگەریی هەبووە و ئەو خزمەتەی بە بەڕێوەبەری گرتووخانە کردبوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو بەڕێوەبەر بە دڵ و بە گیان ڕقی لە کلـۆد دەبـۆوە و حەسـوودی بەو دزە بەهێزە دەبرد.

لە قوڵایی دڵـی ئـەودا ڕقێکـی دووانـە بـە نهێنـی لـە حەسـادەت و بێڕەحمی بەرامبەر کلۆد دروستببوو. ئەو ڕقەی کـە فەرمانڕەوایـەکی

نەریتخواز بەرامبەر بە دادوەرێکی ڕاستەقینە هەیەتی. ئەو ڕقەی کە هێزی ماددی و مەعنەویی لە بەرامبەر سوڵتە و کاریگەریی ڕوحی و مەعنەوی لە دڵدا چەکەرە دەکات. جا ئەوە خراپترینی ڕقە.

کلۆد وا بە گەرمی ئالبینی خۆشدەویست، کە هیچ گرنگی بە بەڕێوەبەری گرتووخانە نەدەدا.

بەیانیی ڕۆژێك، کە هەموو تاوانباران دوو بە دوو لە ژووری نووستن ڕا دەچوون بۆ کارگە، یەکێك لە بەندییەوانەکان بانگی ئالبینی کرد، کە لەگەڵ کلۆد پێکەوە دەڕۆیشتن و پێی گوت کە بەڕێوەبەری گرتووخانە داوای کردووە.

کلۆد لە هاوڕێکەی پرسی:

- کاری بە تۆ چییە؟

ئالبین گوتی:

= نازانم.

بەندییەوان ئالبینی لەگەڵ خۆی برد.

بەیانیی ئەو ڕۆژە تێپەڕی و ئالبین نەگەڕایەوە کارگە. کلۆد بیریکردەوە، کە لە سەرەسەعاتی پێدانی خواردن لە حەوشەی گرتووخانە ئەو دەبینێ، بەڵام لەو سەعاتەشدا ئالبین دیار نەبوو. دوای پێدانی نیوەڕوان بەندییەکان گەڕانەوە کارگە و بەڵام دیسان ئالبین نەهاتبوو. ئەو ڕۆژە بە چاوەڕوانی تێپەڕی. شەو کاتێك بەندییەکان گەڕانەوە بۆ ژووری نووستن، کلۆد چاوی بۆ ئالبین گێڕا، بەڵام سۆراغێك لە ئالبین نەبوو. دەتگوت کلۆد تووشی خەم و

دەردەسەرییەکی بێوێنە بووە و لەبەر ئـەوەی کـەمتر قسـەی لەگـەڵ بەندییەکان دەکرد، ڕووی لە یەکێك کرد و پرسی:

ـ چما ئاڵبین نەخۆشە...؟

بەندییەوان گوتی:

= نەخێر!

کلۆد زیاتر تێکچوو و پرسی:

ـ ئەدی بۆچی تا ئێستا خەبەرێکی نییە؟

بەندییەوانەکە بە خوێنساردییەکی تەواوەوە گوتی:

= لەبەرئەوەی ئەویان گواستۆتەوە گرتووخانەیەکی دیکە.

شایەتحاڵەکان، کـە دواتـر باسـەکەیان گێڕایـەوە ئاماژەیـان بـەوە کرد، کە کلۆد گوێی لەو وڵامە بووە، ئەو مۆمەی کـە بـە دەسـتیەوە بووە، بە هێمنی لەرزی و لەگەڵ ئەوەشدا بە خوێنساردییەوە پرسی:

ـ کێ بڕیارێکی ئاوای دەرکردووە؟

بەندییەوان گوتی:

= بەڕێز د.

ناوی بەڕێوەبەری کارگەکانی گرتووخانە بەڕێز ((د))ی بوو.

سبەی ئەو رۆژە، وەك رۆژی پێشتر بۆ کلوود بێ ئاڵبین گوزەرا.

شەوانە. دوای تەواوبوونی کار، بـەڕێز د. بەڕێوەبـەری گرتووخانـە وەك هەمیشە و بۆ سەردان هات بۆ کارگە. کلۆد هەر کە لـە دوورەوە چاوی پێ کەوت، دەسڕی ئارەقە خورییەکەی لە سـەر هێنـا خـوار و قۆپچەی چاکەتە ڕەنـگ خۆڵەمێشـییەکەی داخسـت، کـە جلوبـەرگی

شـوومی گرتووخانـه بـوو. چـەند ڕێسـایەکی جـوانی بەندیانـە، ئـەو کۆتەی کە قۆپچەی باش و ڕێك بەستبن، دەبێتـە هـۆی خۆشـحاڵی و ڕازیبوونی دەستەڵاتداران. جارێك کلـۆد ئـەو ڕێسـایەی تـاقیکردەوە. دەسڕەکەی بە دەستیەوە گرت و لە تەنیشت شوێنی مانەوەی خۆی لە چاوەڕوانیی بەڕێوەبەردا، وەك هەواڵپێدەرێك ڕاوەستا. بەڕێوەبـەر دەهاتە پێش و لێی تێپەڕی.

کلۆد گوتی:

ـ کاکە !

بەڕێوەبەر ڕاوەستا و نیوەی ڕوخساری خۆی وەرگێڕا.

کلۆد پرسی:

ـ کاکـە، ئـەوە ڕاسـتە کـە ئالبینـت گواسـتۆتەوە گرتووخانەیـەکی دیکە؟

بەڕێوەبەر گوتی:

= بەڵێ، ڕاستە.

کلۆد لەسەری ڕۆی و گوتی:

ـ کاکە من بۆ ئەوەی بژیم، پێویستم بە ئالبینە.

دوای هەڵوەستەیەك ئەوجار گوتی:

ـ تۆ دەزانی کە بەشی گرتووخانە بەشی من ناکـا و ئـالبین بەشـی خۆی لەگەڵ من بەش دەکرد.

بەڕێوەبەر گوتی:

= ئـەو فەرمانـە پەیوەندییـەکی بـە منـەوە نییـە. پەیوەنـدیی بـە

خودی ئەوەوە هەیە.

کلۆد پرسی:

ـ کاکە، ڕێگایەك نییە، کە ئاڵبین بۆ ئەو گرتووخانەیە بێننەوە کە منی لێم؟

بەڕێوەبەر گوتی:

= نەخێر، شتی وا نابێ، لەو بارەوەیە بڕیاری یەکلاکەرەوە دراوە.

کلۆد پرسی:

ـ کێ بڕیاری داوە؟

بەڕێوەبەر گوتی:

= من.

کلۆد گوتی:

ـ بەڕێز د، ژیان و مردنی من بەستراوەتەوە بەو بڕیارەوە، ئەویش بەدەست ئێوەیە.

بەڕێوەبەر گوتی:

= من هیچ کات لە بڕیاری خۆم پەشیمان نابمەوە.

کلۆد پرسی:

ـ کاکە، چما ئەمن خراپەیەکم بەرامبەر ئێوە کردووە؟ چیم کردووە؟

بەڕێوەبەر گوتی:

= هیچ.

کلۆد گوتی:

ـ کەوایە بۆچی منت لە ئالْبین جیاکردۆتەوە؟

بەڕێوەبەر گوتی:

= لەبەر ئەوەی حەزم لێ بوو.

بەڕێوەبەر دوای وڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە، وەڕێکـەوت و لـەوێ دوورکەوتەوە.

کلۆد سەری نەوی کرد و ئیدی هیچی نەگوت. بێدەنگیی ئەو، وەك بێـدەنگیی ئـەو شـێرە وا بـوو، کـە بەچـکەکەیان لـێ جیاکردۆتـەوە. لێرەدا دێینە سەر ئەو خاڵـەی، کـە دەرد و مەینـەتیی جیابوونـەوەی ئالْبین، کاریگەرییەکی وای لەسەر ئـەو بەندییـە تێـر و بـە ئیشـتیایە نەبوو، بگرە بچووکترین گۆڕانکاریشی لە حـاڵی دا پەیـدا نـەکردووە. کلۆد سەبارەت بە ئالْبین لەگـەڵ هـیچ یـەکێك لـە هاوڕێکـانی قسـەی نەدەکرد و سەعاتی پشوودانیشی بەتەنها لـە حەوشـە بەسـەردەبرد. دیار بوو، کە برسییە و جگە لـە برسـێتی هیچـی دیکـەی پێـوە دیـار نەبوو.

لەم حاڵەدا، ئەو کەسانەی کە زیاتر ئاکاری ئەویان دەناسی، زیاتر هەسـتیان پـێ دەکـرد، کـە تـۆز و خـۆڵێکی لێـڵ لەسـەر ڕوخسـاری پیاوانەی نیشتووە و ئەو حاڵەتە ڕۆژبـەڕۆژ زیـاتر دەبـوو. هـەر بۆیـە هەموو کات بە ئاشکرا و ئارام خۆی پێشان دەدا.

زۆرێـك لـە بەندییـەکان ویسـتیان بەشـی خۆیـانی لەگـەڵ دابـەش بکـەن، بـەڵام ئـەو پەسـندی نـەکردن و بـە پێکـەنینێکی مانـادارەوە داواکەی ڕەت دەکردنەوە.

لەو وەختەی کە کلۆد جوابی نائومێدانەی سەبارەت بە ئـاڵبین لـە بەڕێوەبــەری گرتووخانـــە وەرگرتبـــوو، هـــەموو شـــەوێك توشـــی زنجیرەیـەك کـاری شـێتانە دەبـۆوە، کـە لـە کەسـایەتیی قـورس و سەنگینی ئەو بـەدوور بـوو. هـەموو شـەوێك، کاتێـك بەڕێوەبـەر وەك عادەتی هەمیشەیی دەهاتـە کارگـە و بـە پـێش کلـۆد دا تێدەپـەڕی، کلۆد سەری بەرزدەکردەوە و چاوی دە چاوی دەبڕی، لەو کاتەدا بـە جۆرێك لە توندی و مەراقەوە، کە لە ڕاستیدا هەم ئیهانـە بـوو و هـەم داوا، تەنها ئەو دوو وشەیەی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت:

= ئاڵبین چی لێ هات؟

بەڕێوەبەریش یان ئەسڵەن گوێی لە قسەی ئەو نـەبووە و یـان بـە خوێنساردییەوە شانی بەرزدەکردنەوە و دوور دەکەوتەوە.

ئەو پیاوە بە هۆی ئەو شان بەرزکردنەوەیە تاوانبار بوو و کارێکی باشی نەدەکرد. چونکە بۆ تەواوی ئامادەبووان ئـەوە شـتێکی سـەیر بوو و بۆ هەموویان ڕوون و ئاشکرا بـوو، کـە کلـۆدی سـەرگەردان لـە دڵـی خۆیـدا بڕیـاری کـارێکی ترسـناکی داوە. تـەواوی دانیشـتوانی گرتووخانە بە بێ ئۆقرەیی و پەشـۆکانی تـەواوەوە چاوەڕێی ئـەوە بـوون، ئـەنجامی شـەڕی نێـوان سەرکەشـی و کەللـەڕەقی و بڕیـار و ئیرادە ببینن.

هـەموو شـاهید بـوون، کـە کلـۆد دوای چـەند جـار بیرخسـتنەوە، جارێك بە بەڕێوەبەری گوت:

= گوێ بگرن کاکـە، هـاوڕێی خـۆم بـۆ بگەڕێنـەوە و بزانـە ئـەگـەر

داواكەی منت قبوڵ كرد، ئەوا كارێكی باشت كردووە. لە بیرتان بێ كە من خەریكە بە ئێوەی دەڵێم.

جارێكی دیكە، ڕۆژی یەكشەممە ئەو كاتەی كە كلۆد لە حەوشەی گرتووخانە لەسەر بەردێك دانیشتبوو و دەستی لە ئەژنۆیان وەرهێنابوو و سەری خستبۆ نێو دەستانی و چەند سەعاتێك ئاوا لە بیركردنەوە و لەو حاڵەدا مابۆوە. یەكێك لە تاوانبارەكان بە ناوی فایەت[1] لێی نزیك بۆوە و بە پێكەنین و هاتوهاوار لەسەركردنەوە گوتی:

- هاا، شەیتان، ئەوە چ دەكەی؟

كلۆد سەرە سەنگین و پیاوانەكەی بە هیمنی بەرزكردەوە و گوتی:

= خەریكم كەسێك دادگایی دەكەم.

هەرچۆنێك بێ، شەوی ٢٥ی ئۆكتۆبەری ١٨٣١، ئەو كاتەی كە بەڕێوەبەر وەك خووی هەمیشەیی خۆی سەری لە كارگە دەدا، كلۆد ئەو شووشە سەعاتەی كە لە ڕێرەوەكە دیتبوویەوە، بە عەردی دادا و لەبەر پێیاندا ورد و خاش بوو. شكاندنی ئەو شووشەیە لە كارگەدا دەنگی دایەوە. بەڕێوەبەر پرسی ئەو دەنگە لە كوێوە بوو؟

كلۆد خێرا گوتی:

= هیچی وا نییە كاكە، من بووم. تكا دەكەم ئاڵبینم بۆ بگێڕەوە!

[1] Faillette

هاوڕێی خۆمم بدەنەوە !

بەڕێوەبەر گوتی:

ـ بە هیچ شێوەیەك شتی وا نابێ!

کلۆد بە هێمنی و لەسەرەخۆ گوتی:

= هەرچۆنێك بێ، پێویستە ئالبێن بگەڕێنیەوە.

لەبەر ئەوەی زەق زەق لە چاوی بەڕێوەبەر ڕامابوو، بەردەوام بوو لە قسە و گوتی:

= چاك بیربکرەوە ! ئەمڕۆ ٢٥ی ئۆکتۆبەرە. من تا چواری نۆڤەمبەر مۆڵەتت دەدەمێ.

یەکێك لە بەندییەوانەکان بە بەڕێز د ی گوت کە کلۆد ئیهانەی دەکات و سزای ئەو تاوانەشی زیندانی تاکەکەسییە.

بەڕێوەبەر بە خەندەیەکی ڕقاوییەوە گوتی:

ـ نەخێر، نەخێر، پێویست بە زیندانی تاکەکەسی ناکا، دەبێ لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە هەڵکەین.

بەیانیی ئەو ڕۆژە، کاتێك کە بەندییەکان لە گۆشەیەکی حەوشە لەبەر هەتاو دانیشتبوون و سەرقاڵی یاری و هەڵبەز و دابەز بوون، کلۆد لە گۆشەیەکی دیکەوە تاك و تەنیا، بە دڵتەنگییەوە لە فکران ڕۆچووبوو، کە یەکێك لە تاوانباران بە ناوی پێرنۆ[١] لێی نیزك بۆوە و گوتی:

---

[١] Pernot

ـ هاا، كلۆد، بیر له‌ چی ده‌كه‌یه‌وه‌؟ وا پێده‌چیٚ زۆر دلْته‌نگ بی.

كلۆد گوتی:

= بیر له‌وه‌ ده‌كه‌مه‌وه‌، كه‌ نه‌كا ڕووداوێكی نه‌خوازراو به‌سه‌ر به‌ڕێز د ی میهره‌بان بێت.

له‌ ٢٥ی ئۆكتۆبه‌ره‌وه‌ تا چواری نۆڤه‌مبه‌ر نۆ ڕۆژی به‌ینه‌. له‌ ته‌واوی ئه‌و ماوه‌یه‌دا ڕۆژ نه‌بوو، كه‌ به‌ڕێوه‌به‌ری گرتووخانه‌ به‌وێدا تێنه‌په‌ڕیٚ و كلۆد باسی جیابوونه‌وه‌كه‌ی ئالْبین و خۆی بۆ نه‌كات و حالٚ و وه‌زعی خۆی پیٚ نه‌لْیٚ. به‌ڕێوه‌به‌ر له‌و هه‌موو داوا و بیرخستنه‌وه‌یه‌، كه‌ به‌ ئیهانه‌ی ده‌زانی، ماندوو بوو و هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ش بۆ ماوه‌ی بیست و چوار سه‌عات كلْۆدی خسته‌ زیندانی تاكه‌كه‌سییه‌وه‌. كلْۆدی بێچاره‌ له‌و هه‌موو داواكردن و بیرخستنه‌وه‌یه‌، جگه‌ له‌مه‌ هیچی دیكه‌ی نه‌دیت.

ڕۆژی چواری نۆڤه‌مبه‌ر گه‌یشت، كلۆد به‌ قه‌د و قیافه‌یه‌كی چالاك و هێمن له‌ خه‌و هه‌ستا. له‌و ڕۆژه‌وه‌ی كه‌ ئالْبینی لیٚ جیاكرابۆوه‌، تا ئێستا كه‌سی وه‌ك ئه‌و نه‌دیبوو. كلۆد هه‌ر كه‌ له‌ خه‌و هه‌ستا، بۆ ئه‌و سندووقه‌ گه‌ڕا، كه‌ له‌ ته‌خته‌یه‌كی سپیی دروستكرابوو بۆ هه‌لْگرتنی پێداویستییه‌كانی. كلْۆد له‌و ((سندوقه‌))دا مه‌قه‌ستێك و كتێبێكی دڕاو له‌ نووسینی ژان ژاك ڕۆسۆ[1]ی به‌ ناوی ئیمیل[2] ده‌رهێنا. ئه‌و مه‌قه‌سته‌ ته‌نها یادگاریی بوو، كه‌ له‌ خێزانه‌ ئازیزه‌كه‌ی، واته‌ دایكی

---

[1] نووسه‌ر و فه‌یله‌سووفی ناوداری فه‌ڕه‌نسا

[2] Emile

منـدالآنی بـۆیی بـەجێمابوو. تـا ئێسـتاش فـەقیر، بـەڵام خێزانێکـی کامـەرانی وەبـیر دێنایـەوە. ئـەو دوو شـتە هـیچ بەکـەڵکی کلـۆد نەدەهاتن. چونکە مەقەست تەنها بەکەڵك ئیشی ژنان دێ و کتێبـیش بـۆ خوێنـدەواران. لـە کاتێکـدا کلـۆد نـە خـەیاتی دەزانـی و نـە خوێندنەوە و نووسینیش.

لـەو نێوانـەدا کلـۆد بـە تەنیشـت کارگەیـەکی سەرداپۆشـراوی خرابوودا ڕۆیشت، کە تازە بـە گـەچ سـپی کرابـوو و تایبـەت بـوو بـە پەناگەی بەندییەکان لە وەرزی زستاندا. لە کاتی تێپەڕبوون بەوێـدا، چـاوی بـە یـەکێك لـە تاوانبـاران کـەوت بـە نـاوی فـەراری[١] کـە بـە دیقەتێکی تەواوە سـەیری میلـە ئاسـنەکان و بەشـێك لـە پەنجـەرەی گرتووخانـەی دەکـرد. کلۆد، ئـەو مەقەسـتەی بـە دەسـتیەوە بـوو، پێشانی ((فەراری))ی دا و گوتی:

= من ئەمشەو بەم مەقەستە ئەو میلانە دەبڕم.

فـەراری کـە دەیزانـی کلـۆد گاڵتـە دەکـات، بـە قاقـا پێکـەنی و کلۆدیشی وەپێکەنین هێنا.

بـەیانیی ئـەو ڕۆژە، کلـۆد لـە هـەموو کـات زیـاتر گـەرموگوڕتر و جددیتر کاری دەکرد و لە هەموو ڕۆژان زووتر ئیشەکەی خـۆی تـەواو کرد. چونکە هیچ ڕۆژێك ئاوا بە زوویی و بە باشی کاری نەکردبوو. لە بەیانی ئەو ڕۆژەڕا بە حـەز و دڵسـۆزییەکی تـەواوەوە و بـەو کوڵـاوە

---

[١] Ferrari

حەسیرەی کە نەجیبزادەیەکی شاری ترۆی[1] بە ناوی بەڕێز برەسی[2] پێی دابوو و پێشتر پارەکەی دابوو، ئیشەکەی بە کۆتا هێنا.

کلۆد کەمێك پێش نیوەڕۆ، بە بەهانەی شتێکەوە، چوو بۆ کارگەی دارتاشی کە لە قاتی یەکەم و لە ژێر کارگەکەی خۆیاندا بوو شۆڕ بۆوە. کلۆد لەوێش کەسایەتیی تایبەت بە خۆی هەبوو و هەواداریێکی زۆری هەبوو و زۆر ڕێزیان دەگرت و خۆشیاندەویست، بەڵام کەمتر ڕێکدەکەوت بچێتە لایان، هەر بۆیە کاتێك ئەویان دیت، یەك دەنگ گوتیان:

ـ سەیرە کوڕینە! کلۆد هاتووە!

کرێکارەکان وەك پەپولە لە دەوری کۆبوونەوە. دەتگوت دیتنی ئەو لە کارگەی خۆیاندا وەك جەژنێکی گەورە وا بوو. کلۆد نیگایەکی خێرای بە ژوورەکەدا گێڕا. هیچ یەکێك لە ئێشکگرەکان و ئەفسەرانی گرتووخانە دیار نەبوون.

کلۆد پرسی:

= کێ ئامادەیە ئەمڕۆ تەورەکەی خۆی بە من بدات؟

پرسیان:

ـ تەورت بۆ چییە؟

کلۆد گوتی:

= دەمەوێ ئەمشەو بەڕێوەبەری کارگەکان بکوژم.

---

[1] Troys
[2] M. Bressier

خێرا ژمارەیەکی زۆر تەوریان بۆ ڕاگرت، تا هەر کامێکی دەویٚ، هەڵیبژێرێت. کلۆد ئەو تەورەی هەڵبژارد، کە لە هەموویان بچووکتر و تیژتر بوو و لە باخەڵی پانتۆڵەکەی خۆیدا شاردییەوە و چۆ دەریٚ. لە کارگەی دارتاشیدا بیست و حەوت کەس کاریان دەکرد. کلۆد بە هیچ یەکێکیانی نەگوت کە ئەو نهێنییە بپارێزێت و بگرە هەموویان وەك نهێنیی خۆیان پاراستیان و هەتا لە نێو خۆشیاندا باسیان نەکردەوە.

هەر یەکە لە کرێکارەکان چاوەڕێی دەرەنجامی ئەو کارە بوون. کارێکی زۆر ترسێنەر و لە هەمان کاتدا ڕوون و ئاشکرا بوو و هیچ پێچ و پەنا و شڵەژانێکی پێوە دیار نەبوو، چونکە کلۆد نە ئامۆژگاریی کەسی وەردەگرت و نە لە بڕیاری خۆی پەشیمان دەبۆوە.

سەعاتێك دواتر، کلۆد لە تاوانبارێك نزیك بۆوە، کە شازدە ساڵ دەبوو و لە گۆشەیەکی گرتووخانە لە بێکارییان باوێشکی دەدا. کلۆد ئامۆژگاریی کرد، کە نووسین و خوێندنەوە فێر ببێت. لەو کاتەدا یەکێك لە بەندییەکان بە ناوی فایەت لێی نزیك بۆوە و تەماشای باخەڵی پانتۆڵەکەی کرد و گوتی:

ـ هاا شەیتان، ئەوە چییە کە لە باخەڵتدا شاردووتەوە؟

کلۆد گوتی:

= تەورە، دەمەویٚ ئەمشەو بەڕێز د ی پیٚ بکوژم.

دواتر بیٚ وەستان پرسی:

= بۆ؟ دیاره؟

فایەت گوتی:

ـ بەڵێ، کەمێك دیاره.

باقی سەعاتەکانی دیکەی ڕۆژ بە شێوەیەکی ئاسایی تێپەڕین. سەعات حەوتی شەو، هەر دەستەیەك لە کرێکاران لە کارگەی خۆیاندا کۆبوونەوە. ئێشکگرەکان دیسان وەك عادەتی هەمیشەیی چوونە دەرێ، تا دووباره دوای سەرکێشیی بەڕێوەبەر بگەڕێنەوە.

کلۆدی سەرگەردانیش وەك تەواوی هاوڕێکانی دیکەی لە کارگەدا مایەوە.

ئەو شەوە لەو کارگەیەدا دیمەنێکی نایاب ڕووی دا. دیمەنێك لێوانلێو لە گەروەیی و نەفرەت، دیمەنێك، کەتا ئێستا هیچ مێژوویەك نیتوانیوە ڕووداوێکی ئاوا بنووسێتەوە یان تۆماری بکات.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەی کە دواتر لێکۆڵەری ڕووداوەکە دەریخست کە لەو شەوەدا بە کلۆدەوە، هەشتا و دوو دز لەو کارگەیەدا بوونە.

دەڵێن هەر کە لێکۆڵەران و ئێشکگرەکان ژووری گرتووخانەیان بەجێهێشت و کرێکارەکانیان بەتەنێ هێشتنەوە، لەناکاو کلۆد لە شوێنی خۆی هەستا و ڕایگەیاندووە، کە دەیەوێ چەند قسەیەك لەگەڵ هاوڕێکانی بکات. بێدەنگی باڵی بەسەر کارگەدا کێشا. کلۆد بە دەنگی بەرزەوە دەستی کرد بە قسەکردن:

= ئێوە هەمووتان دەزانن کە ئالبین دۆستی من بوو. ئەو

بەشەگۆشتەی کە لەم گرتووخانەیە بە منی دەدەن، تێرم ناکات و بە هۆی ئەو پارەیەی کە بە دەستی خۆم پەیدای دەکەم نانی زیادیشی پێ دەکڕم و هێشتا هەر برسی دەمێنمەوە. ئالبێن هەموو ڕۆژ بەشەگۆشتی خۆی لەگەڵ من بەش دەکرد. سەرەتای پەیوەندیی ئێمە لەوەوە بوو، کە ئەو خواردنی بە من دەدا و دواتر لەسەر ئەوە بوو کە منی خۆشدەویست. بەڕێز د، بەڕێوەبەری گرتووخانە ئێمەی لێك جیاکردینەوە، لە کاتێکدا کە پێکەوەبوونی ئێمە هیچ زەرەر و زیانێکی بەو نەدەگەیاند. ئەو بەڕێوەبەرە پیاوێکی بەدە، کە تام و چێژ لە ئازاری ئەوانی دی وەردەگرێ. ئێوە ئاگادارن کە چەندین جار من داوام لێ کردووە تا ئالبێن بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو هیچ ئاوڕی لێ نەدامەوە. من تا چواری مانگی نۆڤەمبەر مۆڵەتم پێی دا، کە بەڵکوو دۆستەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو لەسەر ئەو بابەتە منی خستە بەندینخانەی تاکەکەسییەوە. ناچار من لەو ماوەیەدا ئەوم لەبەردەم ویژدانی خۆمدا لێپرسینەوەم لەگەڵ کرد و بڕیاری کوشتنم دا. ئەمڕۆ ڕێك چواری نۆڤەمبەرە و بەڕێوەبەر تا دوو سەعاتی دیکە بۆ سەردانیگردنی ئاسایی خۆی دێتە ئێرە. من بە هەمووتانی ڕادەگەیەنم کە بە جددی بڕیاری کوشتنیم داوە. ئایا لە نێو ئێوەدا کەس هەیە دژی ئەو بڕیارە بێ؟

ئامادەبووان هەموو بێدەنگییان هەڵبژارد.

کلۆد دیسان دەستی بە قسە کردەوە. بە شێوەیەك، کە دەڵێی قسەکانی لەوپەڕی ڕەوانبێژی و بەلاغەتەوە و لەوپەڕی پاکی و

بێگەردیی دەروونییەوە بوون.

کلۆد بۆ خۆی دانی بەوە دادەنا، کە ئەو کارەی ئەوشەو دەیکات کارێکی نەشیاو و پیسە، بەڵام باوەڕی وا بوو کە لەو بوارەدا بێتاوانە. کلۆد بۆ پاساوی بڕیاری خۆی، شایەتیی هەشتا و یەك دزی بەویژدانی وەرگرت، کە گوێیان بۆ قسەکانی ئەو ڕاگتبوو و زیاتر کەوتە باسکردن کە:

= یەکەم، بابەتەکە گەیشتۆتە شوێنێکی هەستیار.

دووەم، مرۆڤ لە زۆر شوێن، لە دەریای ژیاندا، دەگاتە گێژاوی وا، کە هاتنە دەر لێی ئەستەمە و کێشەی تۆڵەسەندنەوەی تایبەتیش لەو قۆناغەدا، یەکێکە لەو گێژاوانە.

سێیەم، لێستاندنەوەی ژیانی بەڕێوەبەری ستەمکار، بێ ئەوەی کە بۆ خۆی بیەوێ ژیانی خۆی فیدا بکات، ئاسان نییە و چ شتێك لەوە باشتر کە گیانی خۆت لە ڕێگایەکی ڕاست و دادپەروەرانەدا بەخت بکەی.

چوارەم، گرتنەئەستۆی ئەو بڕیارە هەر لە خۆوە و بێ هودە نەبووە و دوو مانگی تەواو، ئەو بابەتەی لە زەیندا تاووتوێکردووە.

پێنجەم، خودی ئەو باوەڕی وایە کە گرتنەئەستۆی بڕیارێکی لەم شێوەیە، لە نەزانی و تووڕەیی و خاڵیکردنەوەی هەست نییە، ئەگەر وایە داوا لە هاوڕێیانی خۆی دەکات کە لەو خەیاڵە پەشیمانی بکەنەوە و بیهێننەوە سەر ڕێگای ڕاست.

شەشەم، لە قوڵایی دڵەوە ئامادەیە لە بەرامبەر هۆکاری ڕاستتر و

لۆژیکیتر لە هۆکاری خۆی، خۆی بدات بە دەستەوە.

حەوتەم، بە هەموو شێوەیەك دەیەوێ بەڕێز د، بکوژێ، بەڵام هەر کەسێك بەو کردارە ناڕازییە، با ناڕەزایی خۆی دەربڕێ و گوێی لێبێ.

تەنها یەکێك لە کرێکارەکان پێی گوت باشترە پێش ئەوەی بەڕێز د بکوژێ، بۆ کۆتا جار داوای لێ بکاتەوە و بەڵکوو لە کەری شەیتان بێتە خوار.

کلۆد ئەو پێشنیارەی قبولْ کرد و بەڵێنی دا کە جێبەجێی بکات.

سەعاتی گەورەی دیواری گرتووخانە، کات هەشتی ڕاگەیاند و بەڕێوەبەر دەبوو سەعات ٩ بێت بۆ پشکنین.

جاری ئاوا دادگاییەکی سەیرە! بڕیار و ڕاوێژکاری درانی گرتووخانە بوون، کە بڕیاری دەرەکییان خستە پێش ویژدانی کلۆدەوە و دیسان کلۆد ڕوویەکی ئارام و سەنگینی وەرگرتەوە. کلۆد هەرچی جلی کۆن و نوێ و دار و نەداری خۆی لەسەر مێزێك هەڵڕشت. لەو کاتەدا بانگی ئەو کەسانەی کرد، کە دوای ئالْبین لێی نزیك بوون و خۆشیدەویستن و هەرچی هەیبوو، بەسەر ئەوانیدا دابەش کرد. تەنها مەقەستەکەی بۆ خۆی هێشتەوە. هەندێکیان دەگریان، بەڵام کلۆد بۆیان پێدەکەنی.

لەو سەعاتەی کۆتایی دا کلۆد وا بە هێمنی و ئارامیی و ڕووخۆشییەوە قسەی دەکردن، کە زۆرێك لە هاوڕێکانی ئومێدی ئەوەیان لێ دەکرد، کە لەوانەیە لە بڕیارە ترسناکەکەی خۆی پەشیمان بووبێتەوە. هەتا جارێك ئەو پێنج مۆمەی کارگەی بە لووت

کوژاندنەوە و هەموو پێکەنین. کلۆد جارجار ئەو یارییە منداڵانەی هەبوون، کە جیاواز بوو لە شکۆ و شەوکەتی ئەو، ئەوەش دەیسەلماند، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك بووە لە سەرگەردانە بەناوبانگەکانی پاریس و بە هۆی ئەوەی ئێستا بۆتە پیاوێك بۆ خۆی، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ بیر لەو یادگارییە شیرینانەی منداڵیی نەکاتەوە.

کلۆد لەناکاو تێگەیشت، کە یەکێك لە بەندییە کز و لاوازەکان، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەماوە و زەق زەق چاوی لێدەکات و دەلەرزێ. ڕوون بوو کە ترسی ئەو لەو ڕووداوە بوو، کە هەموو چاوەڕێیان دەکرد. کلۆد بە هێمنی دڵی دایەوە و گوتی:

= گەنجۆ، بۆچی دەترسی؟ ئازا بە، ئەو کارە هەر بڵێی یەك و دوو تەواو دەبێ.

دواتر کە جلەکانی بەسەر هاورێکانی دا دابەش کرد و خواحافیزی لێکردن و دەستی هەموویانی توند گوشی، تێگەیشت کە چەند کەسێك  لە گۆشەیەکی تاریکی کارگەکە، بەبێدەنگی قسە دەکەن و سەریان سووڕ ماوە. کلۆد فەرمانی دا کە خەریکی کاری خۆیان بن. هەموو بە قسەیان کرد و بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر کارگەدا.

ئەو کارگەیەی بوو بە جێی ئەو ڕووداوە، هۆڵێکی گەورە بوو بە شێوەی لاکێشەیی کە دوو دیواری درێژ و دوو تەنیشتی درێژ ئەویان پێکهێنابوو. لە دوو لاوە شوێنی پەنجەرەی دیاریکراو بوو، کە بەرەو حەوشەی گرتووخانە کرابوونەوە. لە دوو لای هۆڵەکەوە دوو دەرگا

لە بەرامبەریەك هەبوون. ژووری کرێکاران و شوێنی دانیشتنیان ، لە لای ژوورەکان و لە نزیك پەنجەرەکانەوە بوو و لە دوو لاوە شوێنی دانیشتنەکان بە شێوەیەك بە دیوارەوە نووسابوون، کە لە نێوەڕاستەکەیان ڕێڕەوێکی بچووك و درێژی دروستکردبوو. ئەم ڕێڕەوە بە ژوورێکدا تێدەپەڕی و ڕاستەوڕاست لە دەرگایەکەوە بە دەرگایەکی دیکەدا کۆتایی دەهات. بەڕێوەبەری کارگەکان، هەر کات ویستبای بۆ سەردانیکردن هاتبا دەبوو بەو ڕێڕەوە باریکەدا تێپەڕێ. بەڕێوەبەر عادەتەن بە دەرگای باشووردا دەهاتە ژوور و بە دەرگای باکووردا دەڕۆیشتە دەر. هەر لە کاتی تێپەڕاندنی کرێکارەکاندا، لە چەپ و ڕاستەوە کرێکارەکانی دەپشکنی و بە زۆریش ئەو نێوەندەی بەبێ وەستان و بە خێرایی دەبڕی. کلۆدیش لە شوێنی خۆی جێگیر بوو ڕێك وەك ژاك کۆلمان[1] وەك چۆن نوێژ و دوعای دەکرد، دووبارە دەستی بە کاری خۆی کردەوە.

هەموو چاوەڕێ بوون. ئەو ساتە نەگریسە نزیك دەبۆوە. لەناکاو زەنگ لێدرا و کلۆد گوتی:

= ئێشکگری گرتووخانە هەواڵی دەدات.

لەناکاو کلۆد لە جێی خۆی هەستا و بە خێرایی بەشێك لە هۆڵەکەی بڕی و لە نزیك دەرگای هاتنەژوورەوەی کارگە، لە لای چەپ، ئانیشکی وە ئانیشکی یەکێك لە کرێکارەکان دا. ڕوخساری بە

[1] Jaques Clement

تەواوی هێمن و ئاسوودە بوو.

نۆ جار لەسەر یەك دەنگی سەعاتی دیوارەکە بەر گوێ کەوت. دەرگا کرایەوە و بەڕێوەبەر هاتە ژووریْ.

جەنابی بەڕێوەبەر وەك هەمیشە تەنیا بوو.

هاتنەژوورەوەی ئەو بە ڕوخسارێکی کراوە و ڕوویەکی خۆشەوە، لە هەمان کاتدا بە دەربڕینێکی ئاسوودە و بە بێ ئاگایی و دڵگرانییەوە خۆی دەرخست. بەڕێوەبەر کلۆدی نەدی کە لە لای چەپی نزیك دەرگاکە ڕاوەستابوو. دەستی ڕاستی لە باخەڵی دابوو و لەو کاتەدا کە بە خێرایی دەڕۆیی، جار جار سەری هەڵدەبڕی و لە ژێر لێوەوە منگەمنگێکی دەکرد و نیگایەکی ساردی لە دەوروبەر دەکرد و ئەسڵەن ئاگاداری ئەوە نەبوو، کە ڕیزی ئەو چاوانەی دەورەیان دابوو، نیگەرانی چ کارەساتێکی لەناکاون و بە چ مەبەستێکەوە چاوی لێ دەکەن.

بەڕێوەبەر لەناکاو هەستی بە دەنگی پێیەك کرد، کە لە پشتیەوە دەهات و بە خێرایی ئاوڕی دایەوە.

دەنگی پێ هی کلۆدی سەرگەردان بوو، کە چەند ساتێك پێشتر چاودێریی دەکرد.

بەڕێوەبەر شڵەژا و گوتی:

- هااا تۆ چی دەکەی لێرە؟ بۆچی لە شوێنی خۆت نی؟

مرۆڤ لەو ڕۆژەوەی کە دەخرێتە گرتووخانەوە، ئیدی مرۆڤ نییە و بەڵکوو بە چاوی سەگێکی پیس سەیری دەکەن و بە جۆرێك لە

سووکایەتی و ئیهانەکردن، هەموو کات بە ((تۆ)) بانگی دەکەن.

کلۆد بە ڕێزێکی زۆرەوە وڵامی دایەوە:

= ببوورە جەنابی بەڕێوەبەر، چەند قسەیەکم هەبوون.

بەڕێوەبەر پرسی:

- دەربارەی چی؟

کلۆد گوتی:

= دەربارەی ئالْبین.

بەڕێوەبەر گوتی:

- دیسان دەربارەی ئالْبین؟

کلۆد گوتی:

= بەڵێ، هەمیشە دەربارەی ئەو.

بەڕێوەبەر لەسەر ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو و گوتی:

ـ سەیرە! کەوایە زانیمان بیست و چوار سەعات زیندانیی تاکەکەسی بەس نەبووە بۆت.

کلۆد بەدوای ئەودا بەردەوام بوو و وەڕێکەوت و گوتی:

= جەنابی بەڕێوەبەر، هاوڕێی خۆم بدەنەوە!

بەڕێوەبەر گوتی:

- ئەستەمە.

کلۆد بە ڕاوێژێك، کە ئاوی لە دڵی زاڵم دێنا گوتی:

= جەنابی بەڕێوەبەر، تکا دەکەم هاوڕێی خۆم بۆ بگەڕێننەوە، ئەوکات چاو لێکە، کە چەندە بە باشی ئیش دەکەم. تۆ کە ئازادی و

جیاوازیی ناکەی بۆ حاڵی خۆت و بە پێی پێویست لـە مانـای هـاوڕێ تێناگەی، بەڵام منی بێچارە لەو چواردیوارییەی زینداندا بەنـدکراوم. ئێوە بۆ هەر شوێنێك حەزتان لێ بێ دەتوانن بچن و بـێن، وەلـێ مـن جگە لە ئالّبین کەسێکم نییە. تو خودا ئەوم بۆ بگەڕێنەوە. خۆ ئێوە دەتـانزانی ئـالّبین خـواردنی دەدا بـە مـن. کەوایـە جگـە لـە وشـەی ((بەڵێ)) هیچ زەحمەتێك بە تۆ ناگەیەنێ، کە ئالّبین بدەنەوە من. بۆ تۆ فەرقی چییە لـە کارگەیەکدا دوو کـەس بـە نـاوی ئـالّبین و کلّـۆد هەبن یا نەبن؟ ئەسڵی بابەتەکەش جگە لەمـە هیچـی دی نییـە. کـاك د.ی میهرەبان و ئازیزم، تکاتان لێ دەکەم، تـو خـودا هـاوڕێی خـۆم بدەنەوە!

لەوانەیـــە کلّـــۆد لـــە تەمەنیـــدا ئەوەنـــدە لەبـــەر بەندییـــەوانێك نەپاڕابێتەوە. فەقیرە کاتێك لە قسەکردن ماندوو بـوو، لـە چـاوەڕێی جوابـــدا بێـــدەنگ بـــوو. بەڕێوەبـــەر بـــە هەڵســـوکەوتێکی تـــوڕە و نەفرەتئاساوە جوابی دایەوە و گوتی:

ـ گوتم ئەستەمە و چی دی نامەوێ لەو بارەیەوە گوێم لە هیچ بێ. بێزارت کردووم!

بەڕێوەبەر دوای ئەدای ئەو چـەند قسـەیە، بـە خێرایـی ڕۆیشـت و کلّـۆدیش هــەنگاوی خێراتــر کــردن. هــەردووك دەگــەڵ قســەکردن، گەیشتبوونە دەرگـای چـوونەدەر. هەشـتا دز سـەیریان دەکـرد و بـە پشووسوارییەوە گوێیان گرتبوو.

کلّۆد بە هێمنی دامێنی جلی بەڕێوەبەری گرت و گوتی:

= باشە بەس بۆ ئەوەی بزانم کە بۆچی تاوانبارم بە مردن، هیچ نەبێ پێم بڵێ بۆ ئاڵبینت لە من جیاکردەوە.

بەڕێوەبەر گوتی:

جارێکی دیکەش پێم گوتی: لەبەرئەوەی حەزم لێ بوو.

بەڕێوەبەر پشتی لە کلۆد کرد و دەستی بۆ دەسکی دەرگای چوونەدەر برد.

کلۆد بە هۆی بیستنی دواین وڵامی بێهیوایی، هەنگاوێك هاتەوە دواوە. هەشتا پەیکەر، کە لەو شەوەدا بێدەنگ و واقوڕماو سەیریان دەکرد، دیتیان کە دەستی ڕاستی کلۆد خرایە ناو باخەڵی پانتۆڵەکەی و بە تەورێکەوە هاتە دەر. ئەو دەستە بەرزکرایەوە و پێش ئەوەی بەڕێوەبەر بتوانێ هاوار بکا، سێ لێدانی ترسناکی تەور، لە شوێنێك، سەری دووکەرت کرد. بەڕێوەبەری بەدبەخت لە پێ کەوت و لەو کاتەدا کە بە پشتدا دەکەوت، لێدانی چوارەم ڕوخساری قەڵاشت و لەبەرئەوەی تۆفانی ڕق و کینە وا زوو تەواو نەدەبوو، کلۆد لێدانی پێنجەمی لە ڕانی قوربانیی خۆی دا، بەڵام ئەم لێدانە، ئیدی هیچ سوودی نەبوو، چونکە بەڕێوەبەر مردبوو.

ئەوکات کلۆد تەورەکەی هەڵدا گۆشەیەك و هاواری کرد کە: ((سەرەی ئەوەی دیکەیە)) و مەبەستی لە ((ئەوەی دیکە)) خۆی بوو. کرێکارەکان هەموو دیتیان کە کلۆد مەقەستە چکۆلەکەی((ژنەکەی)) لە باخەڵی چاکەتەکەی دەرهێنا و بێ ئەوەی کە کەس لە فکری ڕێگریکردن بێ، مەقەستەکەی لە سینگی خۆی

ڕاکرد. گوێزانی مەقەستەکە کورت بوو و سینگی کلۆد قوول. بۆیە زیاتر لە بیست جار لە سینگی خۆی ڕاکرد و هاواری کرد: هاوار بۆ ئەو دڵە کافرەی من، حەیف کە دەستم پێت ناگات!...

لە کۆتاییدا کلۆد خەڵتانی خوێنی خۆی بوو و لە هۆش هۆی چوو و بەسەر قوربانییەکەی خۆیدا کەوت.

ئایا کام لەم دوو دانە قوربانیی یەکدی بوون؟

هەر بۆیە کە کلۆد وە هۆش خۆی هاتەوە، خۆی لەسەر جێخەوێکی نووستن و سینەی بە باندج و لەفافی پێچراو بینیەوە. چەند کەسێك و پەرستار و دادوەر لەسەر سەریەوە ڕاوەستابوون. دادوەر هەر پرسیاری لە حاڵی دەکرد و دەیگوت: ((ئێ، حاڵتان چۆنە؟))

خوێنێکی زۆر لە لەشی کلۆد ڕۆیشتبوو، بەڵام ئەو مەقەستە بچووکەی، کە دەویست بەو کارە شێتانەیە خۆی بکوژێ، ئەرکی خۆیان جێبەجێ نەکردبوون و هیچ یەکێك لەو لێدانانە شوێنی خەتەریان نەگرتبوو. ئەو برینەی کە بۆ کلۆد کوشندە بوو، هەمان ئەوە بوو کە بەسەر بەڕێوەبەری هێنابوو.

لێکۆڵینەوەی دادوەر دەستیپێکرد. یەکەم جار لێی پرسی کە، ئایا بەڕێوەبەری کارگەکانی کۆڵڕووی کوشتووە یان نا؟ کلۆد جوابی دایەوە:

= بەڵێ.

لێیان پرسی بۆچی ئەوت کوشتووە؟

گوتی:

= لەبەر ئەوەی حەزم لێ بوو.

هەرچۆنێك بێ، لەناکاو برینەکانی کلۆد وە ئێش کەوتنەوە و تایەکی قورسی توش بوو، کە خستییە حاڵەتی مردنەوە.

مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم و کانوونی دووەم و شوبات بە چارەسەرکردنی نەخۆشیی ئەو تێپەڕین. دکتۆر و دادوەرەکان لەسەر قەرەوێڵەی کلۆد لە هاتوچۆ دابوون. دکتۆرەکان دەیانویست برینەکانی سارێژ بکەن و دادوەرەکان دەیانویست داری بۆ ئامادە بکەن. بە کورتی لە شازدەی ئازاری ١٨٣٢ کلۆد بە تەواوی چاکبۆوە و لە بەرامبەر مێزی دادگای تاوانی تەڕوا ئامادە بوو. هەرچی خەڵکی شارە لە سزادانی ئەو ئامادە بوون.

کلۆد بە سەر و کەللەیەکی ڕێکەوە ئامادەی دادگا بوو. سەری کەچەڵ و ڕیشیشی تراشیبوو. جلوبەرگی ماتەمینیی گرتووخانەی کۆلڕوو کە خەت خەتی سپی و خۆڵەمێشی لە بەریدا دەبینرا.

دادوەر تەواوی بینای دادگای پڕ کردبوو لە تفەنگبەدەست و نێزەبەدەست و ئەم هەموو ئاماداکارییە و مانای خۆپاراستنە بۆ ئەوە بووە کە (( چاودێری ئەو دزانە بکەن، کە بۆ شاهێدیی ڕووداوەکە هێنرابوون)) .

ئەوکاتەی کە دادوەرەکان ویستیان دەست بە دادگاییکردن بکەن، کێشەیەکی گەورە هاتەپێش، ئەویش ئەوە بوو، کە هیچ یەکێك لەو دزانەی هێنرابوون بۆ شاهێدی لەسەر ڕووداوەکەی چواری نۆڤەمبەر،

ئامادە نەبوون هیچ شتێك بڵێن. سەرۆکی دادگا ئیهانەی ئەوانی کرد و گوتی: ئەگەر ئامادە نەبن شاهێدی بدەن، ناچار دەبم بە پێی یاسا مامەڵەتان لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەم هەڕەشەیە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوان دروست نەکرد. ئەوجار کلۆد فەرمانی دا کە شاهێدی بدەن. بێ سێ و دوو وە قسە هاتن و شاهیدەکان هەرچییەك، کە لەو شەوەدا ڕووی دابوو، گێڕایانەوە.

کلۆد بە وردییەوە سەرنجی گێڕانەوەکانی ئەوانی دەدا، هەر کات یەکێك لەوان بە هۆی لەبیرچوونەوە، یان بە ویستی خۆی بەشێکی زیاد کردبا کە بە سوودی کلۆد با، یان بە پێچەوانەی ئەو، کلۆد قسەکەی بۆ ڕاست دەکردەوە. شاهیدەکان، یەك یەك، زنجیرەی ئەو ڕووداوانەی کە ئێمە لەم کتێبەدا خستوومانەڕوو، لە بەردەم دادگا باسیان کردن.

لە کاتی دادگاییکردنەکەدا، شتێکی سەیر هاتەپێش، کە ژنەکان بە نووزەنووز دەگریان. نوێنەری دادگا ئالبینی ئامادەکرد، چونکە نۆرەی ئەو بوو، کە شاهیدیەکە بدات. ئالبین کاتێك هاتە ژوور، دەلەرزی و دەگریا. ئالبین لە بینای دادگادا بەرەو لای کلۆد ڕایکرد و خۆی لە باوەشی کلۆد هاویشت. پۆلیسەکان نەیانتوانی پێشی پێبگرن. کلۆد توند هاوڕێکەی لە باوەش گرت و دواتر بە پێکەنینێکی مانادارەوە، ڕووی لە دادوەری گشتیی کرد و ئیشارەی بۆ ئالبین کرد و گوتی:

= ئەوە ئەو دزەیە، کە نانی خۆی لەگەڵ فەقیراندا بەش دەکات.

دواتر دەستی ئالّبینی ماچ کرد.

کاتێك شایەدیی شاهیدەکان بە کۆتا هات، جەنابی دادوەری گشتی لە شوێنی خۆی هەستا و ئاوا دەستی بە قسە کرد:

ــ خەڵکینە، دادوەرە بەڕێزەکان، تاوانبارانی وەك کلۆد، بۆ کۆمەڵگە ترسناکن و ئەگەر دەستی تۆڵەسەندنەوەی یاسا یەخەی ئەوانە نەگرێت، زۆری پێ ناچێ، کە بینای کۆمەڵگە لەق دەبێ و یەکێك لە ستوونەکان کێشەی تێدەکەوێ.

دوای ئەو خاڵە مێژووییە، پارێزەری کلۆد لە شوێنی خۆی هەستا و بەرگریی کرد. دیسان داوایان لێ کردەوە قسە بکات و پارێزەری کلۆد وڵامی دانەوە. بە کورتی گێڕانەوەی ڕاست و هەڵە بەر یەك دەکەوتن و هەر یەکە و لە شوێنی خۆیەوە، وەك عادەتی ئاسایی خۆی، زیاتر باسی دەکرد و زیاتر شەرح دەکرا. تەواوی ئەو شتانەی کە باس کران، وەك ناونانی دادگایکردن ئەنجامدرا.

سەرەنجام کلۆد وا تێگەیشت، کە قسەکان ماویانە و ئەوانەی کە نەگوتراون، کاتی ئەوەیە بگوترێن. ئەویش لە نۆبەتی خۆی لەسەر جێگە هەستا و دەستی بە قسەکردن کرد. کلۆد ئەوەندە بە باشی و بە نەرمیەوە قسەی دەکرد، کە هەموو پیاوە ڕۆشنبیر و بەڕەوشتەکان سەریان سووڕ مابوو. دەتگوت ئەو کرێکارە بەدبەختە ڕەوانبێژە، نەك پیاوکوژ. کلۆد ڕاوەستابوو و بە دەنگێکی هێمن و زیرەکانەوە قسەی دەکرد. ڕووسوور و ڕوخۆش و بە حەیا و حورمەتەوە و بە بێزارییەوە، بەڵام پڕ لە شکۆ و سەربەرزییەوە بوو.

کلۆد ڕاستییەکانی بە زمانێکی سادە و چۆن بووە، ئاوای باس کردن. شێوازی قسەکردنی زۆر هێمن و جددی بوو. لە قساندا هەموو شتێکی پەیڕەو دەکرد و بە هیچ شێوەیەك مەجالی ڕەخنە یان شتی دیکەی نەدەهێشتەوە. واتە: نە هیچ شتێکی بە سوودی خۆی گوت و نە هیچ شتێکی بەرامبەر خۆی وەلا نا. ڕێك وەك پارێزەرێکی لێهاتوو بە پشت بەستن بە ماددەی ٢٩٦ یاسای سزادان قسەی کرد و بە بێ ئەوەی لێی لادات. هەندێك جار ڕەوانبێژییەکەی دەگەیشتە ڕاددەیەك، کە بیسەران سەریان دەسووڕما، بە شێوەیەك، کە خەڵك قسەی ئەویان بە گوێی یەکتریدا دەچرپاندەوە. سەرسووڕمانی خەڵك و منگەمنگیان لە دادگادا، وای لە کلۆد دەکرد هەناسەیەکی بێتەوە بەر و نیگای لە خۆباییەنەی لە خەڵك دەبڕی. یەکێکی دی لە بابەتەکان ئەوە بوو کە، کلۆد خوێندەواری نەبوو، بەڵام وەك تاکێکی خوێندەوار و ئارام و بەڕێز ناسرابوو. هەندێ جاریش کە لە هەندێك باسدا دەبوو تووڕە ببێ و نەفرەت لە باسەکە بکات، بە وردیی و لەسەرخۆییەوە تەواوی بابەتەکەی باس دەکرد. وەك چۆن دەبوو بە مایەی ئاسوودەیی و ڕووخۆشیی دادوەرەکان. کلۆد تەنها یەك جار لە یاسا دەرچوو و بوو بە مایەی نەفەرت و کینە و ئەویش ئەوکاتە بوو، کە دادوەری گشتی لە کاتی قسەی خۆیدا گوتی:

ـ کلۆدی سەرگەردان بەبێ هۆ بەرێوەبەری کارگەی کوشتووە و بەبێ ئەوەی هیچ زوڵم و ستەمێکی بەرامبەر کرابێ، هەر بۆیە، بەزەیی هاتنەوە پێیدا و سووککردنی سزا، شایانی ئەو نییە.

لێرەدا کلۆد ناچار شڵەژا و گوتی:

((چۆن؟ یانی سزات لەسەر سووك نەکردووم؟ بەڕاستی زۆر سەیرە! باشە، جەنابی دادوەر، ئێوە ڕاست دەکەن! دەزانم دەڵێی چی. ئەگەر پیاوێکی سەرخۆش لەسەر جادە مستێك لە من بدات و من ئەوی بکوژم، بە بڕوای تۆ من لێرەدا دەستم سووك کردووە لە کوشتنەکەیدا و تۆش بەزەییت بە مندا هاتۆتەوە و سزایەکی سووکتر لە کوشتنم بۆ دادەنێی و بە جێگەی ئەو، بمخەیە گرتووخانە و بێگاریم پێ بکەی. بە پێچەوانەوە، پیاوێك سەرخۆش نەبێ و بە تەواوی مانا پێگەیشتوو بێت و ژیر و ئاقڵ بێ و سەربەستە، ماوەی چوار ساڵە ڕوحی من ئازار دەدات و چوار ساڵی تەواو من سووك و ڕیسوا کات. چوار ساڵی تەواو هەموو ڕۆژ و هەموو سەعات و هەموو دەقیقەیەك نووکە دەرزییان بە شوێن شوێنی لاشەمدا بکات. ژنێکم هەبێ، کە لەبەر ئەو توشی دزی بووم و ئەو سزای هەردووکمان دەدات. منداڵێکم هەبێ و لەبەر خاتری ئەو توشی دزی ببم و ئەو هەردووکمان سزا بدات. نانم نەبێ بخۆم و هاوڕێیەکم بۆ پەیدا بێت، کە نان بە من بدات، ئەو هاوڕێیەشم لێ دوور بخاتەوە و نانم ببڕێ. داوای هاوڕێی خۆم بکەم، ئەو بمخاتە ژووری تاکەکەسییەوە، من بەو جاسووسە هیچ و پووچە بڵێم ((ئێوە)) و ئەو بە نیشانەی ئیهانەکردن و سووکایەتییەوە بە من بڵێ ((تۆ)). لە کاتی دڵتەنگی و ئازارەوە دەردەدڵی لەگەڵ بکەم و ئەو پێم بڵێ: ((بێدەنگ بە منت بێزار کردووە)) بەم شێوەیە چاوەڕێی چی لە من دەکەی؟ منیش

ناچارم ئەوی دەکوژم. تۆش بڕوات وایە من گیانەوەرێکی ترسناکم و پیاوم کوشتووە و بەم تاوانەش، یان بە گوتەی خۆتان: ئەم تاوانە هیچ هۆکارێکی نەبووە)).

بە بڕوای ئێمە ئەوەی جێگەی باسی بابەتەکەیە، بە پێی یاسادانەر، یاسای سزادانی گشتی کە بۆ تاوانباران دانراوە، تەنها شتێك کە پشتی پێ ببەستێن هاندانی مەعنەوییە و لەو بارەیەوە زۆر کەمە. بە شێوەیەك، کە خاڵی سادە و نەگۆڕاوی کلۆدی سەرگەردان، سەلماندی کە هۆکاری مەعنەوی و ئەخلاقیش بوونی هەیە ، کە دەبوو بە هۆکاری سەرەکیی دابنرێن و بە داخەوە، کە یاسادانەر ئەوانەی لەبیرکردوون.

هەر کە دادگا بە کۆتا هات، سەرۆکی دادگا پوختەی ڕای دادپەروەرانە و ڕای لۆژیکیی خۆی خستنە قاڵبی یاساوە و ئەوەی کە بەدەستهات، ئەوە بوو کە: کلۆدی سەرگەردان ژیانێکی تەنگەتاوی هەبووە و گیاندارێکی ترسناك بووە. سەرەتا بازرگانی و دواتر ژنی هێناوە، دواتر توشی دزی بووە و سەرەنجام دەستی چووەتە کوشتنی پیاوێکی بێ تاوان. دۆسیەی ئەو ڕوونە، کە تەواوی ئەو چیرۆکانە ڕاست بوونە و بچووکترین ڕاڕایی و دوودڵی لەسەر دادوەران نەهێشتۆتەوە.

کاتێك سەرۆکی دادگا قازیی دادگای دەنارد بۆ ژووری ڕاوێژکردن، بۆ دواین جار لە تاوانباری پرسی، کە سەرنجێکت سەبارەت بە ڕای دادگا هەیە یان نا؟

کلۆد گوتی:

= نەخێر، قسەیەکی وام نییە. من کە لە کن ئێوە بوومە دز و تاوانبار، چ بڵێم؟ ڕاستە دزیم کردووە و توشی تاوان بووم، بەڵام ئێوە لە خۆتان بپرسن، کە من بۆچی دزیم کردووە؟ بۆچی پیاوم کوشتووە؟! دادوەرە بەڕێزەکان، ئەگەر ڕاست دەکەن، جوابی ئەو دوو پرسیارە بدەنەوە.

دادوەرەکان دوای چارەگەسەعاتێك گفتوگۆ و پێداچوونەوە و ڕاگۆڕینەوە، سزای لە سێدارەدانیان بەسەر کلۆدی سەرگەرداندا سەپاند.

سزای لە سێدارەدانیان بۆ خودی کلۆد خوێندەوە و ئەو تەنها گوتی:

= زۆر باشە! بەڵام ئاخیری نەتانگوت بۆچی ئەو پیاوە توشی دزی بووە؟ بۆچی پیاوی کوشتووە؟ دوو پرسیاری سەرەکیی و گرنگ، ئەسڵ هەر ئەوەیە کە ئێوە جوابتان نەدایەوە.

کاتێك کلۆدیان ناردەوە بۆ گرتووخانە، نانی ئێوارەی خۆی بە خۆشی و شادییەوە خوارد و بە خۆی گوت:

= سی و شەش ساڵ ڕەنج.

کلۆد ئامادە نەبوو داوای پێداچوونەوە لە دادگا بکات. یەکێك لە پەرستارەکان، کە پێشتر پارێزگاریی پەرستاریی لێ کردبوو، هاتە سەردانی و لە کاتێکدا کە فرمێسکی بۆ ئەو دەڕشتن، داوای لێ کرد داوای پێداچوونەوە بۆ ئەو سزایە بکات کە داویانە. کلۆد هەتا ساتی

کۆتایی مۆڵەتی یاسایی بەرگریی کرد، بەڵام دڵی بە حاڵی ئەو ژنە سووتا و لە بەرامبەر سزای لە سێدارەدانی خۆی، بۆ کۆتا جار داوای پێداچوونەوەی کرد، بەڵام بەداخەوە لە کاتی ئیمزاکردنی داوای پێداچوونەوەکەی، چەند دەقەیەك لە ماوەی یاسایی خۆی، سێ ڕۆژ تێپەڕیبوو. ژنە پەرستاری بێچارە وەك بەشێك لە هاوکاری، پێنج فرانك پارەی دا بە کلۆد. کلۆد پارەکەی لێ وەرگرت و سوپاسی کرد.

لەو کاتەیدا کە داوای پێداچوونەوە کلۆد بە هۆکاری مۆڵەتی یاسایی تێدەپەڕی، بەندییەکانی تەڕوا پێشنیاریان بۆ کلۆد کرد، کە ڕابکات، بەڵام ئەو پێشنیارەکەی پەسند نەکرد. بەندییەکان بە کونی ئەو ژوورەی، کە کلۆدی تێدا بەند کرابوو، چەند جارێك بزمار و سیم و سەتڵیان بۆ دەهاویشتنە ژوور و هەر یەکێك لەو کەرەستانە، بۆ پیاوێکی ژیر و وشیاری وەك کلۆد بەس بوو بۆ ئەوەی بە هۆی ئەوانەوە دەرگای ژوورەکە واڵا بکات و ڕابکات، بەڵام ئەو نەك هەر بەتەما نەبوو، بەڵکوو بزمار و سیم و سەتڵەکەشی دانەوە بە بەندییەکان.

سەرەنجام، لە ڕۆژی هەشتەمی مانگی ٦ ی ١٨٣٢، واتە حەوت مانگ و چوار ڕۆژ دوای ئەنجامدانی کوشتنەکە، سزای لە سێدارەدانی کلۆد جێبەجێ بوو. ئەو ڕۆژە سەعات حەوت نوێنەری دادگای تاوان، چوو بۆ گرتووخانە و بە کلۆدی ڕاگەیاند، کە داوای پێداچوونەوەکەی ڕەتکراوەتەوە و دوای سەعاتێك ئیدی لە ژیاندا نییە.

کلۆد بە خوێنساردییەکی تەواوەوە گوتی:

= باشە، خۆ من شەوێدی زۆر باش نووستم و هەتا نەمدەزانی، کە لەمەبەدواش ئاسانتر و ئارامتر لێی دەنووم.

دەتگوت قسەی پیاوانی ئازا لە کاتی سەرەمەرگ دا، شکۆ و سەبەرزییەکی تایبەت پەیدا دەکات.

سەرەتا قەشە و دواتر سەربڕ هاتن. کلۆد لەگەڵ یەکێك بە شەرم و شکۆوە قسەی دەکرد و لەگەڵ ئەوەی دی بە سۆز و میهرەبانییەوە مامەڵەی دەکرد. سست و بێتاقەت خۆی دەرنەخست.

کلۆد لە ساتەکانی کۆتاییشدا بە تەواوی بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و خۆی نەدۆڕاندبوو. لەو کاتەی دا کە سەریان بە مەقەست چاك دەکرد، کەسێك لە گۆشەیەکی تاریکی گرتووخانە دەربارەی نەخۆشیی ((کۆلێرا))ی شاری تەڕوا قسەی دەکرد و دەیگوت هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو شارە. کلۆد کە گوێی لەو قسەیە بوو، پێکەنینێکی ماناداری کرد و گوتی:

= من کە ناترسم، من لە شەڕی کۆلێرا بێمنەتم.

کلۆد لەو حاڵەشدا گوێی لە سروود و نزای قەشە ڕاگرتبوو و لە دڵی خۆیدا خەفەتی لەوە دەخوارد و بۆ ئەوە پەشیمان بوو، کە بۆچی ئامۆژگاریی دینیی وەرنەگرتووە.

کلۆد داوای کردبوو، کە مەقەستە بچووکەکە، یادگاریی ((ژنە))کەی بدەنەوە و ئەو داوایەی جێی ڕەزامەندیی بوو. لەو

مەقەستەی باسمان کرد، لە یەك تیغ زیاتری نەمابوو، بەڵکوو تیغەکەی دیکە لە سینەی کلۆددا شکابوو. کلۆد داوای لەو بەندییەوانە کرد، کە ئەو مەقەستە وەك یادگاریی بۆ ئالبین بنێرێ و داوای ئەوەشی کرد، کە بەشەنانی ئەو ڕۆژەی خۆی، بەو دیارییە بێنرخە زیاد بکات و بیگەیەنێتە دەستی هاوڕێ ئازیزەکەی.

ئەو کەسانەی کە لەسەر پەتی سێدارە دەستی کلۆدیان دەبەست، کلۆد داوای لێکردن ئەو پێنج فرانکییەی کە پەرستارەکە پێی دابوو، بیخەنە دەستی ڕاستی.

چارەگێکی مابوو بۆ سەعات هەشت، کلۆد بە هاوکاریی بەرپرسانی شوومی وڵات، کە عادەتەن لەگەڵ تاوانبار دێن هەتا تەختی سێدارە، لە گرتووخانە هاتنە دەر. کلۆد بە پێیان بەڕێدا دەڕۆیشت. ڕەنگی پێوە نەمابوو، بەڵام بە هەنگاوی هێمن و لەسەرخۆ دەچۆ پێش. لەو کاتەدا چاوی چووبووە سەر خاچی قەشەکە. جێبەجێکارانی یاسا ئەو ڕۆژەیان بۆ لە سێدارەدانی کلۆد ئامادە کردبوو، کە بازاڕ گەرم بوو و پێیان وا بوو، هەینی زیاتر بینەر و تەماشاکەر ئامادەی ئەو ڕووداوە دڵهەژێنە دەبن. لە فەڕەنسا هێشتا گوند و شارۆچکەی وا هەنە، کە خەڵکی ئەوەندە دڕندەی لێیە، هەر کات خەڵك بیەوێ پیاوێك بکوژن، حەز دەکەن سەیری بکەن و چێژی لێ وەردەگرن.

کلۆد بە بوێری و متمانەبەخۆبوونەوە، لە پلیکانەکانی سێدارە سەرکەوت و هەروەها چاوی لەسەر خاچی پیرۆز دەکرد. بەدبەختە

حـەزی دەکـرد قەشـە و سـەربڕەکە هـەردووک لـە بـاوەش بگرێـت. سوپاسـی یـەکێك بکـات و لـەوەی دیکـە ببـووری. بـەڵام وەك باسـی دەکەن، سەربڕەکە بە هێمنی بۆ پێشەوە پاڵی پێوە نا. لـەو کاتـەدا یەکێك لە شاگردەکانی سەربڕەکە، کلۆدی لە ئامێرەکە دەبەسـتەوە، تاوانبـاری بـەدەبخت، ئـەو ٥ فڕانکـەی لـە دەسـتی ڕاسـتی دابـوو، پێشانی سەربڕەکەی دا و گوتی:

= هاوڕێ گیان، ئەو پارەیە بدە بە فەقیر و هەژاران.

لەبەرئـەوەی لـەو کاتـەدا سـەعاتە گەورەکـەی مەیـدان سـەعات هەشتی ڕادەگەیاند و ویزەویز و لێدانەکانی سەعات دەنگی تاوانباری کز کرد و ناچار سەربڕەکە گوتی کـە گـوێم لـە دەنگی نییـە و کلـۆد هەڵوەستەیەکی کـرد و لـە نێـوان دوو لێدانـدا بـە هێمنـی دیسـان بـە هێمنی گوتی:

= بۆ فەقیر و هەژاران...

هێشتا سەعاتی دیوار لێدانی هەشـتەمی لـێ نـەدابوو، کـە ئـامێری بەسامی سەرپڕین، ئەو سەرە ژیر و وشیارەی بە عەردی دا دا.

هـەر بەڕاسـت جێبـەجێکردنی سـزای گشـی و ئـەو یاسـایانەی پەیوەندییان بـەوەوە هەیـە، سـەیرن و شـایەنی دیتـنن! لـە هـەمان ڕۆژدا، کـە سـێدارەی شـووم هێشـتا گـەرم بـوو و خـەڵتانی خـوێنی کلۆدی سەرگەردان بوو، ئەو فرۆشیارانەی کە لە بـازاڕ بـە فرۆشـتنی کەلوپەلەکانیانانەوە سەرقاڵ بـوون، بـە هـۆی ئـەو گلەییـەی کـە لـە گرانیی نرخی بازاڕ هەیان بوو لە سـەرۆکی شـارەوانی، دەسـتیان بـە

هاتوهاوار کرد و یەکێك لەو فەرمانبەرانەی باجیش بە هۆی ئەو ژاوەژاو و هاتوهاوارەوە بچێتە سەر پەتی سێدارە. هەر بەڕاست ئەی خەڵکی بەشەڕەف و گوێڕایەڵی فەرەنسا، نازانم کە لە کۆتاییدا ئەو یاسا سەیرە چتان بەسەر دێنێ؟

بە بڕوای ئێمە وا باش بوو، کە چیرۆکی کلۆدی سەرگەردان زیاتر باس کرێت و لەبەر ئەوەی هەر یەکێك لەو بەشانە، بۆی هەبوو ببێتە سەردێڕی کتێبێکی گەورەی ڕاستەقینە، کە لەوێدا کێشەی خەڵك لە سەدەی نۆزدەدا چارەسەر بکرێ.

لە ژیانی گرنگ و شایانی باسی کلۆد، دوو قۆناغی سەرەکیی هەن:

قۆناغی پێش کەوتن و قۆناغی دوای کەوتن[1]، وە لە نێوان ئەو دوو قۆناغەدا دوو باسی گرنگ هەیە. یەکێك باسی پەروەردە و ئەوی دیش باسی سزادان. وە ئەو دوو باسە تەواوی کۆمەڵگە دەگرێتە خۆ.

ئەو پیاوە بە شێوەیەکی ئاسایی لەدایکبووە و بەبێ هیچ کەموکوڕییەکی جەستەیی و بگرە بیرکردنەوە و بەهرەیەکی باشیشی هەبووە. کەواتە چ کەموڕییەك لە ژیانی ئەودا بووە؟ بیر بکەنەوە.

ئەو بڕیارە باسێکی گەورەی لەیەکچووە، چارەسەری ئەو باسەش، بە هۆی ئەوەی کە، هێشتا بە تەواوی لەسەر پێی خۆی

[1] کەوتن: لێرەدا بە مانای داڕووخانی کەسایەتی دێت.

نەوەسـتاوە، هاوسـەنگیی دونیـای ڕاگرتـووە. چارسـەری باسـەکە ئەوەیە کە:

بە هەمان شێوە کە سروشـت مـرۆڤ خـەڵات دەکـات، کۆمەڵگـەش ئەوەندە لێی بەداخە.

ئێوە بە جوانی چاو لە کلـۆدی سـەرگەردان بکـەن! ئـەو پیـاوە چ مێشکێکی باشـی هـەبوو و هـەم دڵێکـی باشـیش. بـەڵام چـارەنووس ئەوی خستۆتە کۆمەڵگەیکی وا خراپەوە، کە بە ناچاری گەیشتە ئـەو ڕاددەیـــەی دزی بکـــات. دواتـــریش، کۆمەڵگـــە ئـــەوی خســـتە گرتووخانەیـەکی وا خراپـەوە، کـە لـە کۆتایـدا دەسـتی چـووە پیاوکوشتنەوە.

تاوانباری ڕاستەقینە کێیە؟ ئایا خودی کلۆدە، یان ئێمەین؟

ئـەو پرسـیارە سـەرپێیی نییـە. بابـەتێکی گـرنگ و سـەرەکییە. باسـێکی جـەرگبڕ و کارتێکـەرە، کـە ئـەمڕۆ بـیر و هۆشـی تـەواوی ڕۆشنبیران و ڕووناکبیرانی دونیـای بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە و بەرۆکی مرۆڤایـەتیی گرتـووە و خەریکـە دەیخنکێنێ. بابەتێکـە، لـە کۆتاییـدا ڕۆژێـك ڕێ بـە مـرۆڤ دەگرێـت، تـاکو مـرۆڤ ناچـار بکـات ڕووبەڕووی بێتەوە و هیچ نەبێ بپرسێ، کە ئەو بێزارکەرە بەردەوامە چی لە گیانی مرۆڤ دەوێ؟

بە نیگەرانییەوە تێدەکۆشێ، تا بتـوانێ درك بـەو بابەتـەی خـۆی بکات و بکەوێتە ڕشتەی بیرکردنەوەکانی.

مـرۆڤ کاتێـك ڕووبـەڕووی ڕاسـتییەکی لـەم شـێوەیە دەبێتـەوە و

هێزێکی دەرەکی و ئالۆز دەکەوێتە ناو بیر و ئەندێشەیەوە، پرسیار لە خۆی دەکات کە، ئەگەر چارەسەری بڕیارێکی وا لە بیر و مێشکیدا نەبێ، کەوایە چی لە بیر و مێشك دایە؟

دانیشتووان هەموو ساڵێك بە سەختییەوە سەرقاڵی وتووێژ و مناقەشەن. هەڵبەت ئەو بڕیارە زۆر گرنگە، کە هەموو ساڵێك گرووپێك لەسەر ماف پێکبێنن و نازناویان پێ ببەخشن. بوودجە ڕێکبخەن و بە یەکسانیی دابەشی بکەن. چەند یاسایەك دانێن، کە من وەك نیشتمانپەروەرێك، جلی سەربازی لەبەر بکەم و لە پێش دەرگای ماڵی بەڕێز کۆنت دی لۆبوو[1] کە هەتا ئێستا نایناسم و نامەوێ شانازیی بە ناسینییەوە بکەم، ببمە پاسەوانی ئەو. یان ئەو پیاوەی کە دوێنێ دکتۆری سەری من بوو، ئێستا بۆتە ئەفسەری من و لە گۆڕەپانی مارینی[2] ڕاهێنانی پێ بکەم.

بۆ نوێنەران، یان وەزیرەکان زۆر گرنگە، کە لەسەر هەموو شتێك یان لەسەر هەر باسێك کە پەیدا دەبێ، بە چەند سەعات و چەند ڕۆژ قسە و وتوێژی لەسەر بکەن و نەگەنە هیچ بڕیارێکی لۆژیکی و بێ ئەنجام بمێننەوە. هەروەها پێشیان گرنگ و جێی باسە، کە قسە لەسەر وەزعی سەدەی نۆزدە بکەن و بێ ئەوەی کە، بزانن چی دەڵێن و یەك قسەیان لێوە دەربچێ، هاتوهاوار بکەن مست بکێشن بە مێزی پێش خۆیاندا و کۆنفرانسی پەڕپوت و بێ نرخ بکەن، کە خوێندکارانی ئامادەیی بە بیستنی پێبکەنن و بە تانە و تەشەر

[1] M. Conte de lobau
[2] Marigny

قسەيان لەسەر بكەن و شانيان بۆ بەرزكەنەوە.

هەروەها دەرخستنى ئەو خاڵە پێويستە، كە گوايە شانۆى تازە دەبێتە مايەى بڵاوبووەوەى زيناى مەحرەم و زيناى گشتى و تێكدانى خەسڵەتە كۆمەڵايەتييەكان و منداڵبازى و نێربازى و ژەهراويكردنى خەڵك و بەو هۆيەشەوە بيسەلمێنن كە پاڵەوانەكانى شانۆى (كورنى) و (راسين) كە تێوەگلانى لەو قەباحەتە نەناسرێن. هەروەها پێويستيشە كە دەمڕاستەكانى ئەم وڵاتە سىٚ ڕۆژى ڕەبەق دەربارەى شوێنەوارەكانى (كورنى)و (ڕاسين) و دەربارەى بوودجەى وڵات و ئەدەبيات و فەرهەنگ و سەرەنجام بە هەر پێشهاتێكى تر، كە دێتە پێش، دەستپێشخەرى بكەن و نابىٚ لەو شتانەوە بگلێن، كە مێژوو نەفرەتيان لىٚ دەكات و بە بيستنيان پياو ئارەقى شەرمەزارى دەربكات. بەڵىٚ، هەموو ئەو شتانە پێويستن و واى بۆ دەچم، شتى لەوە پێويستتر و گرنگتريش هەبىٚ.

بەڵام من لە ئەنجومەنى نوێنەران دەپرسم ئێوە چيم جواب دەدەنەوە، ئەگەر لە نێوان ئەو گفتوگۆ و بگرە و بەردەيە بىٚ مانايەى كە لە نێوان ئێوە و وەزيرەكاندا دروستدەبىٚ، لەناكاو يەكێك لە دانيشتوان، يان لەسەر كورسيى بينەران (فەرقى نييە) لە جێگەى خۆى قوت بێتەوە و بە گژياندا بچىٚ و بڵێت:

= ئەى ئەو كەسانەى كە لەم دانيشتەندا حزورتان هەيە، هەر كەسێكن، باشترە بێدەنگ بن و قسە نەكەن. ئێوە پێتان وايە دەزانن كێشەى گەورەى كۆمەڵگە چييە و شارەزان لێى؟ نەخێر، ئێوە لێى نازانن. مەسەلەى گەورە ئەوەيە كە: ساڵێك لەمەوبەر تا

ئێستا، ئەو یاسا داهێنراوە ئێوە پیاوێکی بە (پامیە)[1] بە کێرد لەت لەت کردووە، سەری ژنێکتان بە (دیژۆن)[2] لە لاشەی جیاکردۆتەوە و لە پاریسیش چەند کەسێکتان بە شێوەی وا جیاجیا کوشتووە، کە مووی قالبی بەشەر تاڵ تاڵ بەرزدەبنەوە بە بیستنی. بەڵێ ئەو بابەتە گرنگە. ئێوە ئەگەر ڕاست دەکەن، وەرن چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن. دواتر کاتی زیاترتان دەبێ و دەتوانن بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، کە قۆپچەی جلی سەرباز و پاسەوانان سپی بێ، یان زەرد. یاخوود وشەی ((متمانە)) جوانترە یان ((دڵنیا)).

ئەی ئەو کەسانەی کە لە پەرلەماندا دانیشتوون، میللەت بە سەرما کۆڵەوارە. فەقیر و هەژار پیاو ڕاکێشی تاوان و ئافرەت تووشی فاحیشە دەکەن. بەزەییتان بەو خەڵکەیدا بێتەوە، کە کوڕەکانتان خستۆتە گرتووخانە و سەری کچۆڵەکانتان سپیی کردووە. لە وڵاتی ئێوەدا بێگاری بە تاوانباران دەکەن و ژنانیش یەك دونیان. بوونی ئەو دوو نەخۆشییە لە جەستەی مەملەکەتدا چ مانایەکی هەیە؟ مانای ئەمە ئەوەیە کە، لە پەیکەری کۆمەڵایەتیدا کێشەیەك و لە خوێنیدا دەردێك بەڕێوەیە ئێوە کە ئێستا بە شاخ و باڵی ئەو نەخۆشییەدا هەڵدەڵێن و کەوتوونەتە پرسوڕاپێکردن، هیچ نەبێ لە خەمی دیاریکردنی نەخۆشییەکە بن و بکەونە چارەسەری ئەو دەردە. شێوازی بەرەنگاربوونەوەی ئێوە بۆ ئەو نەخۆشییە ڕاست نییە، وا باشترە زیاتر چاودێریی بکەن و لێیبکۆڵنەوە. ئەو

[1] Pamirs

[2] Dijon

یاسایەی کە ئێوە داتانناوە، وا دێتە بەرچاو کە بەسوود بێ بۆ فەقیر و هــەژاران و گونجــاو بــێ، بــەڵام نیــوەی ئــەو یاســایە بێکەڵکــە و نیوەکــەی دیکــە کــاتیی و نــا لۆژیکییــە. داخکردنــی ئــەو ســزایە بــە شــێوەیەك بــوو کــە، برینــی کۆمەڵگــەی خــراپتر دەکــرد و قڵشــی تێدەخست.

سزایەکی وەحشییانە و بێ بنەما، کە بۆ هەمیشە جێگـەی تـاوانی لەسەر لاشـەی تاوانبـار بەجێدەهێشـت و لـە نێـوان تـاوان و تاوانبـار خۆشــی و گەرموگوڕییــەکی نابــەجێی دروســت دەکــرد. گرتووخانــە دەرمانێکی بەد و داڕزێنەرە، کە خۆی لە گۆشـت و خـوێنی نـەخۆش وەردەدا و پیســتر و خــراپتری دەکــات. ســزای لــە ســێدارەدانیش دابڕانێکی کۆمەڵگەیە، کە بە شێوەیەکی وەحشیگەرانە دێتە هەژمار.

بــەجارێ، داخکــردن و گرتووخانــە و ســێدارە، هەرســێك لــەو دژیەکانەی کۆمەڵگەتان بەرزکردوونەوە. ئێوە کە یاسای داخکردنتان هەڵوەشاندۆتەوە، کەوایـە گرتووخانـە و سـێدارەش لابـەرن. ئاسـنی تـواوە و قـەپانی دەسـتگر و گیـوتین سـێ بەشـی گرنگـی ڕسـتەیەك بـوون. ئێـوە کـە ئاسـنی تواوەتـان لـە ڕسـتەکە دەرهێنـاوە، ئیـدی قەپانی دەستگر و گیوتینش بێمانان.

ئــەو نێردیوانــە خــراپ و بێکەڵکــەی تــاوان و ســزایە لێکەنــەوە و ســەرلەنوێ دانەیــەك دروســتکەنەوە. بــیر و بــاوەڕ و ســزا و تــاوانی خۆتان نوێکەنەوە. بەندییەکانی خۆتان ساڵح بکەن و دادوەرەکانتان بگۆڕن. کارێك بکەن، یاسا پێ بە پێی ئەخلاق بەرەوپێش بچێ.

خەڵکینە، ئەوە بزانن کـە هـەر ساڵە و سـەری زۆرێـك لـە خـەڵکی

لەسەر گیوتین لە لەشیان جیادەكرێنەوە. ئێوە كە لە فكری بەهەدەردانی بوودجەدان، لە بیری بەهەدەردانی ئەو سەرە فەقیرانەشدا بن. ئێوە كە قەڵەمی سوورتان پێیە و بڕیار بەدەستی ((ڕەشكردنەوەن))، ناوی پیاوكوژەكان لە لافیتەی كۆمەڵگە بسڕنەوە. ئێوە بەو مووچەیەی كە بەو هەشتا پیاوكوژەی دەدەن، دەتوانن شەش سەد خوێندكار دابمەزرێنن.

بەڕێزان، لە بیری زۆرینەی خەڵكی دابن. قوتابخانە بۆ منداڵان و كارگە بۆ پیاوان بكەنەوە. ئایا دەزانن كە لە نێوان هەموو وڵاتە ئەورووپییەكان، فەڕەنسا زۆرترین نەخوێندەواری تێدایە؟ چۆن؟ ... سویسرا خوێندەواری هەبێ، بەلجیكا خوێندەواری هەبێ، دانیمارك خوێندەواری هەبێ، یۆنان خوێندەواری هەبێ، ئێرلەندا خوێندەواری هەبێ، بەڵام فەڕەنسا خوێندەواری نەبێ؟ بە ڕاستی حەیاچوونە.

ئێوە سەرێك لە گرتووخانە بدەن و هەندێك لە بەندییەكان لە دەوری خۆتان كۆكەنەوە. سەرنج بدەنە یەك بە یەكی ئەو یاسا نەفرەتلێكراوانەی كۆمەڵگە. ڕادەی هەڵەكانیان هەڵسەنگێنن و كەللەسەریان تاقیكەنەوە. ئەوكات بۆتان دەردەكەوێ، كە هەر یەكێك لەو بێچارانە كەوتوونەتە ناو ئەو چاڵەوە، مرۆڤن بەڵام تەنها یەك فەرقیان هەیە لەگەڵ حەیواندا. واتە: هەر یەكێك لەوانە خاڵێكی هاوبەش و تایبەتی لە ئاژەڵ تێدایە. بۆ نموونە یەكێك پڵنگە، یەكێك پشیلەیە، یەكێك مەیموونە، یەكێك هەڵۆیە و ئەوەی دیكە كەمتیار. هۆكاری ئەوەی كە ئەو كەللەسەرانە پوچ و لەكاركەوتوون، بێگومان بە پلەی یەكەم سروشتییە و بە پلەی دووەم پەروەردە. سروشت بە

شـێوەیەکی خـراپ ئـەو مێشـکەی داڕشـتووە و پـەروەردەش زیـاتر تێکیداوە. ئێوە لە بیری پەروەردەدا بن و ئەو میللەتە بە شێوەیەکی بـاش پـەروەردە بکـەن. کارێـك بکـەن، کـە ئـەو کەللەسـەرانەی لەکارکەوتوون و بێنەوان، فراوان بن و ئەو بیر و هۆشەی کە تێیدایە، گەورە ببێت. میللەتان بە هـۆی ئـەو زانسـتەی پێیانـدراوە، خـاوەنی کەللەسەری یـا باشـە، یـان خراپـەن. خـەڵکی ڕۆم و یۆنـان خـاوەنی ناوچـاوانێکی گـەورە بـوون. ئێـوەش تـا دەتـوانن گۆشـەی مێشـکی میللەت زیاتر بکەنەوە.

کاتێك کە فەڕەنسا خوێندەواری پەیدا بوو، ئەوکات کارێك بکـەن، کە هۆش و توانا لە ڕێی ڕاست لا نەدات. خـوودی ئـەوەش عـەیبێکی دیکەیە، کە ئەگەر گرنگی پێ نەدرێ، هیچ سوودێك لـە خوێنـدەواری وەرناگیرێ. نەزانین لە زانستێکی هەڵە باشترە.

مەسەلەیەکی گـەورەی کۆمەڵگـە سـەری تاکـەکانی میللەتـە. ئـەو سەرە پڕە لە توخم و تۆوی بەسوود. ئێوە بهێڵن ئەو تـۆوە پێبگـات و میوەی شانازی و چاکەکاری و خـاوێن بێتـە بەرهـەم. ئـەوەی کـە دەچێتە سەر ماڵی خەڵکی و ماڵ و موڵکیان دەدزێ، ئەگەر هیدایـەت درابـا و پەروەردەیـەکی بـاش کرابـا، بـۆی هـەبوو ببێتـە ئـاقڵترین و خزمەتگوزارترینی ئەو میللەتە. هەرچی هەیە لە سەری تاکی میللـەت دایە. تۆوی زانست و ڕەوشـت لـەو سـەرانەدا بچێنن، ئاویـان بـدەن، بەرهەمـداریان بکـەن، ڕۆشـنیان بکـەن و پـەروەردەیان بکـەن. تێدەگەن، کە ئیدی پێویست بە بڕینی ئەو سەرە نازدارانە ناکات.

١

**گرتووخانەی بێ نووا**

**مەحکووم بە سێدارە...!**

بەڵێ، ئەوە پێنج هەفتەیە بەو خەیاڵە کوشندەیە بەسەری دەبەم. یار و هاودەمێکم نییە جگە لەمە. سەرتاپام لەو هەستە ساردەیە و جەستەم لە ژێر فشارێکی قورس و گراندا پڵیشاوەتەوە !...

ڕۆژگارێکە (بە ڕای من وا دەردەکەوێ، کە چەند ساڵێکە تاوانبار بە سێدارەم نەك چەند حەفتەیەك) بەڵێ، ڕۆژێك منیش پیاوێکی وەك ئەو خەڵکە بووم. هەموو دەقە و سەعات و ڕۆژێك مانایەکی تایبەتی بۆ من هەبوو. مێشکی زیرەکانە و پڕ باری من، وەك کارگەیەکی گەورە هەزاران خەیاڵ و فکری جوان و نەخش و نیگاری لەخۆ گرتبوو، کە هەموویانی بە شپرزەیی و ئاڵۆزەوە هەڵدەماڵین و بەڕەی زبر و کینەی ژیانی پێکەوە ئاڕاستە دەکردن. ئەو خەونە خۆش و خەیاڵە جوانانەی لە لایەن کچە جوان و گەنجەکانەوە بوون، وەك جل و بەرگی ڕێك و شانازیی کلێسا و ئەو شەڕانەی کە سەرکەوتنیان تێدا بەدەستهێنابوو، هەروەها هەموو ئەو شانۆ پڕ زەوق و بە چێژانەی پێشان دەدران، دوای ئەوە جارێکی دی کچە

جوانەکان و ئەو گەنجانەی کە شەوانە بۆ شـاخەوانی لـە ژێـر شـاخ و دەوەنی چڕ و پڕدا بوون دەکەوتنەوە ئەو خەیاڵـە. یادەوەرییـەکانم، زنجیرەیەك بوون لە خۆشی و شادی.

هــەر شــتێکم ویســتبا، دەمتــوانی بــیری لــێ بکەمــەوە و وەك باڵندەیـەکی تیـژڕەو، بـۆ هـەر شـوێنێك خـەیاڵم کردبـا، کـە ویسـتم لەسـەری بـا، دەمتـوانی بـۆی بفـڕم. چـونکە مـن مرۆڤێکـی ئـازاد و سەربەست بووم.

ئێسـتا مـن ئەسـیرم. جەسـتەمیان خزاندۆتـە ژوورێکـی تەسـك و تروسك و بە زنجیر بەسـتوویانمەوە و ڕوحیـان خسـتوومەتە خـەیاڵی مەرگەوە. خـەیاڵی شـەڕانگێز و ترسـێنەر و دوور لـە ڕەحـم و سـۆز. چونکە جگە لەو خەیاڵە شوومەی کە بەڕاسـتی و یـەقینی بـە منـەوە لکێنراوە و بۆتـە بەشـێك لـە بـیر و بـاوەڕی دڵـی مـن، هـیچ فکرێکـی دیکەم نییە، کە من سزادراوم بە سێدارە، سزادراو بە سێدارە..!

ئـەمن هەرچـی بکـەم، ئـەم ئەندێشـە دۆزەخییـە بـەردەوام لـە بەرامبـەرم ئامادەیـە و دەسـتم لـێ هـەڵناگرێ. وەك گیانلەبـەرێکی خراپ، کە لە قوڕقوشمیان دروستکردبێ، بەرامبەر مـن دانیشـتووە و ئەوەندە حەسوودە، کە هەموو خەیاڵـە خـۆش و ئاسـوودییەکانی لـە سەرم وەدەر ناوە. هەمیشـە چـاودێریم دەکـات و هـەر کـات بمـەوێ سەرم بسووڕێنم، یان چاوم لەسەر یەك دانێم، بە دوو دەسـتی سـارد و سـڕ و بـێ گیانـەوە، تـەکانم دەدات و نـاهێڵێ لێـی غافـڵ بم. هەرچەندە بمەوێ خۆم لەو خەیاڵە دوورکەمەوە و خۆی لێ بدزمەوە،

دیسانەوە دەبینم شێوەیەکی تازەی بە خۆیەوە گرتووە و لەگەڵ چەند خەیاڵێکی دیکە خزیوەتە بیروەریی پەنهانیی منەوە. کاتێک لەگەڵ ئەوانی دی قسە دەکەم، هەندێ قسەی دووبارە و ئازاربەخشم بەرگوێ دەکەون و کاتێک پاڵم وە میلەکانی گرتووخانەوە داوە، دەبینم ئەویش لەگەڵ من بەو میلە نەفرتلێکراوانەوە نووساوە. بەهەرحاڵ، کە بەخەبەرم هیلاکی کردووم، لەبەرئەوە دەمەوێ بنووم لە تەنیشتم دانیشتووە و لە خەویشدا لەسەر شێوەی چەقۆیەکی تیژ دێتە خەوم.

ئێستا کە ئەو خەیاڵە نەفرتلێکراوەم لە خەودا بینی، لە خەو ڕاپەڕیم و هەناسەیەکم هەڵێشا و لەبەرخۆمەوە گوتم: ((ئۆخەی، کە تەنها خەو بوو...!)) بەڵام پێش ئەوەی کە پێڵووی قورسی چاوم هەڵگلۆفم، ئەو خەیاڵە شوومەم لەسەر لەوحێکی ڕاستەقینەی بەرجەستە، لەسەر کەلوپەلی دەوروبەری خۆم، واتە لەسەر چیمەنتۆی شێدار و تەڕی گرتووخانە، لەسەر گڕی ئەو چرایەی کە بۆ شەو پێکراوە، لەسەر دەماری زبر و ئەستوور و ئەو جلکانەی کە دەبەر من و لە کۆتاییدا لەسەر ڕوخساری تاریك و نوتەکی سەربازی ئێشکگر، کە سەرە نێزەی لە نێوان میلەکانەوە دیارە دەدرەوشێتەوە و نووسراو و پەیکەر ببینم، هەست دەکەم چەند ساتێکە دەنگێك لە گوێمدا دەزرینگێتەوە و دەڵێ: سزادراو بە سێدارە!

٢

**سپێدە بێدەنگ، یەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی تەمووز بوو.**

سێ ڕۆژ بوو، کە دەستیان بە دادگایی من کردبوو، سێ ڕۆژ بوو، کە نێوی من و ئەو تاوانەی کردبووم، خەڵکێکی زۆری ڕاکێشی دادگا کردبوو، بینەرێکی زۆر کە بە شاڵاو بەرەو بینای دادگا هێرشیان دێنا و وەکوو قەلەڕەش لە چاوەڕوانیی لاشەی مندا بن، نیگەران و چاوەڕوان بوون. سێ ڕۆژ بوو ئەو یارییەی دادگا دەستی پێکردبوو و ئەوانەی شکایەتیان کردبوو و ئەوانەی شکایەتیان لێ کرابوو و پارێزەر و بریگرتە[1] و هەموو ئەوانە دەمێك بە ڕوخساری غەریب و نامۆوە و دەمێك بە دڵتەنگیی و خوێنمژانە خۆیان دەنواند، بەهەرحاڵ، وێنەیەکی تورە و تۆسنیان بە خۆوە گرتبوو و لە پێش منەوە تێدەپەڕین و هاتوچۆیان دەکرد. لەو دوو شەوە دادگاییە، کە ببووە هۆی شڵەژان و تێکچوونێکی نائاساییەوە، نەمتوانی بە باشی بنووم، بەڵام لە شەوی سێیەمدا بە هۆی ماندوویێتی و هیلاکییەوە خەوم لێکەوت.

[1] بەو کەسە دەگوترێ بریگرتە, کە پارێزەری گرتووە و بەرگریی پێ لە خۆی دەکات.

نیوەشـــەو دادوەران ئیجـــازەی منیـــان دا و کەوتنـــە پـــرس و ڕاوێژکردن. کێشکگرەکان منیان گەڕاندەوە گرتووخانـە و خستیانمە سەر حەسیری ژوورەکە، کـە لـە گۆشـەیەك بـوو. بـە خێرایـی خـەوم لێکـەوت و ئاگـام لـە مـەحموودی بـیّ زەواد نـەما. دوای ئـەو هـەموو شـڵەژان و تێکچـوون و بـاری نائاسـاییەی توشـی مـن بـوو، چـەند سەعاتێك پشوو و ئیسراحەتم بەرکەوت، ئـەویش ئـەو چـەند سـەعاتە بوو، کە بە خەو تێپەڕی.

هێشـتا لـە گەرمـەی شـیرین خـەودا بـووم، کـە هـاتن و بێـداریان کردمەوە. ئەوجار بـۆ بێدارکردنـەوەی مـن، تـەنها دەنگـی پۆسـتاڵی بزماردار و دەنگی بەریەککەوتنی کلیـل و قفـڵ بـۆ مـن بـەس نـەبوو، بەڵکوو بۆ بردنە دەرەوەم لەو حاڵەتـە بێهۆشـییە، وا پێویسـت بـوو، کە بەندییەوان بە دەنگێکی گەورە و ترسـێنەرەوە لـە گوێمـدا هـاوار بکات و بە دەستە زبر و ئەستوورەکانی قۆڵم ڕاکێشیّ و بڵیّ:

= هەستە...!

چاوم هەڵگلۆفین و شـێتانە لـە جـیّ هاتمـە دەر و لەسـەر حەسـیر دانیشتم. لـەو کاتـەدا لـە پەنجـەرە باریـك و گەورەکـەی ژوورەکـەدا، ڕووناکیدەرەوەیـەکی زێـڕینم لـە ژووری تەنیشـت خۆمـەوە بەرچـاو کەوت. بۆ ئێمەی بەندییەکان ئاسان نییە، کە جگە لە دالآن و تەوقی ئاسمان جێگەیەکی دیکە ببینین، چونکە چاوی من و هاوبەندییـەکانم خوویان بەو سەختییەی گرتووخانەوە گرتـووە. مـن بـە ڕوونـی بـۆم دەرکەوت، کە ئەو ڕووناکییە زێڕینـە تیشـکی خـۆرە. هـەر بەڕاسـت،

چەندە حەزم لە خۆرە.

لە دیتنی ئەو ڕووناکییە زێڕینەدا، ڕووم لە بەندییەوان کرد و گوتم:

= ڕۆژێکی چەند خۆشە...!

بەندییەوان بۆ چەند ساتێك بێدەنگ مایەوە و دەتگوت لە فکری ئەوە دایە، کە ئایا قسەی من شایەنی جوابدانەوەیە یان نا؟ دواتر منگەمنگێکی کرد و گوتی:

= لەوانەیە.

بێ جوڵە مامەوە و لە کاتێکدا هۆشم لە خۆ نەبوو و بە خەندەیەکەوە، کە لەسەر لێوم بوو، چاوم لەو تیشکە زێرینەیە دەکرد، کە بنمیچی داڵانەکەی ڕووناك کردبۆوە. دوای ماوەیەك سەیرکردن، دیسان گوتم:

= هەر بەڕاست، ڕۆژێکی چەند خۆشە...!

بەندییەوان وڵامی دایەوە:

= بەڵێ، ڕۆژێکی خۆشە، بەڵام پەلەی بکە، چاوەڕێی تۆن.

هەر ئەوەندە وشانە، وەك ئەوەی لە ئاسمانێت ڕا بەردەنەوە و منی بەخۆ هێنایەوە و ڕاستییەکی تێگەیاندم. وەك دیتنی ڕووناکییەکی کەم لە نێو تاریکییەکی گەورەدا، لەناکاو لە تاریکایی هۆڵی دادگای تاواندا، هەستم بە نیشانەیەکی سوور کرد کە دێتە ناو دادگا و بە قیافەیەکی تۆقیو و ترسێنەرەوە وێنای دەکەم، ئەو سەربازانەی کە پارێزەری من بوون و بە شێوەیەکی ئامادەباش

ڕاوەستابوون و تێگەیشتم، کە سەری بینەران لە کۆتایی هۆڵەکەدا وەك سەری مێرووان دەجوڵان و نیگای دوازدە بڕیاردەری بە ویژدان، کە چەند سەعات لە خەو و خۆراکی خۆیان گرتۆتەوە تێمەوە ڕامابوون.

لە جێگەی خۆم هەستام. ددانم بەریەك دەکەوتن و دەستم دەلەرزین. بە شێوەیەك کە توانام نەبوو جلەکانم وەبینم. ئێسکی لاقم لەرزۆك بوون و وەك بارهەڵگرێك، کە زیاد لە پێویست باریان لێ نابێ و لە یەکەم هەنگاو هەڵەنگوتم و خەریك بوو وە عەرزێ کەوم. بەو حاڵەوە بە دوای بەندییاوانەکەوە کەوتم.

دوو دەستە سەربازی پارێزەر لە بەر دەرگای ژوورەکە ڕاوەستابوون و چاوەڕێی من بوون. دەستیان کەلەبچە کردم. کەلەبچەکە قفڵێکی چکۆلە و بەهێزی پێوە بوو، کە بەستنی ئەو سەخت بوو و سەربازان ئەو قفڵەیان بە وریایی و تەرکیزەوە بەست. منیش بێ جوڵە ڕاوەستابووم و ئینکاریم نەکرد. وەك ئامێرێکی بێ گیان وا بووم کە لە ئامێرێکی دیکەی ببەستنەوە.

بەم شێوەیە لە حەوشەی قەرەباڵغ ڕەت بووین. هەوای تازە و پاکی سپێدە، گیانێکی تازەی دایەوە بەر من. سەرم بەرز کردەوە و ڕووم لە ئاسمان کرد. ئاسمانێکی ساف و بێگەرد، ڕووناکیی خۆر، دووکەڵی لوولەی گرتووخانەی دابەش کردبوو و ڕووناکییەکەی پان و بەرین لەسەر دیواری ژوورەکان خۆی هەڵخستبوو. بەڕاستی ڕۆژێکی خۆش بوو.

ئێمـه بـه پلیکانـه پێچـخواردووەکەدا سـەرکەوتین و لـه دالآنێـك تێپەڕین. دواتر، له دالآنی دووەم و ئینجا لـه سـێەم تێپـەڕین. دوای ئەوە دەرگایـەکی بچووك بـه ڕووماندا کرایـەوە. هەوایـەکی گـەرم و ژاوەژاوم بەر ڕوخسار کەوت. ئەو هەوایە، هەوای خەڵکێکی زۆر بـوو، کە لە هۆڵی دادگای تاوان دانیشتبوون. من چوومە ژووری دادگا.

هەر کە لە بینای دادگا دەرکەوتم، دەنگـەدەنگێك لـە خەڵکەکـەوە پەیدا بوو و دەنگی ئامادەکردنی چەکی سەربازان بـەر گـوێ کـەوت. دەنگەدەنگ کەوتە شوێنی ئامادەبووان و وە جوڵەجوڵ کـەوتن. لـەو کاتەدا کە من لەو بینا درێژەدا، بە نێو دوو دەسـتە خەڵکدا، کـە لـە پێشـیان سـەرباز وەسـتابوون، تێدەپـەڕیم. هەسـتم دەکـرد کـە ڕوخسـاری ئامـادەبووان وەك ئـەو بوکەڵەوازییەیـە، کـە بـە سەرەداوێکەوە بەستراوە و سەری هـەموو ئـەو داوانـەش بـەرەو مـن دێنەوە. بەڵێ، وام هەست دەکرد، کـە سـەنتەری هـەموو ئـەو قیافـە مات و سەرسامانە منم.

ئینجا تێگەیستم کە دەستم کەلەبچە نییە، بـەڵام هەرچـەند فکـرم لێـی کـردەوە، نـەمزانی کـەی و چـۆن و لـە کـوێ لـە دەسـتیان کردوومەوە.

ئەوکات بێدەنگییەکی قورس و سەنگین فـەرمانڕەوای دادگـا بـوو. منیش گەیشتبوومە شـوێنی خـۆم. ئیـدی دەنگـەدەنگ و جموجـۆڵی بینـەران نـەما و خـامۆش بـوو، منـیش وەخـۆ هاتمـەوە و لـەناکاو تێگەیشتم، کە ئەو کاتە چارەنووسسـازە هـاتووە و بـۆ ئـەوە منیـان

هێناوەتە ئێرە، تا سزای دەرکردنی بڕیارم لە لایەن دادگاوە گوێ لێ بێ.

هەر کەسە چۆن لێکی دەداتەوە، کەیفی خۆیەتی، بەڵام من لەو بارەیەوە هیچ هەستم بە شڵەژان نەکرد. پەنجەرەکانی هۆڵی دادگا کرابوونەوە. هەوای ساف و دەنگەدەنگی خەڵکی لە دەرەوەڕا دەهاتە ژوورێ. بیناکە ئەوەندە ڕووناک و ئاڵ و واڵا بوو، کە دەتگوت بۆ ئاهەنگێکی هاوسەرگیری ئامادەکراوە. ڕووناکیی خۆر هەندێ جار بەر دیوارەکان و هەندێك جار بەر وێنەی سەر دیوارەکان دەکەوت و هەندێ جاریش بەر عەرز دەکەوت و دەشکایەوە. تیرێژی خۆرەتاو لە پەنجەرەی هۆڵەکەڕا دەهاتە ژورێ و ئەو تۆز و خۆڵە لە چوارچێوەی ئەو تیشکەدا کەوتبوونە سەما و گێژەڵووکە.

دادوەرانی دادگا، کە لە کۆتایی بیناکە دانیشتبوون، شاد و بەکەیف دەهاتنە بەرچاو و خۆشحاڵیی ئەوان، لەوەدابوو، کە کارەکەی خۆیان بە کۆتا هێناوە. ڕوخساری سەرۆکی دادگا، کە بە تیشکەکە درەوشابۆوە، دەلالەتی لە هێمنی و ئارامی و میهرەبانی دەکرد. یەکێك لە دادوەرە دواکەوتووەکان، کە گەنجێك بوو، خەریکی چاککردنی یەخەکەی بوو و بە گەرمی لەگەڵ خاتوونێکی جوان قسەی دەکرد، کە کڵاوێکی گوڵ گوڵی جوانی لە سەر بوو. ئەو خاتوونە جوانە جێگەی ڕێز و خۆشەویستی دادوەر بوو و لە پشتە سەریەوە دانیشتبوو.

تەنها لیژنەی بە ویژدانماندوو و هیلاك دیار بوون، کە وا

پێدەچوو هۆکارەکە ئەوە بێ، تەواوی ئەم شەوەیان بە بێداری بەسەربردبێ. هەندێکیان ئەوەندە ماندوو بوون، کە باوێشکیان دەدان. لە ڕەنگ و ڕووی هیچیانەوە پێ نەدەچوو بڕیاری سێدارەی کەسێکیان پێ بێ و من کاتێك چاوم لێ دەکردن، جگە لە خەوێکی ئارام و ئاسوودە، هیچی دیکەم لێ چاوەڕێ نەدەکردن.

بەرامبەر من پەنجەرەیەکی تەواو کراوەی لێ بوو. دەنگی پێکەنینی گوڵفرۆشانم لە کەناری ڕووبارەوە بەر گوێ دەکەوت. لە پەنجەرەوە گوڵێکی زەرد و بچووك، کە لەسەر بەردێکی تەخت ڕوابوو تیشکی هەتاو لێی دابوو و بە با دەلەرایەوە، هەستێکی خۆشی بە مرۆڤ دەبەخشی.

هەر بەڕاست، چۆن دەکرا لە نێوان ئەو هەموو هەستە خۆش و دڵگیرانەدا، ئەندێشەی بەد و خراپ بە مێشکمدا ختوورە بکەن؟ بە چ هەقێك دەکرا جگە لە بیرکردنەوە لە ئازادی و نووری گیانبەخشی ڕووناکیدا بم و ئازادی لە فکرمدا وەدەرنێم؟ هیوا، وەك خۆر لە دڵمدا دەدرەوشایەوە و وەك کەسێك، کە چاوەڕێی ئازادی و ڕزگاربوونی خۆی دەکا لە دادگا، چاوەڕێی بیستنی بڕیاری دادگا بووم.

لەو کاتەدا پارێزەری من لە دەرگا هاتە ژوور. دادوەرانی دادگا چاوەڕێی ئەو بوون. پارێزەرەکە، لە خواردنی نانی بەیانیڕا دەهاتەوە و دیار بوو بە ئیشتیایەکی تەواوەوە، نانێکی شاهانەی خواردبوو. کاتێك گەیشتە جێگەی خۆی، بە قیافەیەکی پێکەنیناوییەوە سەری بۆ لای من سوڕاند و گوتی:

= من بە تەواوی ئومێدەوارم.

منیش خەندەیەکم بۆ کرد و گوتم:

- بەڕاست؟

پارێزەر گوتی:

= بەڵێ، ئەگەرچی من هێشتا زانیاریم لەسەر کرۆکی بڕیارەکە نییە، بەڵام وای بۆ دەچم، کە هۆکاری ((بە ئەنقەست))یان لە تاوانەکەی تۆ لابردبێ. بەم شێوەیە تاوان بە ئەنقەستە و سزای ئێوە سزای هەتاهەتایی و بێگاریی دەبێ.

منیش تووڕە بووم و گوتم:

- هایی جەناب، ئەوە دەڵێی چی؟ من سەد جار مەرگ لە بەرامبەر تاوانێکی ئاوا دادەنێم.

بەڵێ، بەڕاستی من داوای مەرگم دەکرد، بەڵام لەناکاو دەنگێك لە دەروونمدا هەڵقوڵا و گوتی: بۆچی لەو قسەیەت دەترسی؟ مەگەر تا ئێستا سزای سێدارەیان جگە لە نیوە شەو و لە ژێر فانۆس و لە نێو هۆڵی تاریك و نوتەکدا و جگە لە شەوی بارانـاوی و سارد دا داوە؟ خۆ ئێستا مانگی شادیبەشخی هەشتە و سەعات هەشتی بەیانییە و لە ڕۆژێکی ئاوا خۆشدا چۆن دەکرێ دادوەران بەو ڕووە خۆشەوە، بڕیاری سێدارەی تۆیان دابێ؟ نەخێر، نەخێر، مەحاڵە. هەر لەو خەیاڵەدا بووم، کە چاوم بەو گوڵە زەرد و بچووکە کەوت، کە نەسیمی با یاریی پێ دەکرد و دەیلەراندەوە.

لەناکاو سەرۆکی دادگا، کە تەنها چاوەڕێی پارێزەری من بوو،

ئەمری بە من کرد، کە لە جێگەی خۆم هەستم و سەربازانیش کەوتنە ئامادەباشی و خەڵکەکەش دەتگوت تەزوویان بە لەشیدا هاتووە و لە جێی خۆیان قیتوقنج ڕاوەستان. لەسەر مێزی پێش دادوەران، مێزێکی بچووک هەبوو، کە لە پشتییەوە قیافەیەکی پوچ و بێکەڵك دەهاتە بەرچاو، کە پێم وایە نوێنەری دادگا بوو. نوێنەری دادگا زنجیرەی قسانی بە دەستەوە بوو و ئەو وتارەی، کە دادوەرە بە ویژدانەکان لە غیابی من بە ناونیشانی دادگا نووسیبوویان، خوێندەوە. ئارەقێکی سارد تەواوی بەدەنی داپۆشیم و پشتم وە دیوار دا، تا نەکەومە سەر عەرزی.

سەرۆکی داگا پرسی:

= جەنابی پارێزەری بەرگریکار، ئایا لەسەر ئەو سزا و تاوانە قەسەیەکت هەیە؟

من بۆ خۆم حەزم لێ بوو زارم بکەمەوە و زۆر شت بڵێم، بەڵام هیچ شتێکم بۆ نەهات زمان بە مەڵاشوومەوە نووسابوو.

پارێزەری بەرگریکاری من لە جێی خۆی هەستا.

ئەمن وا تێگەیشتم کە پارێزەرەکەم دەیەوێ وتاری لیژنەی ویژدان ڕەت بکاتەوە و سزای سێدارە بگۆڕێ بەو سزایەی، چەند ساتێك لەمەوبەر بە هیوایەوە بە منی ڕاگەیاندبوو و من وەڕەس و دڵتەنگ بووم.

ڕق و توڕەیی من لە سزای هەتاهەتایی و بێگاری، بە ڕادەیەك بوو، کە جگە لەوەی دنیایەك ترس و دڵەڕاوێکێ لە دڵدا بوو، هەزار

ئەندێشەی دژیەکیش لە سەرمدا لە بەربەرەکانێدا بوون. دەمویست ئەوەی کە پێشتر بە پارێزەرەکەمم گوتبوو، بە دەنگێکی بەرز دووبارەی بکەمەوە بڵێم: سەد جار مەرگ هەڵدەبژێرم لە بەرامبەر بێگاری و سزای هەتاهەتایی، بەڵام هەناسەم لە سینەمدا تەنگ بوو و تەنها توانیم بە توندی باسکی تەکاندەم و بە دنیایەك شڵەژان و دڵەڕاوکێوە هاوار بکەم و بڵێم: نا ! نا... !

دادوەران لەگەڵ پارێزەری من لە مشتومڕدا بوون و منیش بە ئاسوودەیی و جۆرێك لە ڕازیبوون و سڕبوونەوە گوێم لە قسەکانی گرتبوو. دوای ئەوە، دادوەران لە ژوورەکە چوونە دەر و دیسان پێداچوونەوەیان کرد و ئەوجار سەرۆکی دادگا سزای منی خوێندەوە.

خەڵکەکە دوای ئەوەی گوێیان لە بڕیارەکە بوو، هاواریان لێ بەرزبۆوە:

= سزای سێدارە.... !

لەو کاتەدا، کە کێشکگرەکان منیان لە هۆڵەکە دەبردە دەرێ، خەڵکی بە دەنگەدەنگێکی ترسانەکەوە، وەك دەنگی داڕوخانی کۆشکێکی شاهانە هاواریان دەکرد و دەنگەکەیان کاری تێکردم. بەڕێدا دەڕۆیشتم، بەڵام گێژ و مەدهۆش بووم. شۆڕشێك لە دەروونمدا دروست بوو. هەتا ئەو کاتەی سزای سێدارەی منیان نەخوێندبۆوە، وام هەست دەکرد، کە منیش لەو شوێنە دەژیم، کە خەڵك ژیانی تێدا دەباتە سەر و وەك ئەوان هەناسە دەدەم و دڵم

وەك دڵێکی زیندوو لێیدەدا. بەڵام دوای ئەوە، وام هەست دەکرد، کە لە نێوان من و جیهاندا بەربەستێك هاتۆتە پێش. ئیدی هیچ شتێك وەك ڕۆژانی پێشتر نەدەهاتە بەرچاوم. ئەو پەنجەرە گەورە و نوورانیانەی هۆڵی دادگا، ئەو خۆرەتاوە گەرمە، ئەو ئاسمانە ساف و بێگەردە، ئەو گوڵە زەردە چکۆڵە و جوانە، هەموو ئەوانە لە زەینی مندا وەك کفنێکی سپی وا بوون و ڕەنگپەڕیو دەهاتنە بەرچاو. هەتا ئەو پیاو و ژن و منداڵانەش، کە لەسەر ڕێگەی منەوە دەڕۆیشتن و دەهاتن، لە بیری مندا هەمان خەیاڵی درۆینە دەردەکەوت.

لە خوار پلیکانەکانی دادگا، گالیسکەیەکی پیس و ئاڵۆسکاوی گرتووخانە لە چاوەڕێی مندا وەستێنرابوو. کاتێك سواری گالیسکەکە بووم، بە شێوەیەکی هاکەزایی چاوم لە مەیدانەکە کرد. ئەو ڕێبوارانەی کە بەرەو لای گالیسکەکە دەهاتن، هاواریان دەکرد کە، ئەوەش یەکێکی دیکەی سزای سێدارەیە...! وام هەست دەکرد، کە هەورێك لە نێوان من و شتی دەرەوەدا هەیە و پێم وا بوو، لە دەوروبەری ئەو هەورەدا دوو کچی جوانکیلە دەبینم، کە بە چاوی شڵەژاو و موشتاقەوە بەدوام دەکەوتن. کچە بچووکترەکە چەپڵەی لێ دەدا و دەیگوت:

= ئەی گیان...! شەش حەفتەی دیکە لەناوی دەبەن.

٣

**بڕیاری سێداره....!**

باشه، بۆچی سزای سێدارەم بۆ دەرنەچی؟ لە بیرمە کاتێك لە کتێبێکدا بابەتێکم دەخوێندەوە و نایشارمەوە، کە لە تەواوی ئەو کتێبەدا، لەو بابەتەی جوانتر تێدا نەبوو. بەڵێ، لە کتێبەکەدا دەمخوێندەوە کە: مرۆڤەکان هەموویان شایەنی مردنن. کۆتا وادەی جێبەجێکردنی بڕیار دەربارەی هەر یەکێ لەوان نادیارە. کەواتە چ شتێك لە چارەنووسی مندا دەگۆڕێت؟

لەو کاتەوەی، کە بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ خوێندبوومەوە، چەند کەس خۆیان بۆ ژیانێکی درێژ ئامادە کردووە، بەڵام مردن...! چەند گەنجی ساغ و سەلیم و ئازاد پێیان وا بوو، کە لە وادەی سەربڕینی من دێنە ((مەیدانی سێدارە)) بەڵام پێش من لەم دونایە ڕۆیشتن...! چەند کەس لەمڕۆوە تا ڕۆژی لە سێدارەدانم زیندوون و بە ڕیگەدا دەڕۆن و هەوای پاك هەڵدەمژن و بە حەزی خۆیان کوێیان کەیف لێ بێ، بۆی دەچن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوەی هەیە کە پێش من بمرن...! با واز لەوە بێنین، ئەسڵەن لەدەستدانی ژیان بۆ

من چ گرنگییەکی هەیە؟ لە ڕاستیدا، تاریك و نوتەکی گرتووخانە، نانی ڕەش و کڕووهەڵاتووی حەبس و گۆشتاوی بێتام، کە لە تەشتێکی چکۆلەی دارینـدا، لە بەرامبەر بێگاری پێمی دەدەن و تەحەمولی ڕق و توندوتیژی، لە کاتێکدا من لە ژێر کاریگەریی خوێندەوە و پەروەردەدا، دڵێکی نەرم و هەستێکی ناسك و هێمنم هەیە. بیستنی وشەی ناشیرن و خراپ لە دەمی بەندییەوان و ئێشکگرەکانەوە و هاودەم نەبوون لەگەڵ مرۆڤێك، کە بتوانم دوو قسەی پیاوانەی لەگەڵ بکەم و ببیستم و ڕۆژ و شەو ترس لەو شتەی، کە کردوومە، یان لەو شتەیەی کە بەرامبەرم دەکرێ، تەنها شتێکە، کە من لە ژیاندا هەمە و پیاوکوژێك دەتوانێ لێم بستێنێ.

نا، نا، ئەم ژیانە بێزارکەرە و بە هیچ شێوەیەك بۆ من گرنگ نییە.

٤

**گالیسکەڕەش، منی بۆ ئەم گرتووخانە نەفرتبارە ((بێ پەردە)) گواستەوە.**

ئەم گرتووخانەیە شکۆ و گەورەییەکی وای هەیە، کە لە ئاسۆیەکی درێژەوە لەسەر گردێکەوە دەبینرێت. هێشتا لە دوورەوە گەورەیی و شکۆ و سامی، وەك قەسری پاشایان دێتە بەرچاو. بەڵام هەتا زیاتر لێی نزیك دەبینەوە، کۆشك دەگۆڕێ بۆ کۆخێکی کۆن و کاولبوو. دیمەنی کەوتنی کۆنگرەکان چاوی بینەر ئازار دەدات و شتێکی ئابڕووبەر و نەگبەت، کە دیار نییە چییە، ئەم باڵەخانەیەی پیس و پۆخڵ هێشتۆتەوە. وا پێدەچێ، کە دەرودیواری ئەو کۆشکە توشی گەڕ و گولی بووبن. ژوورەکان پەنجەرەیان نییە و پەنجەرەکان شووشەیان پێوە نییە، بەڵکوو بە جێگەی پەنجەرە، میلی ئەستوور و گەورەی ئاسن دێنە بەرچاو، کە جارجار ڕوخساری ڕەنگپەڕیوی بەندییەك، یان شێتێك بەوێوە نووساوە.

بەڵێ، ئەمەیە خەونی ژیان لە نزیکەوە.

٥

هێشتا نەگەیشتبوومە گرتووخانە، کە گەردنم کەوتەوە بەر چەنگاڵی ئاسنی بەندییەوانەکان و کەوتنە چاودێریکردن و ئێشکگرتنم. ئیدی بۆ نانخواردن چەقوو و چەنگاڵیان وێ نەدەدام. ((کرواس))[١]یێکیان لەدەست کردم، تا نەتوانم سوود لە دەستم وەرگرم. بەندییەوانەکان بەرپسی گیانی منن و لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر بڕیاری دادگا داوای لێخۆشبوونم کردبوو و ئەو تەشریفاتە، بۆی هەبوو شەش یان حەوت حەفتەی پێ بچێت و دەبوو ئەوان ساغ و سەلیم ئەمن ڕاگرن هەتا ڕۆژی لە سێدارەدان و بردن بۆ ((مەیدانی سێدارە)).

ڕۆژەکانی سەرەتا بە شێوەیەکی وا نەرم و نیان هەڵسوکەوتیان دەکرد، کە ببووە هۆی ڕق و کینەی من، چونکە ڕێزلێنانی بەندییەوانەکان، بۆنی مەرگی لێ دێت. خۆشبەختانە دوای چەند ڕۆژێك وەزعەکە ئاسایی بۆوە، واتە وەك بەندییەکان بە توندی و ڕق و کینەوە مامەڵەشیان لەگەڵ من دەکرد و ئیدی لەو ڕێز و خۆشەویستی و تەشریفلێنانە تایبەتانە، کە لە خەیاڵی مندا وەك

[١] کرواس: بەرگێکی ئەستووره لە لۆکە دروست کراوە. وەك جەمەدانی وایە.

پیاوکوژێك خۆیان وێنا دەکرد، خەبەرێك نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندە باشییە تەنها بۆ من بەس نەبوو، بگرە گەنجێتی و ژیرێتی و ڕەفتاری هێمنانەی من و ئەو چەند وشە لاتینیەی، کە من بە دەرگاوانەکەم دەگوت، هەرچەند هیچی لێ تێنەدەگەیشت، بەڵام بووە هۆی ئەوەی، کە هەفتەی جارێك منیش وەکوو بەندییەکان بۆ گەڕان ببەن و ئەو کیسە کڕواسەشم لەدەست بکەنەوە، کە لە دەستیان کردبووم و هەتا ئیجازەی ئەوەشیان پێ دام، کە شەوانە دەتوانم قەڵەم و دەفتەر و کاغەز و ڕووناکیش بەکاربێنم.

ڕۆژانی یەکشەممە دوای نوێژی شەیتان[1]، لە کەش و هەوایەکی ئازاد دا، ڕێم پێ دەدەن بچمە حەوشەی گرتووخانە. لەوێ لەگەڵ بەندییەکان قسە دەکەم ئەوەش کارێکی زۆر پێویستە.

هەر بەڕاست ئەو چارەڕەشانە چەندە خەڵکی باش و میهرەبانن! ئەوان چیرۆکی خۆیان و هەموو ئیش و کاریانم بۆ دەگێڕنەوە. ئەو چیرۆکانە زاڵمانە و ترسێنەرن، بەڵام ئەوان شانازیی بە گێڕانەوەیان دەکەن. هەروەها زیندانیەکان، بە زمانی بازاڕی شتی تایبەتیی خۆیانم بۆ باس دەکەن. زمانی ئەوان زمانێکی زۆر سەیرە، زمانێکە وەك ئەوەی زیپکە و بالووکە و سوورەکوان لە لەشێکی ساغ و سەلیمەوە بێنە دەرێ، بە زمانی گشتی بەستراوەتەوە مانای تایبەت

[1] نوێژی شەیتان، ئەو نوێژەیە، کە لەسەر ئەو کەسانە دەخوێنرێت، گوایە شەیتان چۆتە لەشیانەوە.

بە خۆی هەنە، بۆ نموونە ئەگەر بیانەوێ بڵێن: خوێن لەسەر ڕێ ڕژاوە، دەڵێن: (( عەرەقیان لەسەر مێز پڕژاندووە)) و یان لە جیاتی ئەوەی بڵێن: فڵانیان بردووە بۆ سێدارە، دەڵێن: (( لەگەڵ بێوەژن هاوسەرگیریی کردووە)) و مەبەستی ئەوەیە بە هۆی بێوەژنەوە کەوتۆتە بەر سێدارە و هەر ئەوەش وایکردووە ئەو ژنە بێوەژن بێتەوە. کەللەی دز لە فەرهەنگی ئەواندا دوو ناوی جیاوازی هەیە: کاتێك هێشتا ئەو سەرە بە لاشەیەوە ماوە و بیر و ئەندێشە و هۆشدارە، ئەمر بە چاکە دەکا، پێی دەڵێن (( ناوەندی زانست)) و لەبەرئەوەی بە دەستی پیاوکوژ لە لەشی جیادەکرێتەوە، پێی دەڵێن(( کۆلکەدار)). زۆر جار ئەو قسانەی کە بە ئاوەز، یان وەك شیعر وانە، هاوواتان. بۆ نموونە: بە ((زمان)) دەڵێن ((درۆزن)) بە زۆری وشە و کەلیمەکانیان زۆر سەیر و نامۆن، کە کەس نازانێ لە چ ڕەگێکەوە هاتوونە بوون. زۆرینەی وشەکانیان ئەوەندە ناشیرنن، کە لە بۆق و جاڵجاڵۆکە و شتی ئاوا نزیکن. مرۆڤ کاتێك گوێی لەو لەهجە و دەستەواژە تایبەتانە دەبێ، وەك ئەوە وایە بەڕەیەکی تۆز و خۆڵاوی لە پێش چاوی ئەو بتەکێنن.

دیسان، تەنها ئەو کەسانەن، کە دڵیان بە حاڵی من دەسووتێ. کێشکگر و بەندییەوان و کلیلدارەکان، کاتێك لە کن من قسە دەکەن و پێدەکەنن و باسی من دەکەن، وەك ئەوە وایە، دەربارەی شتێك قسە بکەن، هەڵبەت منیش تورە و دڵگران نابم لێیان و لە دڵی ناگرم.

٦

ڕۆژێك بە خۆمم گوت:

= ئێستا مادام كەلوپەلی نووسینیان داوەتە دەستم، بۆچی نەنووسم؟ بەڵام چ بنووسم؟ ئەوە ئێستا لە نێو چواردیوارێكی لە بەرددروستكراوی ڕووتدا بەند كراوم و پێیەكانم ئازاد نین تا بە ڕێدا بڕۆم و ئاسۆیەكم لێوە دیار نییە، كە بە دیاریەوە ڕامێنم. ئێستا تەنها سەرگەرمی و ڕابواردنی من، ئەوەیە، كە جوڵەی ئارام و هێمنی ئەو چوارگۆشە ڕووناكییە سپییە ببینم، كە لە كلاوڕۆژنەی ژووری گرتووخانە هاتۆتە ژووریٚ و بەرامبەر منە. ئێستا كە بەتەنیٚ ماومەتەوە و هیچ ئاوەڵێكم نییە، جگە لە بیركرنەوەی خەمبارانە. واتە: خەیاڵی تاوان و سزا و پیاوكوژی و سێدارە. ئێستا خۆ هیچ ئیشێكم لەم جیهانەدا نەماوە، ئایا دەكریٚ هیچم ئامادە بیٚ بۆ نووسین؟ ئایا لەو مێشكە پووچ و خاڵییەی من دا، شتێك كە ببێتە مایەی نووسین لەخۆ دەگریٚ؟

بەڵام نا، بۆ نەنووسم؟ ئەگەر چوار دەورم تەنها وشك و برینگە و بەس، ئەدی لە دەروونمدا ڕووداوی خەمبار و شۆڕشی گەورە بەرپا

نەبوونە؟ ئایا لەو دۆخەدا، کە وادەی جێبەجێکردنی بڕیارەکەم نزیك دەبێتەوە، ئەو خەیاڵە جێگیرەی، کە باڵی بەسەر دەروونمدا کێشاوە و هەر دەقە و سەعاتێك، بە نمودێکی تازەوە لە زەینمدا نەخش دەکێشیێ، ترسێنەرتر و خوێناویتر نییە لە جاری پێشتر؟

بۆچی نەینووسم، ئەو شتەی کە لەو تەنگانە و دابڕانەدا هەستی پیێ دەکەم و بۆ ئەوانی دی بەرگەنەگر و تاقەتپڕوکێنە، لانیکەم با بۆ خۆمی باسکەم. بێگومان بابەتی نووسین کەم نییە، هەرچەندە تەمەنێکی کەمم هەبیێ، بەڵام دیسان ئەو حاڵەتەی شڵەژان و هەستیاری و تۆقێنەر و ڕەنج و ئەشکەنجەیەی، کە لە ئێستاوە، تا سەرەمەرگ هاوڕێی تەمەنی بووە، دەکریێ خۆی لە چەند خاڵێکدا ببینێتەوە و ئەو مەرەکەبە وشك بکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، تەنها وەسیلەیەك، کە بتوانیێ بەشێکی گەورە لە ڕەنج و ترس و دڵەڕاوکیێ لە بیر من بباتەوە، ئەوەیە کە بە دیقەتەوە بکەومە خوێندنەوەیان، بەڵکو باسکردن و شەرحی ئەوانە، من بە خۆوە سەرقاڵ بکات.

جگە لەوەش، لەوانەیە ئەو شتەی کە من دەینووسم، بێسوود نەبیێ و ڕۆژێك بەکەڵك بێت. ئەو دەفتەرە یادەوەرییەی، کە ڕەنجی ڕوحیی من، سەعات بە سەعات و دەقیقە بە دەقیقە و هەنگاو بە هەنگاو نیشان دەدا، ئەگەر بتوانم، تا دواسات کە بۆم دیاریکراوە دەینووسم. ئەو مێژووە، کە بە ناتەواوی ماوەتەوە، هەتا ئەو کاتەی بۆم دیاریکراوە، بە کۆتا دێت و باسی هەست و سۆزی منی تێدا

دەبێ، ئەگەری ئەوەی هەیە، کە پێشەکی دەرسێکی گەورە و گرانبەها بێ. ئایا ئەو مەجلیسەی، کە ئیشیان بڕیاردانە لەسەر کەسی بێ گوناه و فەقیر و هەژار، ناتوانن لە بەرامبەر ئەوەی کە خەڵك توشی سێدارە دەکەن، دەرسێك وەبینن، کە ببێتە هۆی پەند و عیبرەت بۆیان؟ لەوانەیە ئەم نووسینە، دەستیان بگرێتەوە لە بڕینی ئەو کەللەسەرانەی، کە دەیاننێرنە بەر تەرازوو (کە خۆیان پێیان وایە تەرازووی یەکسانییە) و ئەوان هەرگیز بیریان لەوە نەکردۆتەوە، کە ئەو سزایەی لە کاتی سێدارەدا جێبەجێ دەکرێ، چ ئازار و ئەشکەنجەیەکی هەیە. ئایا ئەو بەدبەختانە قەت بیریان لەوە کردۆتەوە، ئەو کەسەی کە تاوانبار بە سێدارەی دەکەن، دارایی بیر و ئەندێشەیەکە، کە پابەندە بە ژیانەوە؟ گیانێکی هەیە کە هەرگیز ئامادەی مەرگ نییە؟ نەخێر، نەخێر، ئەوان جگە لە هەڵبژاردنی کێرد بۆ مل و گیوتین، بیر لە هیچی دیکە ناکەنەوە و پێیان وایە ئەو کەسە، سەرەتا و کۆتایی تاوانبار بە مەرگە.

بەڵام ئەم وەرەقانە لەم هەڵەیە دووریان دەخاتەوە، خۆ ئەگەریش ڕۆژێك چاپ و بڵاوبۆوە، لەوانەیە بۆ چەند ساتێك توشی سزای ڕوحییان بکات چونکە ئەو گرووپە، لە فکری ئەو شتەدا نین، کە دەبێتە هۆی سزا و ڕەنجی ڕوحیی مرۆڤ. ئەوان بە شێوەیەك چوونەتە پێش، کە بێ ئەوەی درك بە هەست و سۆز و سزای مرۆڤ بکەن، دەیکوژن، بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە، کە لە هەست و سۆز و ڕەنج بێخەبەرن. ئاخر ئازاری جەستەیی لە بەرامبەر ئازاری ڕوحی

چـییە؟ بەڕاسـتی ئـەو یاسـایەی کـە ئەوانـە دایاننـاوە، تۆقێنــەر و خەفەتبارە!

ڕۆژێك دێ، کە ئەو یاداشتانە، واتە: ئەو وشە هاندەرانەی مـن، لـە ڕێکخستن و یاسای نوێدا بەکەڵك دێن، بەو مەرجەی دوای مردنی مـن ((با)) ئەو وەرەقانە لە حەوشەی ماڵانـدا پەرێشـان نـەکات و لەگـەڵ قوڕ و گڵ تێکەڵ نـەبن، یـان بەندییەوانـەکان لـە جێگـەی شووشـەی پەنجەرەی شکاویان دانەنێن و باران نەیانخووسێنێ.

٧

گریمان كردم ئەوەی كە من لێرەدا دەینووسم بەكەڵك ئەوان هات، یـان دادوەران پاشـگەزبكاتەوە لـە بڕیـاری سـێدارە، یـان تاوانبـاری بێچارە، یان فـەقیران لـەم شـەكەتی و ناخۆشـییەی كـە مـن پێیـەوە گرفاترم، ڕزگار بكەم! باشە، ئەو كارە چ سـوودێكی هەیـە و بـۆ مـن چەند گرنگە؟ ڕێك ئەوكاتەی سەری من دەبڕن، ئیدی چ لە وەزعەكـە دەگۆڕێ؟ بە من چی سەری خەڵكی دەبڕن یان نا؟ ئایا ئـەم خەیاڵـە شێتانەیە لە مێشكم چۆتە دەرێ، تا فریای كەسانی دی بكەوم؟ ئایـا هــەوڵی مــن بــۆ ئاوەژووكردنــەوەی ئــەو ســێدارەیەی كــە خــۆم لــە سەرەوەی دەبینمەوە، دروستە؟ من لە ئێوە دەپرسم، ئایا ئەو كارە سوودێكی بۆ من هەیە؟!

چـۆن؟ خۆرەتـاوی بـەهار و دەشـتودەری سـەوز و گـوڵ و ئـەو باڵندانەی، كە سپێدە لە خەو بێدار دەبنەوە و هەور و دار و سروشت و ئازادی و ژیان و هەموو ئەوانە، پەیوەندییەكیان بە منەوە نامێنێ؟

وای! ئەوە منم، كە پێویستە خۆم ڕزگار بكەم! ئایا ڕاسـتە، كـە ئیدی ڕزگاربوون، بۆ من ئاسان نییە و دەبێ سبەینێ، یـان لەوانەیـە ئەمڕۆ گیان بسپێرم؟ ئایا وایە؟ وای خوایە گیان! بە خەیاڵمدا هات، ســەرم لـــە دیــواری گرتووخانــە ڕاكێشــم! چ بیركردنەوەیــەكی تۆقێنەر...!

٨

ئێستا دەمەوێ ئەو ڕۆژانە بژمێرم، کە لە تەمەنم باقی ماون:

سـێ ڕۆژ بـۆ تێپەڕانـدنی مۆڵـەتی یاسـایی لـەو کاتـەوەی کـە بڕیارەکەیان بۆ خوێندوومەوە.

پازدە ڕۆژ بۆ ئیمزاکردنی وەزیـر لەسـەر ئـەو فایلـە، کـە هـەتا لـە بـوونی ئـەو فایلـە بێخەبـەرە و بـەم شـێوەیەش دوای چـاولێکردن و پێداچوونەوە، ئەویش بۆ دیوانی گشتیی سەرۆکایەتی دەنێرێت.

لە دیوانی گشتیی سەرۆکایەتیش، ژمـارە دانـان لەسـەر کاغـەز و ژمارەدانانی فایلەکە و تۆمار و ڕێکخسنتیش ماوەیـەکی پـێ دەچـێ، بە هۆی ئەوەی کە دەڵێن: گیوتین زەحتێکی زۆری لەسـەرە و دەبـێ هەر کەسە و چاوەڕێی سەرەی خۆی بێ.

درەنگکەوتن بە هۆی وردبینیی دادگاش، بەو مەبەستەی کـە هـیچ هەقێك نەکەوێتە لای من، پازدە رۆژ.

بەهـەرحاڵ، ڕۆژێکـی پێنجشـەممە، وەك عـادەتی ئاسـایی دادگـا، دیوانی سەرۆکایەتیی گشتی، ڕێکدەخرێت و لـە هـەمان ڕۆژدا بیسـت حاڵـەتی دیکـەی ئـاوا بەڕێـدەکرێن، دوای ئـەوە، ئـەو داواکاریانـە

دووبـاره دەنێرنـەوە بـۆ جـەنابی وەزیـر. بەڕێزیشـیان بـۆ جـەنابی دادوەری ڕەوانە دەکات و دادوەریش بـەرەو پیاوکوژیـان دەنێـرێ و هەموو ئەو بگرە و بەردەیە، سێ ڕۆژی پێ دەچێ.

بەیانیی ڕۆژی چوارەم، نوێنەری داواکراوی گشتی، لە کاتێکدا کـە بۆینباغەکەی لە مل دەبەستێ، دەڵێ:

= بەهەرحاڵ، دەبێ ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکرێن.

ئەوکاتیش نوێنەری دادگا، بۆ ئەوەی نەبێتە میوانی نانی بـەیانیی هاوڕێیـانی و دەعوەتێـك هاوڕێکـانی لــە کـار نــەکا، ڕەشنووســی جێبەجێکردنی بڕیاری سێدارە ڕێك دەخات و پاکنووسی دەکات و بۆ پیـاوکوژی دەنێـرێ و ئــەو ڕۆژەش دەمەوبــەیانیی زوو، دەنگــە خۆشەکەی چوارچێوەی گیـوتین، لـە مەیـدانی سـێدارەوە بـەر گـوێ دەکەوێت و جاڕچییەکانیش لەسەر چوارڕیانەکان سەرقاڵی جاڕدانن.

هــەموو ئــەو پێشــەکیانە، بــە لایــەنی زۆرەوە شــەش هەفتــەیان پێدەچێ، بۆیە کیژۆڵەکە ڕاسـتی دەکـرد، کـە دوای شـەش حەفتـەی دیکە لەناودەچێ.

بەجارێ دەبێ پێنج یان شـەش حەفتـە بـێ، کـە لـەم گرتووخانـە ڕووخاوە((بێ نووا)) بەندکراوم. چـی بکـەم؟ جورئـەتی ئـەوەم نییـە حیسابی ڕۆژان ڕاگـرم. بـەم شـێوەیە، مـن پـێم وایـە سـێ ڕۆژ زیـاتر بەسەر پێنجشەممەی دیاریکراودا تێناپەڕێ.

٩

دەمێکە وازم لە ڕێکخستنی وەسیاتنامەی خۆم هێناوە.

بەڵام نازانم وەسیەت بەکەڵك چی دێ؟ من لەسەر بڕیارەکەشم قەرزدار بوومەتەوە و تاوانی ئەوەشم هاتۆتە سەر، کە بە هەموو داراییەکەم، ناتوانم تێچووی جێبەجێکردنی بڕیارەکەشم بدەم. ئەرێ بەڕاست دەبێ خەڵك بە چ ئازارێکەوە بەو گیوتینە گیان بسپێرن؟

دوای من دایکم و خێزانەکەم و کچەکەم لە پشت بەجێ دەمێنن. کچەکە منداڵێکی سێ ساڵانە، ڕووخۆش و سوور و سپی و پاك و بێگەردە. چاوی گەورە و ڕەشن و کەزیی درێژ و ڕەنگ خورمایین.

کاتێك بۆ دواجار ئەوم دیت، دوو ساڵ و مانگێك لە تەمەنی تێپەڕیبوو.

بۆیە دوای مردنی من سێ ژن بێ باوك و بێ کوڕ بێوەژن دەمێننەوە، سێ هەتیوی تەواو لێك جیاواز و نەگونجاو پێکەوە. سێ بوونەوەری چارەڕەش، کە بەدەست یاساوە بێسەرپەرشت و بێ ساحێب دەمێننەوە.

زۆر باشە، من هیچ کێشەم لەگەڵ ئەو خاڵەدا نییە، کە دەبێ من

بە سزای خۆم بگەم، بەڵام دواجار ئەو سێ بەستەزمانە چییان کردووە؟ ئەو بابەتە لەکن یاسا گرنگ نییە و ئەوانە دەبێ بێ ئابڕوو و نابووت بن، لەبەرئەوەی یاسا دایناوە.

من بۆ پیرە دایکم هیچ کێشەم نییە، لەبەرئەوەی شێست و چوار ساڵ لە تەمەنی ڕۆیشتووە و بەدڵنیاییەوە بە بیستنی لە سێدارەدانی من دەمرێت، یان لەوانەیە چەند ڕۆژێك دوای مردنی من بژی، ئەگەر لەو چەند ڕۆژەشدا ئاگری بۆ لە کورەدا بکەیەوە، لەوانەیە هیچ نەڵێ.

بۆ خێزانی خۆشم دڵتەنگ و نیگەران نیم، بۆیە هەم میزاجی نەخۆشە و هەم مێشکێکی لاواز، ئەویش بە بیستنی لە سێدارەدانی من دەمرێت. ئەگەر نەشمرێت، ئەگەری ئەوەی هەیە کە شێت بێ، بەڵام هێشتا شێتی وا لە مرۆڤ ناکا بیکوژێت.

بۆیە ئازاری ڕوحی و فکری نابێت. ئەو بەدبەختە، هەمیشە نەخۆشە و وەك مردووان وایە.

بەڵام کچەکەم، جگەرگۆشە نازەنینەکەم، بێچارە ((ماری))ی چکۆلانەکەی من، کە هەموو دەم پێدەکەنێ و یاریی دەکات و گۆرانیی دەڵێت و دوورە لە هاش و هوشی دنیا.

بەڵێ، خەیاڵی ئەوە، کە تا ئێستا من ئازار و ئەشکەنجە دەدات...!

١٠

**باسی ژوورەکەی خۆم دەکەم:**

ژوورێکــە بــە بــەرینایی هەشــت پــێ چوارگۆشــە، چــواردەوری دیوارەکە بە بەرد دانراوە، کە بە ستوونێکەوە پێك بەستراونەوە و بە ڕێڕەوێکی ڕاستەوە دەڕوات تا بە تەختایی چیمەنتۆ دەگات، کە پلەیەك لە تەختایی داڵانەکەی دەرەوە بەرزترە.

لــە لای ڕاســتی نــاوەوە، چــاڵێکیان بــە شــێوەی شانشــین ئامادەکردووە، کە لە ناویدا حەسیرێکی تەخت هەیە و ئەو بەندییەی کــە زســتان و هــاوین، بــەخۆ و بــەو پــانتۆڵ و چــاکەتەوەی کــە دەبەریەتی، ناچارە لەسەر ئەوە بنوێت و پشوو بدات.

لــە بــەرزایی ســەرمەوە، لــە جێگــەی ئاسمــانی ســاف و بێگــەرد، پارچەیەکی ڕەشــی هێلکــەیی، کــە تــەنی جاڵجاڵۆکــەی گــەورە، وەك ڕیشاڵی کۆن هەڵواسراوە.

جگە لەوە، ژوورەکــە نــە پەنجــەرەی تێدایــە و نــە کلاوڕۆژنەیــەك، تەنها دەرگایەکی هەیە، کە تەختەی ئەو دەرگایە لــە ژێــر تــوێکڵێکی ئاسندا شاردراوەتەوە.

بەڵام نا من هەڵەم کردووە، لەبەرئەوەی لە ناوەڕاستی دەرگاکەوە بۆ سەرێ کونێك بە پانایی ٩ پەنجەی ئەسپێ کوژە، کە لــە شــێوەی

خاچ هەڵکەنراوە و بە شێوەیەکە، کە بەندییەوان دەتوانێ ئەو کونە بگرێت. لە دەرەوەی ژوورەکە، داڵانێکی گەورە هەیە، کە لە چەند تەنگەبەرەیەکەوە هەوا و ڕووناکیی دەگاتێ. ئەو داڵانە بەسەر چەند ڕێرەوێکدا دابەش دەبێ، کە بە دەرگای بچووك پێکەوە دەبەسترێنەوە و هەر یەك لەو ڕێڕەوانە بەرەو ژووری سەربەخۆ دەچنەوە. وەك ئەم ژوورەی من، کە سەرۆکی گرتووخانەی تاوانباران، بێگوناه و بێتاوان و ئەوانەی کە بێگارییان پێ دەکات، دەیانخاتە ئەم ژوورەوە. سێ ژووری سەرەتا تایبەتن بە بەندیی تاوانبار بە سێدارە لەبەرئەوەی لە فەرمانگەوە نزیکە، چاودێریکردنی بەندییەکان، لە لایەن بەندییەوانەکانەوە ئاسانترە.

لەو کۆشکە کۆنە ((بێ نووا))یەی، کە لە سەدەی نۆزدەوە بە شێوازێکی گرنگ دروستکراوە، ئەم چەند ژوورەی لێ ماوەتەوە و ئەم گرنگییە بوو، کە ژاندارکی بە زیندوویی خستە ناو ئاگر. من ئەم خاڵەم لە زاری چەند کەسێکی نامۆوە بیست، کە دوێنێ بۆ دیتنی من هاتبوون. ئەو کەسانە وەك ئەوەی هاتبنە باخچەی ئاژەڵان، بە شێوەیەکی سەرسوڕمان چاویان لێ دەکردم. بەندییەوانەکان لەم سەیرکردنە، سەد ((خاڵ))یان وەدەست کەوت.

لە بیرم چوو بڵێم: کەسێکی کێشکگر، شەو و ڕۆژ لە پێش دەرگای ژووری من کێشکگرە و هەر کات من سەر بەرزکەمەوە سەیری کڵاوڕۆژنە بکەم، ئەوە لێم دیارە بە دوو چاوی زەقی چاودێریی، تێمەوە ڕاماوە و سەیرم دەکات.

١١

هێستا لە دەرکەوتنی خۆر خەبەرێك نییە. چی دەکرێ بەم شەوە سەختە؟ بەڵام شتێك هاتۆتە مێشکمەوە. لە جێگەی خۆم هەستام و بە ڕووناکییەوە سەیری چوار دەوری ژوورەکەی خۆمم کرد. دیوار پڕە لە نووسین و وێنە و شکڵ و شێوەی سەیر و سەمەرە و ناوی کەسایەتیی، کە لە پەنا یەکتر نووسراون. دەڵێی هەر تاوانبارە و ویستوویەتی یادەوەریی خۆی بنووسێتەوە.

قەڵەمی ڕەش و گەچ و خەڵووز یادگارییان پێ نووسرابوون لەسەر دیوار و هەموو لایەك خەتی ڕەش و سپی و خۆڵەمێشیی بەرچاو دەکەوتن. هەندێ جاریش هەڵکۆڵین لەسەر بەرد بەدیار دەکەوتن، کە شتیان لەسەرەوە نووسرابوو و بە شێوەیەك ڕەنگی دەدایەوە، دەتگوت بە خوێن نووسراون.

من ئەگەر خەیاڵێکی ئاسوودە و ئارامم دەبوو، ڕاستەوخۆ سوودێکی زۆرم لەو نووسینانەی سەر دیواری ژوورەکەم وەردەگرت بۆ کتێبەکەم. چەندم حەز لێ بوو، کە ئەو فکرە ئاڵۆزانەی سەر دیوار، ڕێکبخەمەوە و پەی بە ناوی هەموو کەسایەتییەکان ببەم و

ڕوح بە بەر ئەو نووسینە ئاڵۆزانەدا بکەمەوە و شکۆ بۆ ئـەو ڕسـتە و وشانە بگەڕێنمەوە، کە وەك ساحێبەکانیان بێ سەر ماونەتەوە.

لە سەرەوەی جێخەوی مـن وێنـەی دوو دڵـی گڕگرتـوو هەیـە، کـە تیرێکی جـەرگبڕ هـەردووکی کـون کـردوون و لـە سـەرەوەی وێنەکـە نووسیویانە: ژیان بە عەشقەوە. بەدبەختە، نووسەری ئەو کەتیبەیە، زانیویەتی کە ژیان بۆ ئەو هیچ جێگرەوە و مانەوەیەکی نامێنێت.

لە تەنیشت وێنەی سەرەوە، وێنەی کڵـاوێکی سـێ گۆشـەیی و لـە ژێـر کڵاوەکـەوە، وێنەیـەکی بچـووکی نەناسـیاوی کێشـاوە و لـە سەرەوەی نووسراوە: بژی ئیمپڕاتۆر! ساڵی ١٨٢٤.

دیسـان لـە شـوێنێك وێنـەی چـەند دڵێکـی گڕگرتـوو هەیـە، کـە نووسینێکی لەگەڵە" ئـەم نووسـینە بـۆ شـوێنێکی وەك گرتووخانـە، جێگەی سەرسووڕمان و هەڵوەستە کردنە. لەسەری نووسراوە:

من ((ماتیو دان ون))م خۆشدەوێت و دەیپەرستم. ئیمزا ژاك.

لە دیواری بەرامبەر، ناوی ((پاپاووان)) نووسراوە و پیتی یەکـەم، کـە P یـە، بــە ســەلیقەیەکی جــوان و نەخشـونیگارێکی ڕازاوەوە نەخشێنراوە.

لە شوێنێك شیعرێك هەیە، کە پەیوەندیی بە ئـاوازێکی کـۆن و بـە گەورەیی و دژی چاکەی گشتییە.

لە شوێنێکی دیکە وێنەی مینای ئازادی لەسەر بـەردێك کێشـراوە، کە لە خوار خۆی نووسراوە: کۆمار، ئیمزا بوری.

((بوری)) یەکێك بوو لە ئەفسەرانی چوارینەی لاروشەل.

گەنجی بەدبەخت و بێچارە! بەڕاستی ئـەو کـردارە پیاوکوژانەیـە، کە خەڵکی بە ناوی بڕیاری سیاسییەوە و بە ناوی ئەوەی کە جۆرێـك لـە بیرکردنـەوە و خـەون و خـەیاڵێکی خۆشـی لـە سـەری دا بـووە، تووشـی ڕاسـتییەکی تۆقێنـەریان کـردوون بـە نـاوی پـەتی سـێدارە. چەندە تۆقێنەر و ئابڕووبەرە!

ئەو شوێنەی کە ئاوایان لەگەڵ ئەو کردووە، ئیدیی منـی بێچـارە، کـە توشـی تـاوان بـووم و پیـاوم کوشـتووە، بۆچـی دەبـێ گلـەیی و گازندە بکەم؟

بەداخــەوە کــە نــاتوانم لــەوە زیــاتر بــڕۆم و بــەردەوامیی بــە خوێندنەوەی خۆم بدەم. چونکە وا ئێستا چاوم لـە بـەردێکی سـپیی بێزارکەرە، کە بە قەڵەمێك وێنەی لەسەر دروستکراوە: وێنـەی پـەتی سـێدارەی لەعنـەتی، کـە دەڵێـی لـە ئێسـتاوە و هـەر لێـرە بـۆ مـن ئامادەکراوە. هەموو لەشم کەوتۆتە لەرزین و خەریکە ڕووناکییەکە لە دەستم بەربێتەوە.

١٢

لەناکاو چوومەوە سەر حەسیری خۆم دانیشتم و سەرم خستە نێو هەردوو ئەژنۆکانم. دواتر ترسی مندالآنەی من پێچەوانە بۆوە و هەستێکی نامۆ وای لێ کردم، هەستم و بەردەوام بم لە خوێندنەوە.

لە تەنیشت ناوی ((پاپاووان)) تەونی ئەو جالّجالۆکەیەم لێ کردەوە، کە تۆز و خۆڵی لە خۆی گرتبوو و لە گۆشەیەکی دیوار بلّاوببۆوە. لە ژێر ئەو تەونە جالّجالۆکەیەدا چوار یان پێنج ناوێك بە تەواوی دیارن، دەنا ئەوانی دیکە جگە لە پەڵەپەڵەی ڕەش و سوور هیچی دیکە بەرچاو ناکەون.

ئەو چوار ناوەش ئەمانەن: ((دوتن))، ١٨١٥. ((پولن))، ١٨١٨. ((ژان مارتن))، ١٨٢١. ((گاستن))، ١٨٢٥. لە خوێندنەوەی ئەو ناوانە، کەوتمە بیرەوەرییەکی تاڵەوە.

((دوتن)) هەمان ئەو کەسەیە، کە برای خۆی لەت لەت کرد و شەوێ، کاتێك چوو بۆ پاریس، سەری براوەی براکەی فڕێدایە ڕووبارێك و لاشەکەشی خستە ئاوەڕۆی زێرابەوە. ((پولن)) هەمان ئەو کەسەی، کە ژنەکەی خۆی کوشت. ((ژان مارت)) هەمان ئەو

کەسەیە، کە کاتێك پیرەبابی پەنجەرەی دەکردەوە، بە حەوت گوللە کۆتایی بە ژیانی هێنا. ((گاستن))یش هەمان ئەو دکتۆرەیە، کە هاوڕێی خۆی ژەهراوی کرد، لەبەرئەوەی چاودێریی هاوڕێیەکەیان پێ سپاردبوو و ببوو بە چاودێری ئەو، لە جیاتی ئەوەی دەوا و دەرمانی پێ بدات، ژەهری پێ دابوو. دوای ئەوانیش کەوتمە بیری ((پاپاووان)). ئەو شێتەش هەمان ئەو کەسەی، کە سەری منداڵانی دەبڕی و ڕاستەخۆ دەیکوشتن.

لەم یادەوەرییە جەرگبڕانە، تا و لەرزێکی سەیر سەراپای لەشمی وە جوڵە خستبوو و بە خۆمم دەگوت: ((سەیرکە، میوانانی ئەم ژوورە پێش من چ کەسانێك بوونە... !))

ئەو تاوانبارە خوێنڕێژانەش لەسەر هەمان ئەو چیمەنتۆیەی کە من لەسەری دانیشتووم، ئەوانیش دانیشتوون و بیریان لە کۆتا تاوان و زوڵم و ستەمی خۆیان کردۆتەوە. ئەوانیش هەر لەو چوار دیوارە تەنگ و تەسکەدا وەك گیانداری دڕندە پیاسە و هاتوچۆیان کردووە! هەر یەکە و لە نۆرەی خۆی و لە ماوەیەکی کەمدا هاتوون و چوون و وا پێدەچێ، کە ئەم ژوورە هەرگیز بە بەتاڵی نەمابێتەوە. ئەوان ڕۆیشتوون و شوێنی گەرمیان بۆ من جێهێشتووە. نۆرەی منیش دێت و لە گۆڕستانی کلامار، واتە لەو شوێنەی کە بەقەد ڕوانی سەوزە و گیا جێ هەیە، منیش بەوانەوە دەلکێنرێم.

من نە خەیاڵپەرستم و نە وڕێنە دەکەم، بەڵکو بۆی هەیە بە هۆی ئەو بیرکرنەوانە توشی تا بووبم. بەهەرحاڵ، کاتێك ڕۆچووبوومە ناو

ئەو خەیاڵە نەگریسەوە، لەناکاو وام بە خەیاڵدا هات، کە ئەو ناوە شوومانە بە ئاگر لەسەر ئەو دیوارە ڕەشەی ژوورێیان نووسیون. دەنگێکی بێزارکەر لە گوێمدا زرنگایەوە و ڕووناکییەکی سوور کەوتە سەر چاوم. دواتر پێم وا بوو، کە ژوورەکە پڕ بووە لە خەڵکی سەیر و سەمەرە، خەڵکانێك کە سەری بڕاوی خۆیان بە دەستی چەپیان هەڵگرتبۆوە و لەبەر ئەوەی سەریان کەچەڵ بوو، بە ددانەوە هەڵیان گرتبوو. ئەو کەسانە هەموو بە مست هەڕەشەیان لە من دەکرد، تەنها ئەوە نەبێ کە بابی خۆی کوشتبوو، هیچ کاری بە مندا نەبوو.

من لە ترسی دیتنی ئەوانە خۆم گرمۆڵە کردبوو، بەڵام دیسان هەموو ئەوانەم زۆر بە ڕوونی دەدیت.

نازانم خەو بوو، یان خەیاڵ، یان ڕاستی، بەهەرحاڵ ئەگەر هەستێکی خێرا لە کاتی خۆیدا منی بە ئاگا نەهێنابایەوە و لەو خەیاڵە سەیر و سەمەرانە بێداری نەکردبامەوە، لەو ترسە زۆرەی هەمبوو، شێت دەبووم.

هێندەی نەمابوو بە پشتدا بکەوم، لەناکاو هەستم بەوە کرد، کە گیاندارێك بە سکی ڕووت و لاقی بە خوورییەوە، بەسەر پێی ڕووتمدا دەڕوات. ئەو گیاندارە، هەمان ئەو جاڵجاڵۆکەیە بوو، کە من بێزارم کردبوو و ماڵ و حاڵیم لێ تێکدابوو و ئەوە بوو بە خێرایی دەڕۆیی.

من لەو ڕاستییەوە بەخۆ هاتمەوە. ئەی تارمایی بێزارکەر! نا، نا، ئەوەی من دیتم، جگە لە دوکەڵ، هیچی دی نەبوو. خەیاڵێك بوو، کە

بە مێشکە هیچ و پوچەکەی مندا تێپەڕیبوو. خەیاڵێکی ((مکبث))[١] بوو. ئەوان کە مردوون، خۆ زیندوو نابنەوە. بەتایبەت ئەو تاوانبارانەی، کە ئێستا لە گڵکۆی خۆیاندا ئۆقرەیان گرتووە. خۆ قەبر گرتووخانە نییە، تا بتوانن تێیدا بجووڵێن. کەوایە خودایە، بۆچی من توشی ئەم هەموو شڵەژان و ترسە ببووم؟

بەڵێ، خۆ قەبر هەڵنادرێتەوە.

[١] Macbeth پادشای سکۆتلەندی کە لە ١٠٤٠-١٠٥٧ پاشایەتیی کردووە. شاعیر ناوداری ئینگلیز شکسپیر, ناوی ئەو و تاوانی نەگریسی ئەوی لە نەخشەی خۆیدا بە ناوی ((مکبس))ی هەتا هەتایی ناوناوە. دەڵێن سێ دەستە لە ساحیران پێیان گوتووە کە تۆ دەبیتە پاشا. شەوێك مکبس بە فێڵی خێزانەکەی ((دنکن)) کە میوانی ئەو دەبێ و لە ماڵی ئەودا خەوی لێ دەکەوێ, دەیکوژێت و هاودەستەکەی خۆشی ((بانکوو)) لە خۆی دوور دەکاتەوە. لەوکاتە بەدواوە, دووچاری کابووسی تۆقێنەر دەبێ و هەموو شەوێك وا دێتە خەوی کە ((بانکوو)) دەبینێ لە خەودا, کە سەردانی دەکات. ژنی مکبسیش کە هاوکاری کوشتنەکە بوو, بۆ ساتێکیش سەبر و قەراری نەبوو و هەمیشە وایدادەنا, کە دەستی بە خوێنی ((دنکن)) سوورە. دواجار ژنەکە خۆی کوشت و مکبسیش لە شەڕێکدا کوژرا. ((و.ف))

١٣

دوای تێپەڕینی ئەو چەند ڕۆژە، شتێکی تۆقێنەرم دیت.

هێشتا تەواو کازیوەی نەداوە، گرتووخانە دەنگەدەنگ و هاتوهاواری لێ هەڵدەستا. دەنگی کردنەوە و پێوەدانی دەرگای قورس و بەریەککەوتنی کلیل و قفڵی ئاسن و ئاوازی لێکخشانی ئەو کلیلانەی، بە بەر کەلەکەی بەندییەوانەوە بوون و لەرزینی نێردیوان لە ژێر پێی ئەو کەسانەدا، کە بە خێرایی و بە توندی بەسەریدا دەچوونە سەرێ و دەهاتنە خوارێ و دەنگی بەندییەکان، کە بە ڕێڕەوەکەدا دەڕۆیشتن و ناوی یەکتریان دێنا و جوابی یەکدیان دەدایەوە، بەرگوێ دەکەوتن. جیرانەکانی من، واتە تاوانبار بە بێگارییەکان، لە هەموو ڕۆژان بەکەیفتر و خۆشحاڵتر بوون. دەتگوت هەرچی لە گرتووخانەی ((بێ نووا))دا هەیە پێدەکەنێ و سەما دەکا و بە خۆشی ڕادەبێرێ. تەنیا من بووم، کە هێمن و مات و وڕ لە نێوان ئەو هەموو هاشوهووشەدا ڕاوەستابووم و گوێم گرتبوو.

یەکێك لە بەندییەوانەکان بە کنمدا تێپەڕی.

ڤیڕوسیام کرد و بانگم کرد و لێم پرسی، ئایا هیچ جەژن و شتی وا

لە گۆڕێن ئەمڕۆ؟

بەندییەوان گوتی: چۆنت حەز لێیە وای دانێ. جەژن بێ یان نا، ئەمڕۆ ڕۆژێکە، کە ئەو کەسەی تاوانبارە بە بێگاری، زنجیر و کەلەبچە لە دەست و لاقی دەکەن و بۆ تۆلۆنی[1] دەنێرن. تۆش حەز دەکەی سەیری بکەی؟ هەر بەڕاست، خراپ نییە. سەرقاڵ دەبی پێیەوە.

لە ڕاسیتیدا سەیرکردنی وەها دیمەنێك، هەرچەندە بەد و بێزارکەر بێ، بۆ کەسێك کە لە کونجی گرتووخانەوە دەستبەسەر و تەنیا بێ، بە نیعمەتێکی گەورە دێتە هەژمار. بۆیە بە خۆشحاڵیەوە ڕازیبووم بۆ سەیرکردنی ئەو دیمەنە.

کێشکگر بۆ ئەوەی لە ژووری من دڵنیا بێ، کەلوپەلی پێویستی هێنان. دواتر منی بردە ژوورێکی بچووك، کە هیچ کەسێکی لێ نەبوو هیچ پێویستییەکیشی لێ نەدەبینرا. ئەو ژوورە، پەنجەرەیەکی چکۆلەی پێوە بوو، کە لە دەرەوەڕا میلەی ئاسنیان لێ دابوون، بەڵام پەنجەرەیەکی بەرز بوو، کە بەندی دەیتوانی بە ئاسوودەیی ئانیشکی لەسەر دانێ. لە ڕێگەی ئەو پەنجەرەوە ئاسمان بە تەواوی و بە ڕوونی بەدیار دەکەوت.

بەندییەوان گوتی:

= ئێستا دەتوانی لێرەوە گوێت لە هەموو شت بێت و هەموو

[1] تۆلۆن شارێکی فەڕەنسییە.

شـتێك ببینـی. ئـەتۆ لـەم ژوورەدا وەك پاشـا وای، کـە بەتـەنێ لـە خەڵوەتگەی خۆیدا بێ.

بەندییەوان ئەوەی گـوت و لـە ژوورەکـە چـۆ دەرێ، بـەڵام قفـڵ و کیلۆنی دەرگای بە چاکی قایم کردن.

پەنجەرەی لای خۆرهەڵات بەرەو حەوشە، تەقریبـەن پانتاییـەکی گەورە بوو، بە شێوەیەکی چوارگۆشە، کە لە چـوار لاوە، باڵەخانـەی شـەش نهـۆمی لـە بـەردی بـەهێز دانرابـوو و وەك دیـوارێکی بـەهێز چواردەوری حەوشەی گرتبێ. لە لای مرۆڤ هـیچ شـتێك لـەو مەیدانـە چوارگۆشەیە ناشیرنتر و خراپتر و پیستر نەبوو، کـە چـواردەوری بـە پەنجەرەی ئاسن دەورە درابوو.

لـە پشـت ئـەو پەنجەرانـە، لـە سـەرەوە تـا خـوارێ، ڕوخسـاری ڕەنگپەڕیو و زەردهەڵگەڕاو، کە وەکوو ڕەوەسەگێك پاڵیان وە دیوار دابێ، دەبینران.

ئەو ڕوخسـارە خەماوییانـە، هـەموو بـە شـێوەیەك پاڵەپەسـتۆیان لەسەر ئەو میلانـە دروسـت کردبـوو، وەك ئـەوەی چوارچـێوەیەکیان پێك هێنابێ. ئەوان لەو بەندییانە بـوون، کـە چـاویان لـەم ڕووداوەی ئەمڕۆ دەکرد، بەڵام چاوەڕێی نۆری خۆشیان بوون، کـە ڕۆژێـك دێـت ئەکتەری ئەم شانۆیە خۆیان دەبن. دەتگوت ڕوحـی نـەفرینلێکراون، کـە لـە کلاوڕۆژنـەی دۆزەخـەوە، سـەیری سـزا و ئەشـکەنجەی دۆزەخییان بکەن.

هەموو بە بێدەنگییەکی قوڵەوە سـەیری ئـەو حەوشـەیان دەکـرد،

کە کەسی تێدا نەبوو. هەموو لـە چـاوەڕوانیدا بـوون. لـە نێـوان ئـەم ڕوخسـارە نـامۆ و بێدەنگانـەدا، لـە گۆشـەیەکەوە، چـاوانێکی گـەش دەبینران، کە وەك هەورەبرووسکە دەدرەوشانەوە.

دیوارەکـانی گرتووخانـە وەك چـوارپایەیەکی چوارگۆشـە تـەواوی حەوشەی داگرتووە و لە هیچ شوێنێك کەلێنی تێناکـەوێ. مەگـەر لـە لای ڕۆژهەڵاتەوە، کە نێردیوانێکی ئاسن لە ناوەڕاستیێ، دوو دیـواری پێـك بەسـتوونەوە. ئـەو نێردیوانـە بـەرەو حەوشـەیەکی دیکـە دەبێتـەوە، کـە لـە حەوشـەی یەکـەم بچـووکترە، بـەڵام وەك حەوشـەیەکی گـەورە وایـە، کـە دەوروبـەری ئـەم حەوشـەیە بـە دیوارێکی بەرز و شوورایەکی ڕەش گیراوە.

لە چواردەوری ئەم حەوشە گەورەیە، تاتەبەردیان بۆ دانیشـتن لـە بن دیوارەکە داناون. لە ناوەڕاستی حەوشەکەش، کۆڵەکـە ئاسـنێکی گـەورە هەیـە، کـە سـەرەکەی شـۆڕ بۆتـەوە و گڵـۆپێکی پێـوە هەڵواسراوە.

سەعات دوازدەی نیوەڕۆی ڕاگەیاند. لـەناکاو دەرگایـەکی گـەورە، لە گۆشەیەکی دیوارەکان، کە نهێنیی بـوو، کرایـەوە. گالیسکەیەکی گەورە لەگەڵ دەستەیەك لە سەربازی ئێشکگر بە هەیکـەلێکی گـەوج و پیسەوە ڕێیان دەکرد، بـە هاوسـەنگییەکی تـەواوەوە پێیـان نایـە حەوشـەوە و دەنگـی بەریەککـەوتنی ئاسـن و زنجـیر بـەرزبۆوە. ئێشکگرەکان جلێکی یەکڕەنگی شینیان لەبەردابوو. ڕەنگـی پارچـە پـەڕۆی شـانیان سـوور و بـەنی قەیتانـەکانیان زەردڕەنـگ بـوو.

گالیسکەکەش تایبەت بوو بە هەڵگری بەندییە تاوانبارەکان و کۆت و زنجیر.

لە هەمان کاتدا بینەرانی پشت پەنجەرەکان، کە تا ئەوکاتە بێدەنگ و ئارام بوون، هاواری خۆشی و شادییان لێ بەرزبۆوە و دەنگی جنێو و هەڕەشە و نەفرەت و ژاوەژاو و قسەی ناشیرن، دەکەوتە بەر گوێی بەندییەکان. بە شێوەیەك کە دەنگی گالیسکە و کۆت و زنجیر، گرتووخانەی بە دەنگ هێنابوو. ڕوخساری بەندییەکان وەك ڕوخساری شەیتانەکانی لێ هاتبوو. کاریگەریی ڕق و کینە، لە ڕوخسارياندا دەردەکەوت. هەموويان دەستيان بە میلەکانەوە گرتبوو و زیاتر خۆیان دەردەخست. لە دەمی هەر یەکێکیان دنیایەك جنێو و وشەی ناشیرن دەردەچوون و ئاگریان لە دەموچاوی دەباری.

کاتێك دیتم جارێکی دیکە ئەم هەموو هاتوهاوارە لەم کەلاوەیە هەڵدەستێ، توشی ترس و شڵەژان بوومەوە.

لەو کاتەدا، ئێشکگرانی تاوانباران بە هێمنی و لەسەرخۆیی دەستیان بە کارەکانی خۆیان کرد. لە نێوان ئەواندا، چەند کەسێکی نامۆ دەبینران، کە جلوبەرگێکی خاوێن و قیافەیەکی ترسێنەريان هەبوو، کە وا پێدەچوو خەڵکی پاریس بن. یەکێك لە ئێشکگرەکان، چۆ سەر گالیسکەکە و کۆت و زنجیر و ئەو تەلیسەی جلوبەرگی بەندییەکانی تێدابوو، بۆ هاوڕێکانی هەڵدایە خوارەوە. دواتر هەموو ئێشکگرەکان، کارەکانیان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد.

دەستەیەك چوون بۆ گۆشەیەکی گرتووخانە و زنجیرە درێژە ئاسنەکانیان بڵاوکردن، کە بە زمانی تایبەتی خۆیان پێیان دەگوت ((گوریس)). دەستەیەکی دیکە بەستەیەك ((ئاوریشم))یان لەسەر چیمەنتۆی گرتووخانە هەڵپچڕی، کە بە زاراوەی خۆیان بەو کراس و کابۆیانەیان دەگوت. ئێشکگرە زیرەك و وریا و بیرتیژەکان، بە فەرمانی فەرماندەکەیان، کە پیرەپیاوێکی کورتەبنە و قەڵەو بوو ، کەوتنە پشکنین و ئاڵقە زنجیرەکانیان یەکەیەکە لە عەرزی سوی و لووسیان کردن. هەموو ئەو ئیشانە بوونە جێی پێکەنین و گاڵتە و گەپی بەندییەکان. لە لایەکی دیکەوە پێکەنینی گاڵتەئامێزی تاوانبارانیش، کە لەو نێوەدا سەری هەڵدابوو، بەر گوێ دەکەوت و تێکەڵی پێکەنینی بەندییەکانی دیکە بوو. تاوانبارانی پێشتر لە پشت پەنجەرە کۆنەکانەوە، کە لەسەر حەوشە بچووکەکە بوو، کۆببوونەوە.

کاتێك لەو ئیش و کار و ئامادەکارییە تەواو بوون، پیاوێك کە ڕۆخی جلەکانی زیوی بوون و ناسرابوو بە ((بەڕێز جەنابی لێکۆڵەر)) فەرمانی بە بەڕێوەبەری گرتووخانە دا. یەکسەر دوو سێ دەرگای بچووك کرانەوە و کۆمەڵێك لە بەندییەکان بە قیافەیەکی ناشیرن و جلوبەرگی شڕ و دڕاو بە ناڵەناڵ و هاوارکردنەوە هاتنە ناو حەوشە. ئەوانە تاوانبار بە سزای قورس بوون.

بە هاتنەژوورەوەی ئەوانە، جارێکی دی، دەنگی خۆشی و شادی لە پشت پەنجەرەکانەوە بەرزبۆوە. بەندییەکان چەپڵە و هۆپە و

سەلامیان بۆ هەر یەکێك لەو تاوانبارانە دەکرد، کە لە نێویاندا ناسیاو بوون.

ئەوانیش بە ڕێز و شکۆیەك و بە هێمنی و ئارامییەوە وڵامیان دەدانەوە. هەندێك لە تاوانبارەکان کڵاوێکی تایبەتییان لە سەر بوو، کە بە دەستی خۆیان لە حەسیر دروستیان کردبوون.

ئەو کوڵاوانەیان بە شێوەیەکی ئەوەندە سەیر و سەمەرە دروستکردبوو، تاکوو بە هەر شارێکدا تێپەڕن، خەڵکی چاویان پێبکەون و بە گرنگییەوە درك بەو سەرانە ببەن، کە لە ژێر ئەو کڵاوەدان. بەندییەکانی پشت پەنجەرە، چەپڵەیان زیاتر بۆ ئەوانە لێ دەدا، وەك لەوانی دی.

بە تایبەت یەکێکیان زۆر بوو بە جێگەی سەرسووڕمانی بەندییەکان. ئەو تاوانبارە، گەنجێکی حەڤدەساڵان بوو، سیمایەکی کچانەی هەبوو. ئەو گەنجەیان لە ژوورێك هێنابۆ دەرێ، کە هەشت ڕۆژی تەواو لەو ژوورەدا بەندیان کردبوو. بێ ئەوەی کەس بتوانێ بیبینێ یان چاوی پێکەوێ.

ئەو گەنجە جلوبەرگێکی لە حەسیری ژێر خۆی دروستکردبوو، کە لە سەرەوە تا خوارێ ئەوی داپۆشیبوو. کاتێك ئەو گەنجە هاتە نێو حەوشەوە، بە چوست و چالاکی وەك مار بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە. ئەو یەکێك بوو لەو فێلبازانەی، کە لەسەر دزی حوکم درابوو. لە ناکاو دەنگی چەپڵەلێدان و خۆشی و هاتوهاوار لە لایەن بەندییەکانەوە بەرزبۆوە. تاوانبار بە کارە سەختەکانیش جوابیان

دانەوە و گۆڕینەوەی ئەو هەستە شادیبەخشە، دیمـەنێکی زۆر سـەیر و تۆقێنــەری هــەبوو. لـەو بـارەوە نوێنــەری کۆبوونەوەکـە، کـە لـە ڕاســتیدا چــاودێری بەنــدکراوەکان و بینـــەرە نـــامۆ و ســـەیر و سەمەرەکان بوون، کە سزای بڕیارەکەیان وەك جەژنانەی خێزان لـێ کردبــوو. وردەوردە کــە تاوانبارەکــان پێیــان دەنایــە حەوشـــە، نوێنەرەکانیان بە دوو ڕیز، بە نێو ئێشکگرەکانیاندا دەبـردن، کـە لـە حەوشــە بچـووکەکە ڕاوەســتابوون، تــاکوو لەوێــدا بیانخەنــە ژێــر چاودێری دکتۆرەکان و پشکنینیان بۆ بکرێ.

لەوێ تاوانبار بە کارە سـەختەکان بـە هـەموو شـێوەیەك هـەوڵ و تەقــەللای خۆیــان دەدا، تــاکوو لێیــان خۆشــبن لــەو ســەفەرە و نـەیاننێرن، بـۆ نموونـە دەسـتیان بـۆ نەخۆشـە قورسـەکان دەبـرد و باسـی لاقئێشـە و دەستئێشـەی خۆیـان دەکـرد، بـەڵام بـە هـەموو شێوەیەك دکتۆرەکان ئەو نەخۆشـیانەیان ڕەتـدەکردەوە و ئـەوانیان ئامادە دەکرد، بەڕێکەوتن بۆ ((تۆڵۆن)) و ئەنجامدانی کاری قـورس. تاوانبارەکـان بـە کەمتەرخـەمی و بـێ دەسـەڵاتییەوە، بـە ناچـاری خۆیــان دەدا دەســت بڕیــاری پزیشــکەکان و چــەند دەقیقەیــەك سووربوون لەسەر دەربڕینی ناڕەزایی، نەخۆشی و ناخۆشـیی خۆیـان لە ژیان لە بیر بردنەوە.

جارێکی دیکە نێردیوانە چکۆلەکەی حەوشە کرایەوە و یـەکێك لـە ئێشکگرەکان، یەکەیەکە بانگی تاوانبارەکانی کـرد، کـە بـە شـێوەی ئەبجەدی ڕێکیخستبوون. تاوانبارەکان، یەکیەك لە حەوشەی بچووك

دەچوونە دەرێ و هەر یەکە و دەچۆ گۆشەیەکی حەوشە گەورەکە لە تەنیشت یەکێك لە هاوزنجیرەکان ڕادەوەستا، کە پیتەکەی وەك ئـەو بـوو. بـەم شـێوەیە تاوانبارەکـان لـە ئاشـنا و ناسـیاوی خۆیـان دوورکەوتنەوە و بەتەنێ مانەوە. هەر کەسە و زنجیری خـۆی لـە مـل بوو و لە تەنیشتیشی بێگانەیەکی نەناسیاو ڕاوەستابوو. خـۆ ئەگـەر یەکێك لە تاوانبارەکان لە سنووری خۆی لـە تەنیشـت ناسـیاوێك بـا، زنجیر ئەوی لێك جیادەکردنەوە. بەڵێ، ئەوە ئاخیر پلەی بەدبـەختی و چارەڕەشیی ئەوان بوو!

هـەر ئەوەنـدە کـە نزیکـەی سـی کـەس لـە تاوانبارەکـان چـوونە دەرەوە لە حەوشە بچووکەکە، نێردیوانـە ئاسـنەکەیان داخسـتەوە. لـەو کاتــەدا یـەکێك لـە ئێشـکگرەکان، بـە دارەکـەی دەسـتی هـەر یەکەیانی بردە سەر خەت و فامیلە و شۆرت و پانتۆڵی بـزوو هەڵدانـە پێشـیان و پێـی گـوتن کـە جلـەکانیان بگـۆڕن. خێـرا تاوانبارەکـان سـەرقاڵی دانـانی جلـەکانیان بـوون، تـا جلـی تاوانبـار بـە کـارە سەختەکان لەبەر بکەن. لەو کاتەدا ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوویدا، کـە بـوو بـە هـۆی ئـەوەی کێشـگرەکان لـە جیـاتی ئیهانـە و ترسـاندنی تاوانبارەکـان، بکەونـە ئـازار و ئەشـکەنجەدانیان. تـا ئەوکاتـە هـەوا ساف و خۆش و ئارام بوو و ئەگەر نەسـیمی مـانگی ئـەیلوول هـەوای سـارد دەکـرد، هەنـدێ جـاریش تۆپـەڵـە هـەورەکان تـۆز و خـۆڵی بەرگەهەوایان بڵاودەکرد و بەشێکی ساف لە ئاسمانـدا دەردەکـەوت، کـە لـەوێوە ڕوونـاکی و گـەرمیی تیشـکی خـۆر بـەر زەوی دەکـەوت.

بەڵام لەو کاتەدا کە تاوانبارەکـان جلـە شـڕ و کۆنـەکانیان داکەنـدن، لەو کاتەدا کە جەستەی ڕووتوقووتی خۆیان پێشانی ئێشکگرەکان و نیگـای نـامۆ و بێگانـەی پاریسـیەکان دەدا و شـان و ملـی ڕووتیـان پێشـانی ئـەوان دەدا، لـەناکاو ئاسمـان تاریك داهـات و لێزمـەبارانی ساردی پاییز بە توندی دەستی پێکرد. زۆری نەخایانـد، کـە خـەریك بـوو لافـاو هەسـتێ لـەو حەوشـەدا. بـارانێکی خـۆش بەسـەر سـەر و جەسـتەی ڕووت و جلـەکانیان کـە لەسـەر چـیمەنتۆی عەرزەکـە کەوتبوون دەباری.

لە چاوترووکانێکدا بینەران و بێکاران حەوشەیان چۆڵ کرد و جگە لە تاوانبـار و ئێشـکگرەکان کەسـی دی لـێ نـەما. نامۆکـانی پـاریس پەنایان بۆ نوواکانی دەرگاکان برد.

ماوەیەك تێپەڕی، بەڵام باران بـەخووڕ دەبـاری. ئێشـکگرەکانیش ڕۆیشتن و جگە لە تاوانبارەکان، کە ئاو بە جەسەی ڕووتیاندا دەهاتە خـوار و دەکەوتـە سـەر عـەرزی، کەسـی دیکـەی لـێ نـەمابوو. بێدەنگییـەکی قـووڵ و غـەمگین جێـی ژاوەژاو و هاتوهـاواری تاوانبارەکانی گرتبۆوە. تاوانبارە بێ نەواکان هەڵدەلەرزین. ددانیـان لە سەرمان و ئێسکی لاواز و ئـەژنۆی گرێگرێیـان بـە تونـدی بەریـەك دەکەوتن. لە ڕاستیدا بینینی ئەوانە لـەو حاڵـەدا کـە فامیلـەی تـەڕ و شۆرت و پانتۆڵی لە ئاودا غەڕقبوویان لەبەر ئەو جەسـتە شـین بـووە دەکردەوە، کاریگەر بوو و ڕووتی هەزار جار باشتر بوو لەو حاڵە.

لـە نێـو تاوانبارەکانـدا تـەنها پیرەمێردێـك کاریگـەریی خۆشـی و

خەندەی هەر لە سەر سیمای دەبینرا. ئەو پیاوە لە کاتێکدا کە بە فامیلەتەڕەکەی خۆی وشک دەکردەوە، دەنگی لێ بەرزبۆوە و گوتی:

= هاوڕێیان، ئەوە ئیدی لە بەرنامە و پلاندا نەبوو.

پیرەمێرد مستەخڕبووەکانی خۆی ڕوو بەرەو ئاسمان کرد و قاقا پێکەنی.

کاتێک تاوانبارەکان لێبوونەوە لە لەبەرکردنی جلی سەفەر، ئێشکگرەکان ئەوانیان دابەشی دوو دەستەی سی کەسی و بیست کەسی کردن و هەموویان بردن بۆ کۆتایی حەوشەکەی دی، ئەو شوێنەی گوریسی درێژ بۆ ئەوان ڕاخرابوون. ئەو گوریسانەی باسمان کردن، لە ڕاستیدا هەمان زنجیری درێژ و بەهێز بوون، کە لە نێوان هەر دوو هەنگاوێکدا بە سەری زنجیری کورتتر بەسترابوونەوە. لە گۆشەیەکەوە بە شێوەی لوولەی کراوە و لە گۆشەی بەرامبەر بە شێوەی بزماری ئاسنی خوار دەبەسترا. ئەم کەلەبچەیە لە تەواوی ڕێگەدا لە ملی تاوانباردا قفلّ دەبوو. کاتێک ئەو زنجیرە بەرز و گەورانەیان لەسەر زەوی دادەنان، مرۆڤ پێی وا بوو بڕبڕەی پشتی ماسی نمایش دەکەن.

تاوانبار بە کارە سەختەکانیان لەسەر قوڕ و لیتە و لەسەر چیمەنتۆی تەڕی عەرزەکە دانیشاندن و زنجیرەکانیان لە ملیان تاقیکردنەوە. دواتر دوو کەس لە ئاسنگەرانی گرتووخانە، کە

سندانی[1] بچووکی دەستییان پێ بوو، بە چەکوشی گەورەی خۆیان ئەو زنجیرانەیان بە ساردوسڕی لە ملی بەندییەکان دەبەستن. ساتێکی دڵتەزێن بوو، کە هەتا دڵی ئازاترین کەسیشی دێنایە لەرزە. بە هەر لێدانێکی، کە بەر سندانەکە دەکەوت، بە تایبەت لەو کاتەدا کە سندانەکە بە پشتی تاوانبارەکەوە بوو، چەنەگەی ئەو فەقیرە بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە. بچووکترین جوڵە بە چوونەپێش، یان هاتنەدواوە، بەس بوو بۆ ئەوەی پێستی سەری ئەو بەدبەختە هەڵگیرێ و ببێتە تۆز و خۆڵ.

دوای ئەنجامدانی ئەو کارە، سەر و دڵی تاوانبارەکان گیرا و حاڵییان تێکچوو و خەمبار بوون. ئیدی جگە لە دەنگی بەریەککەوتنی ئاڵقە زنجیرەکان، هیچی دی بەرگوێ نەدەکەوت. تەنیا هەندێ جار دەنگی ناڵەی تاوانبارەکان و دەنگی داری وشکی ئێشکگرەکان دەهات، کە بەر جەستەی تاوانبارە سەرپێچیکارەکان دەکەوت. لە نێو تاوانبارەکاندا هەندێك هەبوون دەگریان. پیرەپیاوەکان لە کاتێکدا گازیان لە لێوی خۆیان دەگرت، هەڵدەلەرزین. من تەواوی ئەم دیمەنە دڵتەزێن و خەمبارانە، کەدەتگوت ئەوانیان لە پەیکەری ئاسن گرتووە، بە گریان و خەمبارییەوە چاولێدەکردن.

دوای ئەوە ئاسنگەرەکان دەستیان کرد بە کوتانی ئاسن. بەم

[1] سندان: لەتە پۆڵایەکی قورس و پتەو و تەختە, کە کانزای بەسەرەوە دەکوتن.

پێیە ئەم دیمەنە سێ دیوی هەبوون.

جارێکی دیکە گەرمیی خۆر درەخشایەوە، دەتگوت دەیەوێ سەری کەچەڵان بسووتێنێ. تاوانبارەکان وەك گێژان یەکسەر لەسەر جێی خۆیان هەستانە سەرپێ.

پێنج زنجیری بەرز لە لایەن دەستی تاوانبارەکانەوە پێك بەسترانەوە. لە ناکاو هەموو پێکەوە بازنەیەکی فراوانیان بە دەوری ستوونی فانۆسەکەدا دروستکرد و بە شێوەیەك دەخولانەوە و گێژ بوون، کە چاو لە دیتنیان ماندوو دەبوو. تاوانبارەکان گۆرانییەکیان لە گۆرانییەکانی گرتووخانە بە ئاوازێکی زمانی بازاڕی دەگوت. هەندێ جار مات و خەمبار و هەندێ جار چووست و چالاك و سەیر بوون. سات بە سات هاوار و قیژەقیژ و خەندە و پێکەنین و درێژکردنەوە، لەگەڵ منگەمنگ و قسەی پچڕپچڕ بەر گوێ دەکەوتن. دواتر دەنگی هەلهەلە و ڕق و تووڕەیی دەبیسترا. دەنگی بەریەککەوتنی ڕێك و ناڕێکی زنجیرەکان، مۆسیقایەکی ناخۆش و بێزارکەر بوو. کە لەگەڵ ئەو دەنگە ناخۆشانەدا، ئەو دەنگەش تێکەڵیان دەبوو. خۆ ئەگەر ویستبام بە جێگەی ئەو دیمەنە، کۆمەڵەی شەیتان و جادووگەران ببینم، پێم وا نییە دیمەنێکی لەوە باشتر یان خراپتر ببینم.

تەغارێکی[1] دارینی گەورەیان هێنایە حەوشە. ئێشکگرەکان بە زۆر

[1] تەغاری دار وەك مەنجەڵێك وا بووە, کە ئەوکات خواردنیان تێڕا داونەتە بەندییەکان.

تەختە و گۆپاڵی تاوانبارەکانیان تێکدان و ڕاپێچی سەر ئـەو تـەغارە دارینەیان کردن. لە نـاو تەغارەکـەدا خواردنێك، کـە نـازانم چ بـوو و شـلەیەکی پـیس کـە دووکـەڵی لـێ هەڵدەسـتا و سـەرئاو کـەوتبوو، نەمدەزانی ئەویش چییە و تاوانبارەکان لێیان دەخوارد.

دوای نـانخواردن، سـووپ و نانـە ڕەشـبووەکەیان فڕێدایـە سـەر چیمەنتۆکە و دەسـتیان کـردەوە بـە سـەما و گـۆرانی گـوتن. خـاڵی گـرنگ ئەوەیـە، کـە ڕۆژی زنجیرکـردن و شـەوی ئـەو ڕۆژە، ئـازادی دەدەن بە تاوانبارەکان تاکوو سەما بکەن و گۆرانی بڵێن.

بە زۆر بە سەرسامی و نامۆییـەوە سـەیری ئـەو دیمەنـەم دەکـرد، ئەوەنـدە کـاس و وڕ دیقـەتم دابۆیـە، کـە خـۆمم لـە بـیر نـەمابوو. هەسـتێکی قـووڵ لـە سـۆز و بـەزەیی سـەرتاپای لەشـی بـە لـەرزە هێنابووم. دەنگی پێکەنینی ئەوان منی بە گریان دێنا.

لە ناکاو لەو خەو و خەیاڵە قورسەدا کە منی ڕاکێش کردبوو، دیتم کە هاتوهاواری ئاڵقەبەدەستەکان ڕاوەسـتا و بێـدەنگ بـوون. دواتـر تەواوی نیگاکان کەوتنە سەر ئەو پەنجەرەیەی منی لێ بـوو. هـەموو بە پەنجە ئیشارەتیان بۆ من کرد و گوتیان:

= تاوانبار! تاوانبار!

ڕێـك پێکـەنین و هاتوهاواریـان دوو ئەوەنـدە زیـادی کـرد و لـە ترسان لە جێی خۆم ڕەق بووم.

نازانم ئەوانە لە کوێ منیان دەناسی و چۆن توانیوویان بمناسن؟

دیسـان دەسـتیان کـردەوە بـە گاڵتـەپێکردن و تەوسـخەندە و

گوتیان:

= سڵاو، شەو باش!

یەکێك لە تاوانبار بە کارە سەختەکان، کە لە هەموویان گەنجتر بوو و تاوانبار بە زیندانی هەتاهەتایی بوو و ڕوویەکی خۆش و درەخشانی هەبوو، بە نیگایەکی پڕ حەسرەتەوە سەیری کردم و گوتی:

= ئەو برادەرە چەندە دڵخۆشە! ئیشی دەبینن! خواحافیز هاوڕێ!

من ئامادە نیم بڵێم چ شتێك لە دەروونمدا ڕووی دەدا.

لە ڕاستیدا من هاوڕێی ئەو بووم، لەبەرئەوەی ((مەیدانی سێدارە)) دەستەخوشکی ((تۆلۆن)) و باشتر بیڵێم: دز دزی دەناسێ. هەتا من لەویش خراپتر بووم و ئێستا ئەوا ڕێزم لێ دەگرن. سەر تا پای جەستەم کەوتبۆ لەرزە.

بەڵێ، من هاوڕێی ئەو بووم. چونکە ئەگەری ئەوەی هەبوو چەند ڕۆژێك دواتر، منیش ببمە جێی سەیرکردنی ئەو.

لە پشت پەنجەرەی خۆمەوە، کاس و وڕ و بێ جوڵە و ئیفلیج و بە تورەیی ڕاوەستابووم. بەڵام کاتێك دیتم ئەو پێنج ئاڵقە و زنجیرە دێنە پێشەوە، دوور لە هەموو هەستێکەوە، جەهەنەمێکیان بۆ من دروست دەکرد. کاتێك دەنگدانەوەی بەریەککەوتنی زنجیرەکان و هاتوهاواری تاوانبارەکان و دەنگی پێی ئەوانم لەودیو ژوورەکەوە بیست، بە شێوەیەك هاتە پێش چاوم، کە ئەو دەستەیە شەیتانانە

خەریکە بەسەر دیواری ژوورە کاولبووەکەی من دەکەون. هەر بۆیە لە ترسان هاوارم کرد و بە شێوەیەك خۆم بە دەرگای ژوورەکە دادا، کە خەریك بوو دەرگاکە بشکێنم، بەڵام ڕێی هەڵاتنم نەبوو. لە دەرگام دا و بە تەواوی هێز و توانا و ترسەوە بانگی ئێشکگرەکانم کرد. دیسان وام هەست کرد لە نزیکترەوە گوێم لە دەنگی ترسناکی تاوانبار بە کارە سەختەکان دەبێ. هەتا پێم وا بوو کەللەی ناشیرن و ڕوخساری ترسێنەریان لە پشت پەنجەرەوە دەبینم. بۆیە لە ترسان هاوارێکی دیکەم کرد و بێهۆش وە عەرزی کەوتم.

١٤

کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم شەو بوو. بینیم لەسـەر قەڵەوێرەیـەکی قێـزەون خـەوتووم. بـە هـۆی ئـەو فانۆسـەی، کـە بـە بنمیچـەکەوە هەڵواسرابوو و پرتەپرتی دەکرد، هەندێ قەڵەوێرەی دیکەم دیتن کـە لە دوو لای منەوە بوون. تێگەیشتم کە هێناویانمەتە نەخۆشخانە.

بۆ چەند سـاتێك بـە بێداری مامـەوە، بـەڵام لـە خۆشـیی ئـەوەی لەسەر قەڵەوێرە درێژببووم، مێشکم ئیشی نـەدەکرد و بـیرم لـە هـیچ نەدەکردەوە.

بێگومان ئەگەر لـە شـوێنێکی دیکـە دەبـوو، مـن لـەو قەڵـەوێرەی نەخۆشـخانە و لــە قەڵـەوێرەی گرتووخانــە لــە تــوڕەیی و بــەزەیی بێسنووری خۆم دوور دەکەوتمەوە و لە سەریان نەدەنووسـتم، بـەڵام ئیـدی ئــەو مرۆڤــەی پێشــتر نــیم. ڕاخــەری زبــر و پــیس و ڕەنــگ خۆڵەمێشی و پەتووی تـەنك و دڕاو بـوو. لـە ژێـر پارچـە دۆشـەکەکە هەستت بە کـا و پوشـوپەڵاش دەکـرد، بـەڵام بـە چـی دەچـێ؟ خـۆ دەمتوانی بـازووی دەسـت و پێـی خـۆم لـە ژێـر ئـەو بەتانییـە زبـر و پیسانە بە ئاسوودەیی بجوڵێم و درێژ بم و بحەسێمەوە...!

هەستم دەکرد لە ژێر ئەو پەتووە کۆنەدا و هەرچەندەش تەنك بوو، ساردیی کاسەی سەرم، کە ببوو بە دەدرێکی هەمیشەیی، چاك دەبوو و دووبارە خەوم لێ دەکەوت.

لە دەنگەدەنگ وەخەبەر هاتم. تەقریبەن بەیانی داهاتبوو. ئەو دەنگەدەنگە لە دەرێڕا دەهات. قەڵەوێرەکەم لە نزیك پەنجەرەوە بوو. هەستام و لە جێی خۆم دانیشتم تا بزانم چ خەبەرە؟

پەنجەرەکە زاڵ بوو بەسەر حەوشەی گەورەی گرتووخانەی ((بێ نووا))دا. لەم حەوشەیەدا خەڵکێکی زۆری لێ بوو. دوو ڕیزی پاڵەپەستۆی لە سەربازی کۆنی لێ بوون و بە ئاستەم کوێرەڕێیەکیان لەو نێوەدا دروستت کردبوو، چاودێرییان دەکرد، تا سەرقاڵ نەبێ. ئەو کوێرەڕێیە بە ناوەڕاستی حەوشەدا دەڕۆیشت. لە نێوان ئەو دوو ڕیز سەربازەدا، پێنج گالیسکەی پڕ لە خەڵك بە هێمنی ڕێیان دەکرد. هەر کاتێك بەر چیمەنتۆ دەکەوت، تەکانێکی بە گالیسکەکە دەدا. دیار بوو کە گالیسکەکان هی تاوانبار بە کارە سەختەکان بون کە دەڕۆیشتن.

گالیسکەکان هەموویان سەرئاوەڵا بوون. ئەوەندە تاوانبارانەی کە بە یەك زنجیر بەستبوویاننەوە، لە گالیسکەیەکدا بوون. تاوانبارەکان لە لایەکی گالیسکەکە پاڵیان وێك دابوو و دانیشتبوون. زنجیرێکی گەورەی هاوبەش، کە بە درێژی ناوەڕاستی گالیسکەکەدا دەهات، ئەوانی لێك جیا کردبوونەوە. لە کۆتایی زنجیرەکە، ئێشکگرێکی تفەنگ بەدەستی لێ بوو و ڕاوەستابوو. دەنگی بەریەککەوتنی

زنجـیری هاوتاوانبارەکـان بـەر گـویێ دەکـەوت و هــەر جارێـك، کـە گالیسکە تەکانی دەکرد، سەری تاوانبارەکـان بـەرزدەبۆوە و لاقیـان پێکــەوە دەنووسـان. ئــەو ڕێژنەبارانــەی کـە بـەر جەسـتەی مـرۆڤ دەکەوت، هەوای سارد کردبوو و پانتۆڵی خـوریی تاوانبارەکـانی بـە ئەژنۆیانەوە نووساندبۆوە.

ڕەنگـی پانتۆڵـەکان سـەرەتا خۆڵەمێشـی بـوو، بـەڵام بـە هـۆی تــەڕبوونی بارانــەوە ڕەش ببــوو. ئاویــان لــە ڕیشــی درێــژ و پرچــی کورتـــەوە دەهـــات. دەموچـــاویان شـــین هەڵگـــەڕابوو. هـــەموو هەڵدەلەرزین. لـە سـەرما و توڕەییـان دەدانیـان بەریـەك دەکـەوتن. هیچیان نەیاندەتوانی لە جێی خۆیان جوڵەیەك بکەن. کاتێك مرۆڤ بە زنجـیر دەبەسـتنەوە، ئـەو مرۆڤـە شـێوەیەکی پـیس و نـەفرەتئامێز وەردەگرێ. کە پێی دەڵێن: ((زنجیر)) و کە وا لـە مـرۆڤ دەکـا تـەنها بجولێ. لە نێو زنجیردا فکر و هۆش دەبێ لەکار بکەوێ و بە دەسـتی کۆت و زنجیری ئاسن بەرەو لەناوچوون بڕوات. لە نێو ئـەو زنجـیرەدا تــەنها حــەیوانێك دەمێنێتــەوە، کــە نــابێ لــە چــەند ســەعاتێکی دیاریکراودا نیازی خواست و داواکردنی هـەبێ. تاوانبارەکـان هـەموو لەو حاڵەدا، واتە بێ جولە و نیوەڕووت و سەری ڕووت و پێی پـەتی، گەشتی بیست و پێنج ڕۆژەی خۆیـان دەسـتپێدەکرد. هـەموو جـارێ یەك جۆر گالیسکە بوو و هەموو بۆ مانگی سوتێنەری حەوت و بارانی ســاردی مــانگی یــازدە، یــەك جــۆر جلیــان لەبــەردابوو. دەتگــوت مرۆڤــەکان دەیانــەوێ خــوداش بکەنــە هاوبــەش لــە کوشــتنی ئــەو

خەڵکەدا.

نازانم چ گفتوگۆیەکی ترسناك لە نێوان تاوانبارەکانی گالیسکەدا دروست بوو" لە لایەك جنێو و قسەی ناشیرنیان دەکرد و لە لایەکی دی هاتوهاواری نابەجیٚ بەرگویٚ دەکەوت و لە هەردوو لاوە دەنگی هەڕەشە و جنێو بەرزدەبۆوە.

بەڵام بە یەك ئیشارەتی ئەفسەر، دیتم داری یاسا بەرزبۆوە و کەوتە کوتانی سەر و شانی تاوانبارەکان. ئەوکات هەموو متەقیان لە خۆ بڕی و بێدەنگ بوون، کە عادەتەن ناویان دەنا ڕێکخستن. بەڵام چاوەکان پڕ بوون لە کینەی تۆڵە و مستی بێنەوایان لەسەر ئەژنۆیان توند بوو.

هەر پێنج گالیسکەکە، کە سەربازانی سوار و ئێشکگرانی پیادە چاودێرییان دەکردن، دانەدانە بە ژێر تاقی دەروازەی گەورەی گرتووخانەی ((بیٚ نووا))دا ڕۆیشتن و دیارنەمان. گالیسکەی شەشەمیش، کە لە نێویدا مەنجەڵ و قابلەمەی مس و زنجیری سەربازی بە ناڕێکی هەڵڕشتبوون، بە دوای پێنج گالیسکەکەی دیکەدا بەڕێکەوت. چەند کەسێك لە ئێشکگرەکان کە لە چێشتخانەدا دواکەوتبوون، هاتنە دەریٚ و وەك پاشکۆ دەستیان بە گالیسکەکانەوە گرت و ڕۆیشتن. خەڵکیش لەگەڵ ئەوان بەڕێکەوتن. تەواوی ئەو ڕووداوە لەناکاوە، وەك شانۆیەکی تارمایی و پەردەی سەیروسەمەرەی لەسەر لادرا. سات بە سات وا هەستت دەکرد کە دەنگی قورسی ئامێرەکان و دەنگی پێی ئەسپەکان بەر جادە کەوتن

و دەنگی ترسێنەری شەلاق و دەنگی ژاوەژاوی زنجیرەکان و دەنگی گرمە و نەڕەی خەڵکی، کە لە کاتتی تێپەڕینی تاوانبارەکان جنێو و نەفرینیان دەکرد، وردەوردە بەرەو نەمان دەچوو.

بەڵام بۆ ئەوان تازە سەرەتای کار بوو.

کەوایە ئەو پارێزەرەی من چی پێ دەگوتم؟ بەندییەکی تاوانبار بە کاری سەخت، وای خوایە گیان! بەڕاستی هەزار جار مەرگ بەشەرەفترە. گیوتین لە بێگاری باشترە و نەبوون لە دۆزەخ خراپتر. من ئامادەم ملم ڕادەستی چەقۆی گیوتین بکەم، بەڵام نەیسپێرم بە کۆت و بەندی ئاسنین و تاوانبار بە کاری سەخت. بێچارە تاوانبار بە کارە سەختەکان! ئایی خودای دادپەروەر.

## ١٥

بەدبەختی من نەخۆش نەبوم و بەیانیی ئەو ڕۆژە دەبوو نەخۆشخانە جێبێڵم. جارێکی دیکە کەوتمەوە ژوورەوە.

بەڵێ، من نەخۆش نیم. بەڵکوو، لە ڕاستیدا من تاکێکی گەنج و ساغ و سەلیمم. لە دەمارەکانی مندا بە ئازادی خوێن هاتوچۆ دەکات و ماسوولکەکان بە ئیرادە و ئایدیای من جوڵە دەکەن. من بە لاشە و ڕوح، تاکێکی بەهێز و ئازام و دەتوانم چەندان ساڵ بژیم. بەڵێ ئەم داواکاریانە هەموویان ڕاست و دروستن و بەم شێوەیە وا هەست دەکەم توشی نەخۆشییەکی کوشندە بوومەتەوە. ئەو نەخۆشییەی کە بە دەستی مرۆڤەکان کەوتۆتە گیانمەوە.

لەو ڕۆژەوە لە نەخۆشخانە هاتوومە دەرێ، فکرێکی جەرگبڕ هاتۆتە سەرمەوە. فکرێك، کە خەریکە شێتم بکات. پێم وایە ئەگەر لە نەخۆشخانەدا هێشتبایانمەوە، لەوانەبوو بتوانم ڕابکەم. ئەو دکۆر و پەرستارانە بە شێوەیەك بوون، کە دەتگوت پەیوەندییەکی تایبەتیان بە منەوە هەیە. مردنی من لەو تەمەنەدا و بەو شێوە کاریگەرە، بەڕاستی جێی داخ بوو. پزیشکان و پەرستاران دایمە لە ژێر دەستی مندا بوون و وا پێدەچوو بەزەییان بە حاڵمدا هاتبێتەوە. بەڵام حەیف! ئەو کەسانە مرۆڤ لە نەخۆشی ڕزگار دەکەن و

چارەسەری لەرزوتا دەکەن، وەلێ ناتوانن لە چنگی بڕیاری سێدارە دەریانبێنن. بەڵام نا، من پێم وایە بە ئاسانی ئەو کارەشیان لەدەست دێ. واتە: دەرگایەك بکەنەوە و ڕێگە بدەن مرۆڤ بە ئازادی بڕوات. باشە ئەگەر کارێکی وا بکەن چ دەبێ؟

بەڵام ئێستا هیچ ڕێگەچارەیەکم نییە و ئەو داواکارییەی دواپێداچوونەوەش ڕەت دەکەمەوە، چونکە تەواوی باسوخواسی دادگایکردنی من، بە پێی یاسای سزادان کۆتایی پێهاتووە، واتە شایەتحاڵی قەزیەکە بە باشی شایەتییان داوە و ئیدی هیچ ڕێگەچارەیەکم بۆ نەماوەتەوە، مەگەر ئەوەی کە... نا، نا. ئەوە بیرکردنەوەی شێتانەیە و بە هیچ شێوەیەك ڕیگە چارە نییە، دواپێداچوونەوە بۆ گوریسێکی بەردراوەیە، کە مرۆڤیان پێوە هەڵواسیوە و سات بە سات دەنگی بڕینی بەرگوێ دەکەوێت و تا ئەو ڕۆژەی بە یەکجاری دەبڕدرێت، ئەوکات وەك ئەوە وایە، کەوتنە خوارەوەی چەقۆی گیوتین بۆ بەرکەوتنی بە ملی تاوانبار، شەش حەفتەی پێ بچێ.

ئای ئەگەر فەرمانی لێخۆشبوونی منیان دەردەکرد و لێم خۆش دەبوون! ئای ئەگەر دەمتوانی بڕیاری عەفوی خۆم وەرگرمەوە، بەڵام ئاخیری لە دەستی کێ و بۆچی و چۆن چۆنی؟ شتەکە ئاوا ئاسانە؟ نا، نا! مەحاڵە کە بڕیاری عەفووی من دەربکەن. بەڵکوو دەڵێن: دەبێ من ببمە پەند و عیبرەت بۆ ئەوانی دیکە. لە منەوە تا مەرگ، سێ هەنگاو ڕێ زیاتر نییە. گرتووخانەی ((بێ نووا))، ((گرتووخانەی کۆنسیرگەری)) و مەیدانی سێدارە.

١٦

لەو چەند سەعاتەی کە لە نەخۆشخانە بەسەرم برد، لە تەنیشت پەنجەرەی بەرامبەر خۆرەتاو دانیشتبووم. چونکە ئەوکات دیسان خۆر لە ژێر هەور هاتە دەرێ، ئەگەرچی بە تەواوی خۆر لە منی نەدەدا، بەڵام تا ئەوەندە شوێنەی کە نێردیوانە ئاسنەکەی پەنجەرەکەم گونجاو بوو، خۆر لێی دەدام.

لە پێش پەنجەرەکەوە دانیشتبووم. لە حاڵێکدا سەری قورس و تا داری خۆم لە هەردوو دەست گرتبوو، زیاد لەوەی سەرم تای لێ بێ ژانی دەکرد. ئەژنۆکانی خۆم خستنە سەر چۆك و پێیەکانم خستە ژێر کورسییە دارە زێڕینەکە.

بە شێوەیەك لە پێ کەوتبووم، کە نەمدەتوانی کەمەرم بجووڵێنم. دەتگوت نە ئێسکم لە لەشی دا ماوەتەوە و نە دەمارێکم باقی مابێتەوە.

بۆنی ناخۆش و خنکێنەری گرتووخانە لە هەموو کات زیاتر هەناسەی تەنگ دەکردم و دەنگی زنجیر و هاتوهاواری تاوانبارەکان هێشتا لە گوێمدا دەزرینگایەوە. هەستم دەکرد کە لە گرتووخانەی

((بێ نووا)) ماندوویێتییەکی لەڕادەبەدەر لەشی داهێزاندووم. پێم وا بوو، کە خودای میهرەبان دەیەوێ ڕەحم بە حاڵ و زاری من بکات و بۆ دڵخۆشیی من باڵندەیەکی بچووك بنێرێت تا لە لێواری سەربانی بەرامبەرم هەڵنیشێت و ئاواز بخوێنێت.

نازانم خودای میهرەبان بوو، کە دوعاکەی منی گیرا کرد یان شەیتان، چونکە تەقریبەن لە هەمان کاتدا لە ژێر پەنجەرەی خۆمەوە گوێم لە دەنگێك بوو.

ئەو دەنگە هی باڵندە نەبوو، بەڵکوو دەنگێك بوو خۆشتر لە باڵندە، دەنگێکی ساف و دڵگیر، هێمن و نەرم، دەنگی کچێکی چواردەساڵە بوو. لەناکاو وەك کەسێك ڕەق بووبێ سەرم بەرزکرد و بەوپەڕی حەز و ئارەزووەوە گوێم بۆ ئاوازی ئەو کچە ڕاگرت. ئاوازێکی نەرم و بێ ژاوەژاو، ئاوازێك بوو وەك ((گمەگم))ی کۆتر، بەڵام خەمگین و غەمبار و کاریگەر، شیعرەکەی ئەو ئاوا بوو:

لە کۆڵانی خوارەوە بوو
کە مەچەکی منیان گرت،
مالورە
سێ پۆلیس
لیرلونفا مالورت
بەسەریان دادام
لیرلونفا مالورە

ئەگەر دەزانی توشی چ نائومێدی و داڕووخانێك بوومەوە! ئەو

دەنگی دیسان بەردەوام بوو لە خوێندن[1].

ئیدی هیچی دیکەم گوێ لێ نەبوو و نەمتوانی لەوە زیاتر ببیستم. ئەم جۆرە شیوەنە غەمبارە، کە مانای نیوەی شیعرەکەی دیار بوو و نیوەکەی دیکە نادیار و شاراوە بوو. دەمەقالێی دزی ڕێگر بوو لەگەڵ ئیشکگرێك، کە بەم جۆرەی پێ گوترابوو، دەمەقالێی ئێشکگر و دز و ناردنی پەیام بۆ ژنەکەی، ڕەوانەکردنی ئەم جۆرە گیڕانەوە ترسناکە بۆ ئەوەی کە بڕوات و بە ژنەکەی بڵێ: من پیاوێکم کوشتووە و ئێشکگر چاودێریم دەکات. ڕۆیستنی ئەو ژنە بۆ کۆشکی ڕەنگاوڕەنگ و بەخۆ و بە سکاڵایەك و پێشکەشکردنی نامەی خۆی بە جەنابی خاوەنشکۆ، بێتاقەتی و تووڕەیی خاوەنشکۆ لە خوێندنەوەی ئەو سکاڵایە و ئیهانەکردنی تاوانبار بەوەی لە دەردێکی پێ بکات، با بە دەواری شڕی نەکردبێ، بەهەرحاڵ تەواوی ئەو باسەی کە کچەکە بە شێوەیەکی زۆر نەرم و هێمن و شۆخ و شەنگ ئەدای دەکرد، کە گوێی مرۆڤ تا ئێستا هاوتای ئەوەی گوێ لێ نەبووە و بە تەواوی منی خەمبار و پەرێشان و بێحاڵ کرد و بە شێوەیەك لە سەرەوە تا خوارێ ڕەق بووم. بەڕاستی نەفرەتئامێز بوو، کە ئەو وشە ناشیرن و سەیرانە لەو زارە چکۆلە و لێوە یاقووتیانەی کچە شۆخ و شەنگە بێنە دەرێ. دەتگوت ئاوی زاری گوێچکە ماسییە، بۆتە ئاونگ لەسەر پەڕەی گوڵی بێگەرد و

[1] تەواوی ئاوازی ئەم شیعرە بە زمان و لەهجەی ناوچەیی سەرگەردانانی پاریسە, کە وەرگێڕانی تەواوی ئەو دەقەش لەسەر شێوازی تازە دارپێژراوەتەوە . و,ف

ڕەنگسوور.

تورەم لە باسکردنی هەستی ئەوکاتەم. لە حاڵێکدا بووم، کە هەم ڕوحم نەوازش کرابوو و هەم جەستەم داهێزرابوو. لەهجەی ناخۆش و ناشـیرنی ناوچـەیی و گرتووخانـە و کارگـەی تاوانبـار بـە کـارە سەختەکان، زمان زبر و گرێدار و خوێنی بەندییەکان و زمانی بازاڕیی ترسێنەر، کە بە دەنگی خۆش و ناسکی کچۆڵەیەکی گەنج هاتبۆ بەرهەم، ئەو کچەی کە لە هەرەتی لاویدا و لە دەمی داواکردن دابوو، کاریگەرییەکی سەیری لەسەر من هەبوو. تەواوی ئەو وشە ناشـیرن و پیس و بەد و نادروستانەی بە ئاوازێکی شیرن و خۆش دەخوێند.

وای، بەڕاستی کە گرتووخانە چـەند شـوێنێکی نـەنگ و ناشـیرن و ئابڕووبەرانەیە ! لـە گرتووخانـەدا ژەهرێك هەیـە، کـە هـەموو شـتێك ژەهـراوی دەکـات. لـە گرتووخانـەدا هـەموو شـتێك، هـەتا ئـاوازی کچۆڵەیەکی چواردەساڵەش کز و مات دەکات. لە گرتووخانەدا ئەگەر باڵندەیەکت دەستکەوت، حەتمەن باڵی گیراون، لە گرتووخانە ئەگـەر گوڵێکی جوان بڕوێنی و بۆنی بکـەی، بەدڵنیاییـەوە بـۆنی نـاخۆش و پیسی لێ هەڵدەستێ.

١٧

ئاخ ئەگەر دەمتوانی لەو گرتووخانەیە نەجاتم بیّ، ڕێی بیابانم دەگرت و بە دەشت و سەحرا ڕامدەکرد!

نا نا، نابیّ ڕابکەم، چونکە ڕاکردن دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی ئەوانی دیکە و دەبمە جێی گومانیان. بە پێچەوانەوە، هێمن و لەسەرخۆ، بە سەربەرزیی و گۆرانی گوتنەوە بەڕێدا بڕۆم. بە تایبەت پێویستە تێبکۆشم، باڵتۆیەکی ڕەنگشین و نەخشی سوور لەبەر بکەم. لە جلێکی وا شاراوەدا، بە ئاسانی لەبەردەستە چونکە تەواوی بێستانچییەکان لەوە لەبەر دەکەن.

لە نزیك ((ئارکوی)) دایەنگەیەك پێدەزانم، کە لە نزیك زەلکاوێکە و لە سەردەمی منداڵی، کاتێك ڕۆژانی پێنجشەممە دەچوومە قوتابخانە لەگەڵ هاوڕێکانم بۆ ڕاوەبۆق دەچووینە ئەویّ. ئێستا ئەگەر توانیبام بڕۆم، تاکوو داهاتنی شەو لەویّ خۆم دەشاردەوە.

شەوانە لە پەناگەی خۆمەوە دەهاتمە دەریّ و بۆ ((ونسان)) دەڕۆیشتم. بەڵام ڕووبار دەبوو بە ڕێگر و بە ناچاری دەچوومە ((ئارپاژون)) بەڵام لە هەموویان باشتر ئەوە بوو کە ڕێی ((سن

ژرمن))م لە پێش دابوو و دەچوومە ((هاور)) و لەوێوە بـە مەبەسـتی کۆچـکردن دەچـوومە ئینگلیـز و لەسـەر کەشـتی دادەنیشـتم. بـەڵام سوودی چییە؟ کاتێك دەگەیشتمە ((لونگ ژومو)) سـەربازێك پێشـی پێ دەگرتم و داوای پاسپۆرتی لـێ دەکـردم. لەبەرئـەوەی نـەم بـوو، ناچار توشی کێشە دەبوومەوە و لەدەست دەچووم.

منی بەدبەخت کە بە خەو و خـەیاڵ ژیـان بەسـەر دەبـەم، یـەکێك نییە بڵێ: هەی بێنەوا، ئەگەر ڕاسـت دەکـەی، سـەرەتا ئـەم دیـوارە ئەسـتوورەی کـە سـێ پـێ لێـژە و چـواردەوری تۆیـان گرتـووە، تێکیبشکێنە و برۆ خوارەوە. پەکوو! سێدارە! سێدارە!

کاتێك من بیر دەکەمەوە، کە لەو تەمەنەدا کەوتوومـە ئێـرە، واتـە گرتووخانەی((بێ نووا)) تا ئەو چاڵە گەورە و شێتانەی نـاوی ببیـنم، خەریکە لە ترسان شێت بم!

١٨

ئەوکاتەی کە من ئەم ڕووداوەم دەنووسی، چراکە بەرەو کوژانەوە دەچوو و ڕۆژ نزیك دەبۆوە و سـەعاتی گـەورەی کڵێسـا شـەش جـار زرمەی بەر گوێ کەوت.

خودایــە، یــانی چــی؟! ئــەوەی کــە ئێشــکگر هاتۆتــە ژووری گرتووخانە و کڵاوی لە سەری هێناوەتە خوار، بە ڕێـز و حورمەتـەوە سـڵاوی لــە مــن کــردووە. داوای لێبــوردنی کــردووە و هەرچــەندە توانیویەتی دەنگی بەرز و گڕی خۆی نەرم و هـێمن کردۆتـەوە و لـێم دەپرسێ، بۆ نانی بەیانی حەزت لە چییە؟

لەرزوتایەکی سـەیر تـەواوی جەسـتەی داگـرتم و بـە خـۆمم گـوت: خودایە! بڕیاری سێدارەی من ئەمڕۆ جێبەجێ دەبێ؟

١٩

بەڵێ، پێم وا نییە ئەمڕۆ بڕیاری سێدارەی مـن جێبـەجێ بکرێـت!
بەڕێوەبـەری گرتووخانــەش ڕاســتەوخۆ هاتۆتــە دیــداری مــن و لــێم دەپرسێت کە دەتوانێ چ خزمـەتێك بـە مـن بكـات؟ بـە چ شـێوەیەك دەکرێ سوودی هەبێ بۆ من؟ لە هەمان کاتدا داوای لێبوردن و حورز خـوایی دەکـا، تـاکوو دڵـم لـەوی و لـە ژێردەسـتەکانی نەهێشـابێ و گەردنی ئازاد بکەم. بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە حاڵی پەرێشانی مـن جیا دەبێتەوە و دەپرسێ کە چۆن شەوم ڕۆژکردۆتــەوە و کاتێـك لـە دەرگا دەچێتە دەرێ، من بە ناوی ((بەڕێز)) بانگ دەکات!

بەڵێ، حەتمەن ئەمڕۆ بڕیاری سێدارەی من جێبەجێ دەبێ!

## ٢٠

جەنابی بەڕێوەبەر پێی وا نییە هیچ گلەیی و گازندەیەکم لە خۆی و ژێردەستەکانی هەبێ. هەرچی خۆشیەتی، چونکە بۆ من باش نییە کە ئەسڵەن بکەومە شکایەتکردن. ئەوان ئەرکی خۆیان بەجێهێناوە و لە چاودێری و ئێشکگرتن لە من درێغییان نەکردووە. لە کاتی هاتن و ڕۆیشتنی منیشدا ڕێز و حورمەتیان گرتووم، بۆیە دەکرێ من لێیان ناڕازی و دلگران بم؟

ئەو بەندییەوانە خێرۆمەندە بە خەندەیەکی پڕ سۆز، بە قسەی خۆش و گفتولفتێکی شیرین و چاوانی دلڕفێنەوە، کە هەم ستایشی مرۆڤ دەکات و هەم لە کاری خۆیدا سیخوڕی دەکات و بەو دەستە زبر و ئەستوور و گەورانە لە ڕاستیدا خودی گرتووخانەیە و کە بە شێوەی دەعبا دەرکەوتووە، هەمان گرتووخانەی ((بێ نووا))یە کە وەك مرۆڤ، خراپ گۆڕاوە. لە چواردەوری من هەموو شتێك گیراوە و گرتووخانەیە بە شکڵی جیاواز. هەندێ جار بە شێوەی مرۆڤ و هەندێ جار بە شێوەی نێردیوانی ئاسنین و هەندێ جاریش بە

شێوەی قفڵ و کیلۆن لە نزیك خۆمەوە دەبینم.

ئەوە دیواری گرتووخانەیە کە لە بەرد دروستکراوە، ئەوە دەرگای گرتووخانەیە کە لە تەختە دروستکراوە و ئەو بەندییەوانانە لە گۆشت و خوێن پێکهاتوون. گرتووخانە بە جۆرێکی ترسێنەر و تەواو و ناتەواو دابەش بووە، کە نیوەی لە بینا و باڵەخانەیە و نیوەکەی دیکەی مرۆڤە. من خۆراکی ئەم گرتووخانەیەم. ئەم گرتووخانەیە وەکچۆن مریشك کورك دەبێ، کەوتۆتە سەر من و قەد و باڵای خۆی من دەگوشێ و خڕی کردوومەوە. ئەو گرتووخانەیە منی لە نێوان دیواری دڕکاویی خۆیدا ڕاگرتووە و بە قفڵی ئاسنین بەند و کپی کردووم و بە چاوی بەندییەکانی خۆی چاودێریم دەکات.

قوڕ بە سەر منی بێچارە! ئاخر من چیم لێ دێت و چی بەسەر منی بەدبەخت دێنن؟

## ٢١

ئێستا هێمن بوومەتەوە. ئیدی کار لە کار ترازاوە و هەموو شتێك بۆ من کۆتایی هاتووە. هاتمە دەرێ لەو شڵەژاوی و ترس و دڵەڕاوکێیەی جەنابی بەڕێوەبەر بۆی هێنابوومە ئاراوە. تازە، ناچارم دانیپێدابنێم کە من هێشتا هیوایەکم هەبوو، بەڵام ئێستا سوپاسی خودا دەکەم، کە ئیدی هیوام بە هیچ شتێك نەماوە.

ئەمە شەرحی باسەکەیە:

لەو کاتەدا کە زەنگی سەعات شەش و نیوی ڕاگەیاند ( نا، هەڵەم کردووە سەعات پێش شەش و چارەگ بوو) دەرگای ژووری من دووبارە کرایەوە و پیرەمێردێکی سەر سپی، بە جبەیەکی درێژ و ڕەنگ خورمایی هاتە ژوورێ. پیرەمێرد قۆپچەی جبەکەی کردنەوە و لە ژێر ئەوەوە، جلوبەرگی درێژ و یەخەی تایبەت بە قەشە دەرکەوت و تێگەیشتم کە قەشەیە.

ئەو پیرەپیاوە قەشەی گرتووخانە نەبوو و هەر بۆیە بەد و ناحەز دەهاتە پێش چاوم. قەشە بە خەندەیەکی گەرم و پێشوازی لێ کردنەوە لە بەرامبەری من دانیشت. دواتر سەری لەقاند و چاوی لە ئاسمان، واتە لە بنمیچی ژوورەکە بڕی.

هەستم بە مانا و مەبەستی ئەو کرد.

قەشە وەقسە هات و گوتی:

ـ کوڕم خۆت ئامادەکردووە؟

بە دەنگێکی لاواز و لەرزۆکەوە گوتم:

ـ نەخێر، خۆم ئامادەنەکردووە، بەڵام حازرم.

بەم شێوەیە چاوم داخران و لەو کاتەدا تەواوی لەشم ئارەقی ساردی دەرکردبوو. وا هەستم دەکرد کە دەمارەکانی سەرم هەڵمساون و دەنگی سەیروسەمەرە بەر گوێم دەکەوێ.

لەو ساتەدا کە من لەرزۆك و سەرسام و خەواڵوو و بێ جوڵە لەسەر کورسیی خۆم دانیشتبووم، پیرەمێردی میهرەبان قسەی دەکرد و پێم وایە هێشتا لە بیرمە کە دەمدی لێوی زەمزەمەیان دەکرد و دەستی دەجوڵان و چاوی دەدرەوشانەوە.

جارێکی دیکە دەرگا کرایەوە. دەنگی قفڵ و کیلۆن، منی لە حاڵەتی بێهۆشی و سڕبوون وریا کردەوە و قسەی بە قەشەکە بڕی. پیاوێکی سیاپۆش لەگەڵ بەڕێوەبەری گرتووخانە هاتنە ژوورێ و سڵاو و داوای لێبوردنی لە من کرد. لە دەموچاوی ئەو پیاوەدا حاڵەتێکی خەمبار و بێزار دەبینرا، کە وا پێدەچوو سەربازی ڕەسمیی تایبەت بە تۆماری مردووان بێ، تۆمارێکی کاغەزی بە دەستەوە بوو. پیاوەکە بە خەندەیەکی بەڕێزەوە گوتی:

ـ بەڕێز، من نوێنەری دادگای تاوانبارانی پاریسم و نامەیەکم لە لایەن بەڕێز سەرۆکی دادگاوە بۆ جەنابت هێناوە.

ترس و لەرزی یەکەم جار لە بەین چوو و بیر و هزری سەرەتا گەڕایەوە لام. لە جوابی نوێنەری دادگادا گوتم:

- ئەوە بەڕێز سەرۆکی دادگایە، سوور بوو لەسەر ئەوەی بڕیاری سەر بڕینی منی داوە؟ هەر بەڕاست بۆ من تاموچێژێکی خۆشی هەیە کە نامەم لەویەوە بۆ هاتووە. هیوادارم کە مەرگی من شانازییەکی گەورە بێ بۆ ئەو، چونکە ئەم خاڵە بۆ من زۆر دژوار و ئەستەمە، کە ئەو بەم ڕادەیە لەسێدارەدانی منی ویستووە و لە هەمان کاتدا کەمتەرخەم بێ لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی. دوای گوتنی ئەو چەند وشەیە، شێوازی دەنگی خۆم جدی و گڕ کرد و گوتم:

- باشە بەڕێز، بیخوێنەوە.

نوێنەری دادگا دەستی بە خوێندنەوەی کاغەزە درێژەکە کرد، بە شێوەیەك، کە لە کۆتایی هەر دێڕێك، تۆنی خوێندنەوەکەی بە ئاوازێك دەردێنا و لە ناوەڕاستی هەر وشەیەك هەڵوەستەیەکی دەکرد. ناوەڕۆکی نامەکە جوابی سکاڵاکەی من بوو.

نوێنەری دادگا، دوای خوێندنەوەی نامەکە، بێ ئەوەی سەر لەسەر پوولی نامەلوولدراوەکەی خۆی هەڵگرێ، وە قسە هات و گوتی:

- ئەمڕۆ بڕیار لە مەیدانی سێدارە جێبەجێ دەکرێت. ئێمە لە سەعات حەوت و نیو بۆ گرتووخانەی ((کۆنسیرگەری)) بەڕێدەکەوین. باشە بەڕێزم، ئایا دەکرێ لوتف و تەشریف بفەرموون و لەگەڵ مندا بێن؟

من چەند ساتێك پێش ئەوەی قسەکانی ئەو کۆتاییان پێ بێ، ئیدی گوێم لە قسەکانی نەگرتبوو. بەڕێوەبەری گرتووخانە لەگەڵ قەشە قسەی دەکرد، نوێنەری دادگاش کە هێشتا سەری لەسەر

نامەلوولدراوەکەی خۆی هەڵنەگرتبوو و مـن سـەیری دەرگـام دەکـرد کە نیوەکراوە بوو.

ئـەی بێچـارەی بەدبـەخت، چـوار هەیکـەلی تفەنگـدار لـە ڕێـڕەوی گرتووخانە چاوەڕێی تۆ دەکەن!

نوێنەری دادگا پرسیاری خۆی دووبارە کردەوە، بەڵام ئـەم جـارە چاوی دە چاوم بڕی و منیش لە جوابدا گوتم:

ـ هەر کات بتانەوێ حازرم. من لە خزمەتی ئێوە دام.

نوێنەری دادگا جوابی دامەوە و گوتی:

ـ زۆر سوپاس، نیو سەعاتی دیکە لە دواتان دێم.

ئەوجا هەموویان ڕۆیشتن و بەتەنێ جێیان هێشتم.

خودایە! ڕێگەیەکی ڕاکردنم نیشـان بـدە و هۆکـارێکی هەرچـەندە کەمیش بێ، بۆم بێنە پێش! بە هەر هۆکارێك بێ، دەبێ لێرە نەجاتم بێ، بـەڵێ نـابێ ماتـەڵ بم، لـە دەرگاکـانی ژوور، لـە پەنجـەرەکان و بنمیچی گیراو دەبـێ ڕاکـەم، هەرچـەندە کـە پـارە و لەتکـە گۆشـتی لاشەم بەر ئاسنەکانەوە بمێننەوە!

ئـای تـوڕەیی، ئـای شـەیتان، بـە نەحلـەت بـی! چـەندین مـانگی دەوێ، تاکوو کەسێك بتوانێت ئەو دیوارانە بە کەلوپـەلی پێویسـت و جیهازی تەواوە کون بکات، لە کاتێکدا مـن نـە بزمـارێکم پێیـە و نـە سەعاتێك کاتم لەبەر دەستە!

٢٢

## لە گرتووخانەی کۆنسیرگەری

بە پێی ئەوەی کە بڕیار دراوە لە دانیشتنی ئەنجومەن لەسەر من، منیان ((گواستۆتەوە)).

ئەم سەفەرە بە شێوەیەکە، کە ئاوا دێتە ئەژمار:

سەعات حەوت و نیو بوو، کە نوێنەری دادگا جارێکی دی لە دەروازەی دەرگای منەوە پەیدا بۆوە و گوتی:

ـ بەڕێز فەرموون، من چاوەڕێی ئێوەم.

بەداخەوە کە جگە لەو، هەندێ کەسی دیکەش چاوەڕێی من بوون! لە جێی خۆم هەستام و هەنگاوێك چوومە پێشێ، بەڵام لەبەرئەوەی سەرم قورس و پێیەکانم لەرزوتایان لێ بوو، پێم وا بوو ئیدی ناتوانم هەنگاوی دووەم هەڵبێنم. بەم شێوەیە زاڵ بووم بەسەر بێتاقەتی و لاوازیی خۆم و بە هەنگاوی توندەوە بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن. پێش ئەوەی کە لە ژووری خۆم بچمە دەرێ، بۆ دوایین جار نیگایەکی خێرام بە هەموو کون و کەلێنێکی ژوورەکەدا کرد. بەڵێ، من ژوورەکەی خۆم خۆشدەویست. دواتر ڕۆیشتم و دەرگام بە کراوەیی بەجێهێشت. ئەم وەزعە حاڵەتێکی تایبەت بە ژوورەکان

دەبەخشیێ.

بەڵام ئەم ژووره هەر وا نامێنێتەوه. به قسـەی کلیلبەدەستەکان، هـەر ئـەمڕۆ ئێـواره چـاوەڕێی کەسـێکی دیکـه دەکـەن بێتـه نێـوی، چاوەڕێی تاوانبارێك، که هێشتا دادگای تاوان سەرقاڵی دادگـایکردنی ئەوه.

له خوار داڵانەکه، قەشەی گرتووخانه که لـه نـانخواردنی بـەیانیی دەگەڕایەوه، کەوتەوه تەك ئێمه. کاتێك خەریك بووین له گرتووخانـه وەدەرکەوین، بەڕێوەبەری گرتووخانه بـه سـۆز و خۆشەویسـتییەکی تەواوەوه، دەستی منی گرت و چوار سەربازی وەك پاسەوان ڕەگـەڵ دام.

لـه بەرامبـەر دەرگـای نەخۆشـخانه پیرەمێردێکـی باریـك و لاواز دەنگی لێوه هات و گوتی: خواحافیز!

ئێمه گەیشتینه حەوشه. لەوێ هەناسەیەکم هەڵکێشا و هەستم بـه خۆشی و شادی کرد.

ڕێگای ڕۆیشتنی ئێمه له هـەوای ئـازاددا زۆر درێـژەی نەدەکێشـا. ئەو گالیسکەیەی که ئەسپی پۆسته و گەیاندنیان لێ بەسـتبوون، لـه حەوشەی یەکەم ڕاوەستابوو. ئەوه هەمان گالیسکه بـوو، کـه منیـان پـێ هێنـابۆ گرتووخانـه! گالیسـکەکه بـه شـێوەیەکی لاکێشـەی داپۆشرابوو، له شێوەی تۆڕ به سیمی ئاسنین و به دوو بەش دابـەش بوو و کونەکانی ئەو تۆڕه ئەوەنـده ورد بـوون، دەتگـوت بـه دەست چنیویانه. ئەو دوو بەشه هەر یەکه و دەرگایەکی هـەبوو، یـەکێك لـه

پێشیێ و یەکێك لـە دوای گالیسـکەکەوە دەکرایـەوە. سـەرتاپای ئـەو گالیسکەیە ئەوەندە پیس و پەلۆس بوو، کە ڕەنگی خۆڵی گرتبوو و گالیسکەی مردووکێشی فەقیر و هـەژاران لـە بەرامبـەر ئـەوەدا، وەك گالیسکەی پاشایان و ئاغایانی گەورە دەهاتە بەرچاو.

پێش ئەوەی کە بمخەنە نێو ئـەو ((دووچـەرخەیە)) و دفـنم کـەن، سەیرێکی حەوشەم کرد، نیگایـەکی پـڕ لـە نائومێـدی و پـەژارە، کـە حەق بوو بڵێی تەواوی دیوارەکانی لە وێرانییان ڕۆبچن.

ئەو حەوشەیە شوێنێکی بچووك بوو، کە چـەند درەختێکیـان تێـدا ڕواندبوون و بەم حاڵەوە خەڵکی ڕۆژێك پێش بـەڕێکردنی تاوانبـار بـە کارە سەختەکان جمەی دەهات. خودایە، وای لەو هەموو بینەرە !

وەك ڕۆژی بـەڕێکردنی تاوانبـار بـە کـارە سـەختەکان، بـارانێکی خۆش، بارانێکی خێرا و ورد و سـارد دەبـاری، کـە هێشـتا واتـە ئـەو دەمەی مـن تێیـدام و سـەرقاڵی نووسـینی یاداشـتەکانمم، دەبـاریێ و لەوانەیە تـەواوی ڕۆژیـش بـەردەوام بـیێ و هـەتا دوای مردنـی منـیش بباریێ.

ڕێگەی خەرابووی حەوشە پڕ لە ئاو و قوڕاو و چڵپاو بـوو. بـۆ مـن چێژێکی هەبوو، کە ئەو خەڵکە لەو قوڕ و چڵپاوەدا ببینم.

وا سواری گالیسکە بووینە. نوێنـەری دادگـا لەگـەڵ سـەربازێك لـە بەشی پێشـەوە دانیشـتووە و قەشـە و سـەربازێکی دیکـە لـە بەشـی دواوە. چوار سەربازیش لە دەوری گالیسکە ڕێدەکەن. بۆیـە فـەرمان لە لایەن شۆفێرەوە ئـەوە بـوو، کـە بـۆ چـاودێریکردنی یـەك کـەس،

هەشت کەس دانرابن.

کاتێـک ویسـتم سـواری گالیسـکەکە بم، پیرێـژنێکی چـاوقاوەیی دەیگوت:

ـ دیسانەوە من ئەم گالیسکەیەم لە زنجیر خۆشتردەوێ!

من تەواو لەو قسەیە دەگەم. ئەو دیمەنە، هەم نمایشـێکە، کـە بـە ئاسانی لێی تێدەگەی  و جگە لەوەش هەم جوانە و هەم ئاسان و بێ دەردەسەر. لـەم نمایشـەدا شـتێکی نـامۆ و ئـاڵۆزی تێـدا نییـە. لـەم دیمەنەدا جگە لە پیاوێك، کەسـی دی نایەتـە بەرچـاو. ناڕەحـەتی و ناخۆشییەك، کە توشی ئەو پیـاوە دەبـێ، بـە ئەنـدازەی ناخۆشـی و ناڕەحەتییەکـە، کـە بـە جارێـك توشـی هـەموو تاوانبـار بـە کـارە سـەختەکان ببێ. تـەنها شـتێك، کـە هەیـە، ئـەو دیمەنـە زیـاتر بڵاوبوونەوەیە. واتە وەك شەڕابێك وایە، کە خۆشـتر لـە شـەڕابەکانی دیکە بێت و یەك جار لە پـەرداخێك کرابێـت و ڕێـك کـابرا سـەرخۆش بکات.

گالیسـکە بەڕێکـەوتووە. کاتێــك ویســتی لـــە ژێــر دەروازەی گرتووخانـە تێپـەڕێ، دەنگێکـی سـادەی لێـوە هـات، بـەڵام کاتێـك کەوتینە سەر جادە، دەرگای سەنگینی گرتووخانەی ((بێ نووا)) لـە پشت سەریەوە داخرا.

من وەك کەسێکی بێهۆشم لێ هاتبوو، کە نە دەتوانێ جوڵە بکـات و نە دەتوانێ هاوار بکا و جگە لەوەش، وا هەست بکات، کە خەریکن بە زیندوویی بە خاکی دەسپێرن، توشی ترس و دڵەڕاوکێ ببووم. بـە

شـێوەیەك بـووم، کـە دەنگـی زەنگـوڵی ملـی ئەسـپی پۆستەچـی و دەنگـی چـەرخی ئاسـنی گالیسـکە، کاتێـك بـەر جـادە دەکـەوتن و تەقەوڕەقەی دووچەرخە لە کاتی تەکاندا و دەنگی ناڵی پێی ئەسپان و چوار سەرباز، کە بـە دەوری گالیسـکەوە بـوون، هەرچـۆنێکبێ بـە زەحمـەت دەمتـوانی گـوێم لـە قامچـیی گالیسکەچـی بـێ کـە لـە ئەسپەکانی ڕادەکێشا. هەموو ئەو دەنگانە لە گوێی مندا وەك لافاو و گێژەڵووکە وا بوون، کە منیان لەگەڵ خۆ دەبرد.

لە دەوری تۆڕەکـە کڵاوڕۆژنەیـەك کـە بەرامبـەر مـن بـوو، لـەناکاو چاوم بە لەوحێك کەوت، کە بە پیتی گەورە لە سەرەوەی گرتووخانە هەڵواسرابوو ((بێ نووا)) نووسرابوو. لەوحەکە بەم شێوەیە بوو.

## ڕۆژانی ئارامگەی خانەی بەساڵاچووان

بە خۆمم گوت:

ـ سەیرە ! وا دیارە کەسانێك هەنە کە لێرە پیر دەبن، هەر وەك ئەوکاتەی مرۆڤ لە نێوان نووستن و بێداریدا بە فکری دا دێ، لە مێشکی ماندوو و پەڕپووتی خۆمدا چەندین جار ئەو فکرەم ژێرەوژوور کردووە.

لەناکاو کە گالیسکەکە دەیویست پێچ بکاتەوە و بکەوێتە شەقامەوە، دیمەنی پێش چاوی منیش گۆڕا. لە پشت تۆڕە ئاسنەکەوە، منارەی ڕەنگشینی کڵێسای نۆتردامم بینی، کە لە تەمی پاریسدا مات و مەلوول دەهاتە بەرچاو. ڕێك دیمەنی فکری منیش گۆڕا. وا هاتە بەر چاوم کە منیش سواری ئەو گالیسکەیە ببووم، گۆڕابوو بە ئامێرێك لە شێوەی سەیارە. بە جێی بیرکردنەوە لە گرتووخانەی ((بێ نووا)) فکر و خەیاڵی منارەکانی نۆتردام هاتە ناو زەینمەوە و بە خەندەیەکی گاڵتەجاڕانەوە بە خۆمم گوت: ئەو کەسانەی دەچنە سەر ئەو منارەیە و ئاڵا هەڵدەواسن، بە باشی دیمەنی لە سێدارەدانی من دەبینن.

پێم وایە هەر ئەوکات بوو، کە قەشە کەوتە قسەکردن لەگەڵم. من بە سەبر و ئارامییەوە گوێم بۆ قسەکانی گرتبوو و ڕێگر نەبووم لەبەردەم قسەکانیدا. لەو کاتەدا هێشتا دەنگی چەرخەکانی

گالیسـکە و پێـی نـاڵی ئەسـپەکان بـەر جـادە و شـراقەی قەمچـیی گالیسکەچی لە گوێمدا دەزرینگانەوە و دەنگی قەشەشـم بـە بەشـێك لەوان زانی.

من هێندەی هەڵڕژانی تاقگەیەك، قسە بێسـەرەوبەرەکانی قەشـە، کـە وەك ئـاواز و بەسـتە هـزری مـن دادەڕمـێنێ، ئـارام دەبمـەوە. هـەروەها قسەوقسـەلۆکی جادەکـانیش، وەك بـا بـە بـن گوێمـدا تێدەپـەڕین، گـوێم لـە بێـدەنگی و خامۆشـیی دەوروبـەرم گرتبـوو، لەناکاو بە دەنگەدەنگی نوێنەری دادگا ڕاچڵەکیم، کە لە پێشـەوەی گالیسکەکە دانیشتبوو.

نوێنەری دادگا ڕووی لە قەشە کردبوو و قسەی دەکرد. قەشـە لـە لایەك سەرقاڵی قسەکردن بوو لەگەڵ من و لە لایـەیکی دیکـە دەنگـی گالیسکە کەڕی کردبوو و جـوابی ئـەوەی نەدایـەوە. نوێنـەری دادگـا دەنگـی خـۆی بـەرزتر کـردەوە، تـاکوو زاڵ بـێ بەسـەر چـەرخەکانی گالیسکەکەدا و لەو کاتەدا گوتی:

- دەی دەی، چەندە گالیسکەیەکی خراپ و نەفرەتییە!

ڕاستی دەکرد، لە ڕاستیدا گالیسکە دۆزەخی بوو.

نوێنەری دادگا لە قسە بەردەوام بوو و گوتی:

- هەر بەڕاست قەرەباڵغییـەکی چـەند سـەیرە! مـرۆڤ بـە تـەواوی نابیستێ. بەڕاسـت بـیرم چـۆوە چـیم دەگـوت، جـەنابی قەشـە، تکـا دەکەم چ قسەیەکم دەکرد. ئا ئا بیرم هاتەوە: ڕاستیی ئێوە ئاگاتـان لەو هەواڵە گرنگەی ئەمڕۆی پاریس هەیە؟

من وەك ئەوەی شتێکم لەسەر خۆم بیستبێ، ڕەق بوون.

قەشە کە لە کۆتاییدا توانی گوێی لە قسـەی نوێنـەری دادگا بـێ، گوتی:

ـ نـا نـا، مـن ئـەمڕۆ بـەیانی کـاتی ڕۆژنامەخوێندنـەوەم نـەبووە، ئەمشـەو دەیبیـنم. لەوانەیـە تـەواوی ئـەمڕۆ گرفتـار بم، بۆیـە بـە خزمەتکارەکەم دەڵێم بۆم هەڵگرێ و کـە چـوومەوە مـاڵێ هـەموویان بخوێنمەوە.

نوێنەری دادگا گوتی:

ـ ئەها! مەحاڵە کە ئێوە ئـەم هەواڵـەتان نەبیسـتبێ. چـۆن ئێـوە هەواڵی پاریس، هەواڵی ئەمڕۆ بەیانی نازانن؟

من وە قسە هاتم و گوتم:

ـ پێم وایە من ئاگاداری ئەم هەواڵە بم.

نوێنەری دادگا زەق زەق تەماشای کردم و گوتی:

ـ ئێوە؟ بەڕاست ئێوە دەزانن؟ باشە کەوایە چۆن بۆی چوویی؟

گوتم:

ـ ئێوە مرۆڤێکی چەند نامۆن!

نوێنـەری دادگـا گـوتی: بۆچـی نـەبم؟ هـەر کەسـە و بۆچـوونی سیاسیی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و ئەگـەر بڵـێم ئێـوەش بۆچوونی سیاسیی تایبەت بە خۆتان هەیە، هەڵەم نەکردووە. بـەڵام بۆچـوونی سیاسیی من ئەوەیە، کە لەگەڵ دامەزراندنی پاسەوانی نیشتمانی، بە تەواوی هاوڕام، چونکە سەردەمانێك من لە گرووپی پاسەوانان بوومە و زۆریش خۆش گوزەراندم.

قسەی ئەوم بڕی و گوتم:

- ئەو هەواڵەی کە من دەمزانی لەو بارەیەوە نەبوو.

نوێنەری دادگا گوتی:

- کەوایە هەواڵی ئێوە سەبارەت بە چ بوو؟

گوتم:

- دەمویست سەبارەت بە بابەتێك قسە بکەم، کە ئەویش فکر و ئەندێشەی خەڵکی پاریس ئەمڕۆ بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات.

ئەو گەمژەیە لە من نەگەیشت و هەستی نامۆیی زاڵ بوو بەسەریدا و گوتی:

- کەوایە ئێوە هەواڵێکی دیکەتان لایە؟ بەڵام هەی شەیتان، تۆ لە کوێوە توانیوتە ئەو هەواڵە کەشف بکەی؟ باشە، ئێستا هەواڵەکە چییە؟ توخوا کاکە گیان زووتر بفەرموون! بەڕێز جەنابی قەشە، ئایا ئێوەش ئەو هەواڵە دەزانن؟ حەتمەن ئێوە لە من باشتر ئاگاتان لە باسەکان هەیە. تکا دەکەم بە منیشی بڵێن. ئاخر مەوزوع چییە؟ ئێوە کە دەزانن من حەزم بە هەواڵی تازە دێ و ئەوانە بۆ جەنابی سەرۆك دەگێڕمەوە و ئەویش چێژ لە بیستنیان وەردەگرێ و سەرقاڵ دەبێ پێیانەوە.

نوێنەری دادگا، دوای ئەو قسانە چەندین قسەی بێسوودی دیکەشی کرد. بەدبەختە جارێك ڕووی لە قەشە دەکرد و جارێك ڕووی لە من دەکرد و منیش لە جوابی ئەودا تەنیا شانم هەڵتەکاند و هیچم نەدەگوت. ئاخیری سەبری نەما و لێی پرسیم:

- ئاخیری نەتگوت فکر لە چی دەکەیەوە!

گوتم:

ـ بیر لەوە دەکەمەوە، کە ئیدی ئەمشەو بیر ناکەمەوە.

گوتی:

ـ ئەها! ئەوە بوو کە گوتت؟ ئەی ماڵت نەشێویٚ، تۆ چەندە خەم و خەفەت دەخۆی! بەڕێز کاستن تا دواین هەناسە قسەی دەکرد.

ئینجا دوای هەڵوەستەیەك گوتی:

ــ من بەڕێز پاپاوانم بۆ مەیدانی سێدارە برد! ئەو ڕۆژە کڵاوەبەڵەکەکەی خۆی لە سەری بوو و جگەرەی دەکێشا.

گەنجانی ((لاروشل[1]))یش ئەگەر چی هێواش قسەیان دەکرد، بەڵام بێدەنگ نەبوون و قسەیان دەکرد.

دیسان هەڵوەستەیەکی کردەوە و بەردەوام بوو:

ـ ئەوان زۆر شێت بوون! چەندە ترس و دڵەڕاوکێیان هەبوو! گاڵتەیان بە هەموو جیهان دەهات و پێیان وا بوو بێنرخن، بەڵام گەنجۆ، بە ڕای من تۆ زۆر بیرمەند و خەمباری.

گوتم:

ـ بە من دەڵێی گەنج؟ خۆ من لە تۆ پیرترم. باوەڕ بکە هەر چارەگەسەعاتێك، کە بەسەر مندا تێدەپەڕیٚ، ساڵێك پیرترم دەکات.

نوێنەری دادگا ڕووی لە من کرد و بە سەرسووڕمانێکی نەزانانەوە دەمێك سەیری کردم، دواتر بە ڕێز و شکۆیەکەوە خەندەیەکی گاڵتەجاڕانەی خستە سەر لێو و گوتی:

ـ ئەی بابە، گاڵتە دەکەی؟ تۆ لە من پیرتری؟ من لە جێی باپیری تۆمە.

---

[1] شارێکی فەڕەنسییە.

بە هەمان ڕێز و شکۆوە جوابم دایەوە:

- نەخێر، گاڵتە ناکەم.

ئەو ((نشووك))ی خۆی کردەوە و گوتی:

- فەرموون بەڕێز، کاتتان ناخۆش نەبێ، هەندێك لەو ((نشـووك))ە بۆن بکەن و ڕقم لێ دامەگرن.

گوتم:

- مەترسن، من ناتوانم ڕقی تۆ زۆر لە دڵمدا هەڵبگرم.

لەوکاتەدا کە نوێنەری دادگا ((نشووك))ی خۆی بۆ من ڕاداشتبوو، وە بەو تۆڕە ئاسنە کەوت، کە لە چـواردەوری ئێمـە بـوو و بـە هـۆی ئەو تەکانخواردنەی کە لە گالیسکەکەوە هات، ((نشووك)) کەوتە بەر پێـی یـەکێك لـە سـەربازەکان و کەوتـە سـەر عـەرزی و بـە کراوەیـی مایەوە.

نوێنەری دادگا هاواری کرد کە:

- نەفرەت لەو تۆڕە ئاسنە!

دواتر ڕووی لە من کرد و گوتی:

ـــ توخــوا مــن مرۆڤێکــی چــارەڕەش نــیم؟ ســەیرکە هەرچــی ((نشووك))م هەبوو لە دەستم کەوتە خوارەوە.

خەندەیەکم کرد و گوتم:

- کارەساتی من لە هی تۆ گەورەتر دەبێ.

نوێنــەری دادگــا هــەوڵی دا تــا ((نشــووك))ەکــان کۆبکاتــەوە و هەروەها لە ژێر لێوەوە دەیگوت:

- کارەساتی تۆ لـە هـی مـن گـەورەتر دەبـێ؟ بـەڵێ، گـوتنی ئـەم

قسەیە ئاسانە، بەڵام لێرەوە تا پـاریس بـێ ((نشـووك)) مانـەوە زۆر دژوارە. بەڕاست چەندە زەحمەت تێدەپەڕێ.

لە هەمان کاتدا قەشەی گرتووخانە بە چەند وشەیەك ئـەوی ئـارام دەکـردەوە و دڵـی دەدایـەوە. هەرچـەندە وا هەسـت دەکـەم سـەرم قورس بوو، بەڵام پێم وایە ئەو چەند وشەیە، هەمان ئـەو ئامۆژگـاری و نسیحەتە بـوون، کـە سـەرەتا بـە منـی گـوتن. وردەوردە قەشـە و نوێنەری دادگا قسەیان گەرم دەبوون. من وازم لەوان هێنا و چـوومە قوڵایی بیر و ئەندێشەوە.

کاتێـك گەیشـتینە دەروازەی سـەیتەرە، مـن هێشـتا لـە فکـر و خەیاڵاتی خۆمدا بووم، بەڵام پێم وا بوو لە پاریس زیـاد لـە پێویسـت هاتوهاوار و دەنگەدەنگ بەرزدەبێتەوە.

گالیسکە هەنـدێك زیـاتر چـۆ پێشـێ و ڕاوەسـتا، پۆلیسـەکان نێـو گالیسکەیان پشکنی. ئەگەر مەڕێك یان مانگایەك لە گالیسکەکەدا بـا و بردرابا بۆ کوشتارگە، ڕاستەوخۆ دەبوو پارەیـان وەپـێش بکـەن و باج بدەن، بەڵام سەری مرۆڤ بەخۆڕاییە و بـاجی نـاوێ. لـە پـەرژینی سەیتەرە تێپەڕین.

دوای ئەوەی لە ((بولوار)) تێپەڕین، گالیسکە بە خێرایی بە کوچـە قەدیمی و پێچاوپێچەکانی گوندی ((سن مارسو)) و دواتـر بـە کۆڵانـە تەنگ و تاریکـەکانی شـاردا دەسـووڕایەوە، کـە وەك ڕێـی لاوەکـی و تێکراوەی مێرووان وا بـوون. دەنگـی چـەرخەکانی گالیسـکە بەسـەر جـادەی ئـەم کوچـەتەنگەبەرانەدا ئەوەنـدە بـەهێز دەزرنگانـەوە و بـەرگوێ دەکـەوتن، کـە ئیـدیی گـوێم لـە دەنگـی دەرەوە نـەدەبوو.

کاتێـك لــە کڵاوڕۆژنــەی ژووره چوارگۆشــەکەی گالیســکە ســەیری دەرەوەم کرد، پێم وا بوو کە لافـاوی خـەڵکی بـۆ سـەیرکردنی ئەمـە ڕادەوەستن و دەستەی منداڵە بەرەڵاکان بەدوای دەکەون.

هەروەها دەهاتە بەرچاویشم، کە جارجار لە سەر چـوارڕاکان و لـە گۆشـە و کـەناری کۆڵـان، بەسـتەیەك وەرەقـەی چـاپکراو بەدەسـت ژنێك، یان پیرێژنێکی پەڕپووت، یان هەردووکیانەوەیە و وەك ئەوەی کەسێك بیەوێ هاوار بکـا، زاریـان ئـاوا دەکرێتـەوە و دادەخرێتـەوە. خـەڵکیش دەوریـان داون و بـۆ دەستخسـتنی ئـەو وەرەقانـە سـەر و دەستی خۆیان دەشکێننەوە.

لەوکاتەدا کە ئێمـە داخڵـی حەوشـەی گرتووخانـەی گۆنیسـرگەری بووین، سەعاتی کۆشکی دادگا هەشت و نیوی ڕاگەیاند.

دیمەنی ئەو نەردیوانە گەورە و ئەو مزگەوتـە تاریکـە و ئـەو ژووره شوومانە، منیان لە جێی خـۆ ڕەق کـرد. کاتێـك گالیسـکە ڕاوەسـتا، پێم سەیر بوو کە دڵم هێشتا لە لێدان نەکەوتووە. مـن بـە کۆشـش و هـەوڵێکی زۆر بـەهێزەوە خـۆم کـۆکردەوە. دەرگـای گرتووخانـە بـە خێرایی هەورەتریشقە کرایەوە. من لەو ژووره گەڕۆکە خـۆم هەڵدا و بە خێراییەکی زۆر خۆم گەیاندە ژێر دەروازەی خانووەکە و خـۆم لـە نێوان دوو ڕیز سەربازەوە دیتەوە، لـەوێش کۆمـەڵێکی زۆر هاتبوونـە دیدەنیم.

٢٣

لە تەواوی ئەو ماوەیەی کە بە ڕێڕەوەکانی کۆشکی دادگادا دەڕۆیشتم، هەستم دەکرد مرۆڤێکی ئازاد و سەربەخۆم و دەتوانم بە دڵی خۆم کوێم حەز لێ بێ بۆی بچم. بەڵام لە گرتووخانەی کۆنسیرگەریدا کاتێك دەرگا نزم و ڕێرەوەکورتەکانی ژێرزەمین و داڵانە درێژ و قەرەباڵغ و خنکێنەرەکان، کە جگە لە تاوانبار و تاوانباردەرەکان کەسی دیکەی پێدا نەدەڕۆیی و سەیریان دەکردم، هەر دەمە و توشی ئیرادە و بڕیارێك دەبوومەوە.

نوێنەری دادگا هەروا بەدوای مندا دەهات. قەشە لێم جیابببۆوە و ڕۆیشتبوو تا دوای دوو سەعاتی دیکە بگەڕێتەوە. لەوانەیە دوای کاری خۆی کەوتبێ.

منیان بردە ژووری بەڕێوەبەری گرتووخانە و نوێنەری دادگا منی ڕادەستی ئەو کرد. دیار بوو کە لەگەڵ بەندییەکی دیکە دەمگۆڕنەوە. بەڕێوەبەر داوای لە نوێنەری دادگا کرد، کە کەمێك چاوەڕێ بکات و پێی ڕاگەیاند کە دەبێ ڕاستەوخۆ بۆ گەڕانەوە بە گالیسکە ((نێچیر))ێکی دیکە لەگەڵ خۆی ببات بۆ گرتووخانەی ((بێ

نووا)). ئەو تاوانبارە ڕاستەوخۆ ئەنجامی دادگایی ئەمڕۆیە و دەبێ لەسەر هەمان ئەو حەسیرە بخەوێ، کە من مەجالم نەبوو زۆر لە سەری بمێنمەوە.

نوێنەری دادگا بە بەڕێوەبەری گوت:

- زۆر باشە، کەمێك چاوەڕێ دەکەم، دواتر هەردووکمان نووسراوی دانیشتن ئیمزا دەکەین، تاکوو بابەتەکە چارەسەر بێت.

لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا، منیان خستە ژوورێکی بچووك، کە لە تەنیشت ژووری بەڕێوەبەری گرتووخانە بوو. دواتر بەجێیان هێشتم و دەرگایان توند لەسەرم داخست.

نازانم لە فکری چی دا بووم و چەند لەو ژوورەدا بەتەنێ مابوومەوە، کە لەناکاو دەنگی قاقای پێکەنین زرنگەی لە گوێم هێنا و منی لەو جیهانە خەون و خەیاڵاتە هێنایە دەر.

لە ترسان تێکڕابووم و سەرم بەرز کردەوە و دیتم کە بەتەنیا لە ژوورێدا نیم. پیاوێکی دیکەش لەگەڵ من لە ژوورەکەدا بوو، پیاوێکی بەتەمەن، کە تەقریبەن پەنجا و پێنج ساڵێك دەبوو. ڕووخسارێکی چرچولۆچ و جەستەیەکی کووڕ و مووی سەریشی گەنمڕەنگ و بازووەکانی زبر و ئەستوور بوون. خەندەیەکی تەڵخی لەسەر لێو نیشتبوو، کە قەدوباڵایەکی ناشیرن و جلوبەرگێکی دڕاو و لەشی نیوەڕووت بوو و مرۆڤ سامی لە سەیرکردنی دەکرد.

دەتگوت ئەوکاتەی هۆشم لە خۆم نەبووە، دەرگای ژوورەکەیان کردۆتەوە و یەکێکیان تێخزاندووە و دووبارە دەرگاکەیان

داخستۆتەوە و من هیچ ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبووم. خۆزگە مەرگیش ئاوا دەهاتە سۆراغم!

من و ئەو پیاوە بۆ ماوەیەك زەقزەق تێکەوە ڕاماین. ئەو هەر وا خەندە تەڵخەکەی خۆی لەسەر لێو بوو، وەك ئەوانەی لە خەو ڕابوونە و منیش بە نیوە سەرسامی و نیوە ترسەوە ڕەق ڕاوەستابووم. دواجار گوتم:

- تۆ کێی؟

پیاوەکە گوتی:

- پرسیارێکی چەند سەیر دەکەی، من ((فریوش))م.

پرسیم:

- فریوش؟ فریوش یانی چی؟

ئەو پریسارە پێکەنینەکەی ئەوی زیاد کرد و بە قاقایەکی ترسناکەوە گوتی:

- واتە هەمان ئەو پیاوکوژەی، کە دوای شەش سەعاتی دیکە یاریی بە سەری تۆ دەکات، شەش حەفتەی دیکەش دێنە سۆراغی کەللەی من. ها ها! ئێستا پێم وایە چاك لەو قسەیە تێگەیشتبی.

لە ڕاستیدا ڕەنگ بە ڕووخسارمەوە نەمابوو و لە ترسان مووی سەرم گرژ بوون. دیار بوو ئەوە هەمان تاوانباری ئەو ڕۆژەیە، ئەو تاوانبارەی کە لە گرتووخانەی ((بێ نووا)) چاوەڕێی دەکەن. تاوانبارێکە، کە دەبێتە جێنشین و وارسی من.

پیاوەکە بەردەوام بوو لە قسە و گوتی:

ـ باشە، ئێستا چت دەوێت؟ ئامادەی گویێ لە چیرۆکی من بگری؟

ئەوەیە چیرۆکەکەم: من کوڕی یەکێك لە دزانی ناسراوم کە پیاوێکی خێرۆمەند بوو، بەڵام حەیف کە ڕۆژێك شارلو (واتە جەلاد) ئەزیەتی کێشا و ملی خۆی بە بۆینباغ (واتە پەت) داکرد. ئەم ڕووداوە لە کاتێکدایە، کە لە سایەی لوتف و کەرەمەتی خوداوەند هێشتا لەداردان جێبەجێ دەکرا. من لە تەمەنی شەش ساڵی هەتیو بوومەوە و نە دایکم هەبوو نە باب. هاوینان لە گۆشەیەکی شەقام لە تەپوتۆزدا دادەنیشتم تاکوو ئەو گەشتیار و ڕێبوارانەی بە گالیسکەی پۆستەچیدا بەوێدا دەڕۆیشتن، پارەیەکیان لە دەست هەڵوەریێ و خێرێکم پێ بکەن. زستانان بە پێخواسی بەناو قوڕ و چڵپاودا دەڕۆیشتم و بە هەناسەی خۆم پەنجەی سوور و سەرمابردووم گەرم دەکردنەوە. ڕانم لە دڕاوایی پانتۆڵەکەمەوە دیار بوو. لە نۆ ساڵی کەوچکی خۆم (واتە دەستەکانم) وە کار خستن و جارجار جانتا(واتە گیرفان)ی یەکێکم بەتاڵ دەکرد و جل (واتە پۆشاك)ێکی دیکەم دەپشکنی. لە دە ساڵی زۆڵ (واتە بوومە دز)، بە شێوەیەك کە ژووری بچووك (واتە دوونکا)ێکم دەشکاند و وەگەڕ(واتە کلیل)م دروست دەکرد. دواتر دەستگیریان کردم و لەبەر ئەوەی گەیشتبوومە تەمەنی یاسایی. منیان بۆ نێو کەشتیی بچووك( واتە بۆ بێگاری) بۆ گرتووخانە نارد و بێگارییەکی سەخت و تاقەتپڕووکێن، لەسەر تەختەی نووستن و خوارندەوەی ئاوی ڕوون و زوڵاڵ و خواردنی نانی بۆر و گواستنەوەی باگردانی قورس بە شان و پیل،

كە نازانرێت بە كەڵكی چی دێت و بەركەوتنی دار و تیشكی خۆر كە ڕوونە موو هەڵدەوەرێنێ و بە تایبەت كە من موویەكی چەند جوان لە شێوەی بەڕووم هەبوو! بەڵام بەكەڵك چی دەهات؟ دواجار من ماوەی بەندیی خۆمم تەواو كرد. پازدە ساڵ شتێك نییە، تا چاو دەترووكێنی تەواو دەبێ! ئەوكات من سی و دوو ساڵ بووم!

ڕۆژێك بەیانییەكی خۆش بوو، كە پاسپۆرتی سەفەر و شێست و شەش فرانك، كە لە ماوەی ئەو پازدە ساڵ بەندكردن بە بێگاری، ئەویش بە ڕۆژی شازدە سەعات كاركردن و سی ڕۆژ لە مانگێكدا و دوازدە مانگ لە ساڵێكدا بەدەستم هێنابوو، دابوویانە دەستم و ئازادیان كردم. عەیبی نییە، من بڕیارم دابوو بەو شێست و شەش فرانكەی پاشەكەوتم كردبوو، پیاوێكی ڕاست و سەربەرز بم. من لەو جلكە كۆن و دڕاوانەدا هەست و بیری وام لە خەیاڵدا بوون، كە لە ژێر ئۆقیانووسی عەبای هیچ قەشەیەكی پاكدا نەبوون. بەڵام بە چی دەچێ؟! مردووشۆرێك ئەو پاسپۆرتی سەفەرە ببات، بەرگەكەی زەرد بوو و لە سەری نووسرابوو: بەندییەك بە كاری سەخت، كە ئازادكراوە.

بە هەر كوێیەكدا دەمویست تێپەڕم، ناچار بووم ئەو وەرەقەیە پێشان بدەم و لە هەر شوێنێك پێویستی بە مانەوە هەبا، دەبوو هەر هەشت ڕۆژ جارێك پێشانی كوێخای ناوچەكەی بدەم. بەڕاست پاسپۆرتێكی چەند باش بوو! من كێم؟ تاوانبار بە كاری سەخت! بەبێ هۆ توشی ترس و دڵەڕاوكێی هەموو ئەوانە ببووم. منداڵان لە

سەر ڕێگەی من ڕایان دەکرد و خەڵکی دەرگای خۆیان بەسەردا دادەخستم. هیچ کەس ئامادە نەبوو کارم بداتێ. دواجار شەست و شەش فرانکەکەم خوارد و دیسان بۆ بژێوی ژیان پێویستم بە پارە بۆوە. من هێز و توانا و قووەتی خۆم نیشانی هەموویان دا، بەڵام ئەوان دەرگایان بەرەو ڕووم دادەخست.

ئامادە بووم لە تەواوی ڕۆژدا، خۆم لە بەرامبەر پازدە((سوو[1])) و دە ((سوو)) و هەتا پێنج ((سوو))ش بفرۆشم و کەس پێویستی پێم نەبوو. باشە، دەبوو چی بکەم؟ ڕۆژێك برسی بووم. ئانیشکێکم لە شووشەی دووکان ڕاکێشا و چنگم لە پارچە نانێك دا، نانەواش مەچەکی گرتم. من نەمتوانی نانەکە بخۆم، بەڵام تاوانبار بە حەبسی هەتاهەتایی و کاری سەخت بووم و سێ پیتیشان بە ناونیشانی بەندیی بە داغکردن لە سەر شانم دروست کردن. ئەگەر دەتەوێ شانم ڕووت بکەم و ئەو پیتانەت پێشان بدەم. ئەوان ناویان لەو دادپەروەرییە ناوە تاوانی دووبارە. بەهەرحاڵ وەك ئەسپی گالیسکە جارێکی دی منیان بردەوە ((تۆلۆن)) و لەگەڵ کڵاوسەوزەکان (تاوانباری هەتاهەتایی بە کاری سەخت)یان کردم. بە هەر هۆیەك بوو، دەبوو لە زیندان ڕاکەم. بۆ ئەو کارە حەتمەن دەبێ سێ دیوار کون بکەم و دوو زنجیر بپسێنم و ئەوەتا جگە لە بزمارێك، هیچ پێویستی و هەوسارێکم بە دەستەوە نییە. دواجار سەرکەوتوو بووم

[1] پارەیەکی تایبەتە بە فەڕەنسا

له ڕاکردن. دەستبەجێ تەقەیان له نیشانەی تۆپ تەقێنەرەکه کرد، لەبەرئـەوەی ئێمـه بەنـدکراوەکان و تاوانبـار بـه کـاره سـەختەکان وەکوو قەشه و پاپای گەوره و بەدەسەڵاتەکان و شکۆدارانی شاری بووین، که وەك ئەوان مێـزەری سوورمان دەبەست و هەمدیسانێش که بۆ شوێنێك دەچووین تۆپەکەیان دەتەقاند.

جارێك فیشەکی ئەوان بەر چۆلەکەکان کـەوتن. مـن ڕامکردبـوو و پاسپۆرتی ڕەنگزەردم پێ نەبوو، تا ببێته هۆی بارگرانیم، بەڵام یەك فلسیشم له گیرفاندا نەبوو. لەو نێوەدا توشی هاوڕێیانێـك بـووم، کـه یان کاتی حەبسی خۆیان تەواو کردبـوو، یـان وەك مـن گوریس(واتـه زنجیر)ی خۆمم پساندبوو و ڕامکردبوو. سەری ئەوان( واتـه سـەرۆکی ئەوان) پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم، که ڕەگەڵ دەستەی ئەوان بکەوم و ڕازی بم تا لەگەڵ ئەو دەستەیه بم. ئیشی ئەوان ئـەوه بـوو کـه لـه سەر شاڕێکان مریشك سەر ببڕن( واته خـەڵکی بکـوژن). منـیش ئـەو پێشنیارەم قبوڵ کرد و لەبەر خاتری زیندوومانەوەی خـۆم، کەوتمـه کوشتنی خەڵکی. هەندێ جار ڕێمان له گالیسکەکانی پۆست دەگـرت و هەندێ جاریش گالیسکەی موسافیری و هەندێ جاریش هێرشمان دەکـردە سـەر جەڵەبفرۆشـەکان، کـه بـه سـواری ئەسـپ بـەدوای مانگاکاندا دەڕۆیشتن. کاری ئێمه ڕوتکردنـەوەی خـەڵکی بـوو، واتـه پاره و پول له ڕێبواران وەرگرین و مەڕ و ماڵاتیـان ڕەهـای دەشـت و سەحرا بکەین و مرۆڤەکانیش بکوژین و له ژێر درەختدا بیاننێژین تـا لەشولاریان دیار نەبێ.

دواتر لەسەر مەزاری ئەوان شایی و سەما مان دەکرد تا گڵەکە لـە ژێر پێدا بپەستێتەوە و کەس تێنەگات کە ئەو خاکە تازە ژێـرەوژوور کراوە.

بەم شێوەیە گەنجێتیی خۆم بەسەر برد و پیر بـووم. تەمـەنی مـن ئاوا تێپەڕی، کە یان لە نێو دڕکوداڵ و تەلاندا کـەمینم دەگـرت، یـان لە ژێر ئاسمـانی سـاف و لـە سـارا خـەوم لـیٚ دەکـەوت و یـانیش لـە هاتوچۆدا بووم لەو جەنگەڵ بـۆ ئـەو جەنگـەڵ و یـان فـێراری بـووم، بـەڵام هەرچـۆنێك بـوو دڵـم بـە خـۆم خـۆش بـوو، چـونکە ئـازاد و سەربەخۆ بووم.

بەڵام وەك چۆن لـەم جیهانـەدا هـەموو شـتێك کۆتاییـەکی هەیـە، منیش سەردەمی کامەرانیی خۆم کۆتایی هاتبوو. دواجار شەوێك کـە هــەوا کشــومات بــوو و ئاسمــانێکی جــوانی هــەبوو، شــوێنپێی فرۆشـیاران(واتە سـەربازان) لـەناکاو بەسـەریان دادایـن و یەقـەیان گرتین. یاخییەکان (واتە هاوڕێکانی من) تێیان قووچاند و من کـە لـە هەموویان پیرتر بووم، کەوتمە ژێـر چـنگی ئـەو پشـیلە دڕندانـە، کـە کڵاوی قەیتانداریان لە سەر بوو. ئەوان هێناویانمەتە ئێرە و تا ئێستا بە تەواوی بە پلەکانی نێردیوانی دادپەروەریدا چوومەتە سەرەمەگەر یەك پلە( واتە تەواوی ڕێکـارە یاساییەکان دەربـارەی مـن جێبـەجیٚ بوونە و تەنها ئەوە ماوەتەوە بمخەنە دەست پیاوکوژ). ئیدی بۆ من فەرق ناکا، کە کلێنسم دزیبیٚ، یان پیاوم کوشتبیٚ، چونکە بە هەموو شێوەیەك شیاوی ناونیشانی دووبارەکەرەوەی تاوانم و جگـە لـەوەی کـە بمدەنـە بـەر داس( واتـە جـەلاد) چارەنووسـێکی دیکـەم نییـە.

تەمەنی من کەم بوو و لەبەرئەوەی وردەوردە بەرەو پیری دەچووم، پێم وا بوو بەکەڵکی هیچ نەدەهاتم. بابم بێوەژنێکی هێنا(واتە لە داریان دا) و منیش لە خەڵوەتگەی کێوی نیدامەدا(واتە ئامێری سەربڕین) دەمێنمەوە. بەهەرحاڵ هاوڕێ، ئەوە چیرۆکی من بوو. مات و مەلوول گوێم بۆ قسەکانی ئەو گرتبوو و پیرەمێرد زیاتر لە جاری یەکەم دەستی کردبوو بە قیژەقیژ و هاتوهاوار و قاقا پێکەنی و ویستی دەستی من بگرێت. بە ترس و لەرز و بێزارییەوە کشامەوە.

گوتی:

ـ هاوڕێ، دەڵێی غیرەتت نییە. تۆ نابێ وەك سەگ لە مردن بترسی. لە مەیدانی سەربڕین یەك چرکەش بە ناخۆشی بەسەرتدا تێناپەڕێ، ئەو چرکەیەش وەك هەورەتریشقە تێدەپەڕێ. حەزم دەکرد منیش لەوێ بام و تەقڵەلێدان و سەربەقولاتەم فێرکردبای. باوەڕکە ئەگەر ویستبایان ئەمڕۆ منیش لەگەڵ تۆ درەو بکەن(واتە سەریان بڕیبام) هەرگیز ڕێگر نەدەبووم و داوای لێخۆشبوونم نەدەکرد. خراپ نەبوو قەشەیەك دوعا بۆ هەردووکمان بکات و گرنگیم بە داواکارییەکانی دیکە نەدەدا. ها چ دەبوو؟ ئێستا دەبینی چەند کوڕێکی باشم! وا نییە؟! بڵێ بزانم، دەتەوێ ببیە هاوڕێم؟

دواتر هەنگاوێکی دیکە بۆ لای من هات. من لەو کاتەدا کە دەستی ئەوم ڕەتدەکردەوە، گوتم:

ـ نەخێر بەڕێز، سوپاس.

دیسان قاقا پێکەنی و گوتی:

ـ بەڵێ بەڕێز، دەردەکەوێ کە ئێوە( واتە ئێوە) لە بەگزادەکانن،

پێدەچێ لە ((گەورەکان)) بی!

قسەم پێ بڕی و گوتم:

- هاوڕێ، من پێویستم بە بیرکردنەویە، تکا دەکەم ئاسوودە جێم بێڵە!

لەناکاو دیتم لە قسەی جدیی من لە فکران ڕاچوو و سەری گەنمڕەنگ و نیوەڕووتی لەقاند، دواتر مووی سینەی کە لە یەخەی کراسەکەیەوە هاتبۆ دەرێ، بە نینۆك خوراندی و لە ژێر لێوەوە منگەمنگێکی کرد و گوتی:

— ئێستا تێگەیشتم! ڕاستە تۆ بەرازی( واتە قەشەی)! و دیسانەوە دوای چەند ساتێك بێدەنگی، بە قەد و باڵایەکی بێدەسەڵات و سەیرەوە گوتی:

- زۆر باشە، تۆ گەورەی و لە پلەی بەگزادانی، باشتر! بەڵام چاکەتێکی زۆر نایابت لەبەردایە، کە ئیدی بەکەڵکت نایە و کابرای پیاوکوژ بۆ خۆی هەڵیدەگرێ. تکا دەکەم بیبەخشن بە من و تاکوو بیفرۆشم و بە پارەکەی توتنی پێ بکڕم.

چاکەتەکەی خۆم دانا و وێمدا. پیرەپیاو بە خۆشی و شادییەکی منداڵانە چەپڵەی لێ دا، دواتر کە دیتی من بە یەك فامیلەوە ماومەتەوە و لە سەرمان هەڵدەلەرزم، گوتی:

- کاکە ئەوە سەرماتانە؟ کەوایە فەرموو چاکەتی من لەبەر بکە. لە دەرەوە باران دەبارێ و تەر دەبی، بۆیە دەبێ بە ڕێز و شکۆوە لەسەر گالیسکە دابنیشی.

لەو قسانەدا بووین، پیاوەکە کۆتە خورییە ئەستوور و

فەڕاحەکەی، کە لە خوریی خۆڵەمێشی دروستکرابوو، داینا و لەبەر منی کرد. من ڕێگر نەبووم لێی و بە هێمنی لە شوێنی خۆم مامەوە. ئەوکات هەستم کرد پشتم وە دیوار داوە. باسکردنی ژیان و گوزەرانی ئەو پیاوە لە ناخمدا کاریگەریی دروستکردبوو و پێی دڵتەنگ بووم. کابرا خەریکی هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی کۆتە نوێکەی بوو، کە من دابوومێ و زوو زوو دەنگی خۆشی و شادی لێوە دەردەهات و دەیگوت:

ـ بەه بەه! باخەڵی چەند نوێنە! یەخەکەشی تێکنەچووە! بە دڵنیاییەوە بە پازدە فرانك لێم دەکڕن. بەڕاست چەندە باشە! سوپاس بۆ خوا توتنی ئەم شەش حەفتەیەشم جێبەجێ بوو.

دووبارە دەرگای ژوورکە کرایەوە. دوو کەس بەدواماندا هاتبوون، تاکوو من ببەن بۆ ژووری تاوانبار بە سێدارە و تا کاتی لە سێدارەدانم ڕێنماییم بکەن و ئەویش ببەن بۆ گرتووخانەی ((بێ نووا)). پیاوەکە، شاد و بەکەیف، خۆی خزاندە نێو ئەو سەربازانەی کە ئامادەبوون ئەو ببەن و گوتی:

ـ ئاه توخوا هەڵە مەکەن! ئەگەرچی من و ئەو پیاوە پۆشاکەکانمان گۆڕیونەتەوە، بەڵام نەکا من بۆ جێگەی ئەو بەرن. شەیتان بە نەحلەت بێ! ئێستا کە پارەی توتنم بەدەست کەوتووە، هیچ کات هەڵەی ئێوە سوود و قازانج بە من ناگەیەنێ و ئامادە نیم لە جێگەی ئەو پیاوە بم.

٢٤

ئەو پیرەپیاوە دزە خوێڕییە کۆتەکەی بە زۆر لە چنگم دەرهێنا، دەنا من بە ئارەزووی خۆم نەمدەدایە. دواتر ئەو کۆتە پیس و پۆخڵە و بۆگەنەی بۆ من بەجێهێشت. ئێستا نازانم بەخۆ و بەو کۆتە دڕاوەم بە کێ دەچم؟

من چاکەتەکەی خۆم لە پیاوەتی و جوامێرییان، یان بە چاکە و خێر نەداوەتێ، بەڵکوو بەو هۆیەوە بوو، کە ئەوم لە خۆم بەهێزتر و بەقوەتتر دەزانی. ئەگەر نەمدەدایە، بە مستە قورسەکانی منی دەکوتا.

هەر بەڕاست چۆن دەمتوانی چاکەی لەگەڵ بکەم، چونکە من هەستێکی خراپم بەرامبەر بەو هەبوو و ئەگەر توانام هەبا، حەزم دەکرد ئەو پیرەسەیە بە دەستەکانی خۆم بخنکێنم و بیخەمە ژێر پێم.

هەستم دەکرد دڵم لێوانلێوە لە ڕق و تووڕەیی و نائومێدی. دەتگوت کیسەی زراوم دڕاوە و هەرچی دەرد و مەینەت و ئازارە کەوتۆتە گیانمەوە. بەڵێ، هەستی مردن مرۆڤ دزێو و ناشیرن دەکات!

٢٥

منیـان هێناوەتـە هۆدەیـەك، کـە جگـە لـە چـواردیوارێك و چـەند پەنجەرەیەك و نێردیوانی ئاسن و کەمێك کیلۆن و قفلێ، هیچی دیکەی لێ پەیدا نابێ و ڕوون و ئاشکرایە کە دەبێ هەر وا بێ.

تکام لێ کردن کـە کورسـی و مێزێـك و کـەمێك پـەڕ و کاغـەزم بـۆ بێـنن. هـەموو ئـەو پێداویسـتیانەیان بـۆ هێنـام. دواتـر داوای قەرەوێڵەیەکم کرد. بەندییەوانیش نیگایەکی سەیروسـەمەری کـردم و مانای نیگایەکەی ئەوە بوو: کە ئەوانەت بۆ چینە تۆ؟

بەهـەرحاڵ جێخـەوێکیان لـە کـا و پووشـوپەڵاش لـە گۆشـەیەکی هۆدەکە بۆ پێکەوەنام، جگە لەوەش سـەربازێك هاتـە ئـەو شـوێنەی کە ناویان نابوو ((ژووری من)) ڕاوەستا. یانی چی؟ ئایا دەترسن کە من بەو دۆشەکە خۆم بخنکێنم؟

## ٢٦

سەعات ((دە))یە.

ئای کیژۆڵە بەدبەختەکەم! دوای شەش سەعاتی دیکە دەمرم! دوای شەش سەعاتی دی لاشەم دەبێتە لاشەیەکی پیس و بۆگەن، کە دەمبەنە سەر مێزی سارد و بێ روحی مردووان و بۆ هە کوێیەك حەزیان لێ بێ دەمبەن.

دوای شەش سەعاتی دیکە سەرم فڕێدەدەنە لایەك و لاشەکەشم لە شوێنێکی دیکە دەکەوێ. دواتر لاشەی جێماوم لە تابووتێك دەهاون و دەمبەنە گۆڕستانی ((کلامار))، کە تایبەتە بە تاوانباران.

بەڵێ کیژۆڵە نازدارەکەم، ئاوا لە بابت دەکەن و کەسانێك دەیکەن، کە نە ڕقیان لێمە و نە بێزارن لێم. بەڵکوو بەزەییان پێمدا دێتەوە و هەمووشیان دەتوانن ڕزگارم بکەن. بەڵێ، ئەو کەسانەن کە من دەکوژن. تێدەگەی کچم؟ ئەو کەسانەن کە بە هێمنی و لەسەرخۆییەوە بە بڕیاری جێبەجێکردنی یاسا و چاکسازیی گشتی من دەکوژنز ئاه، ئای خودای گەورە!

کچۆڵە بێچارەکەی خۆم! ئەو بابەی کە بەو ڕادەیە تۆی

خۆشدەویست، ئەو بابەی کە گەردنی سپی و نەرمونیانی تۆی ماچ دەکرد، ئەو بابەی کە هەمیشە دەستی لە پرچی پەڕێشانی تۆ دا بوو و گومانی لەوە هەبوو کە دەستی لە ئاوریشم دایە، ئەو بابەی کە ڕوومەتە سوورەکانی تۆی بە دەست دەگرت و بە پێکانی سەمای پێ دەکردی و شەوانە دەستە چکۆلەکانی تۆی بە نیازی دوعا بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە، دەمرێت!

ئێشتا کێ ئاوا سۆزی خۆیت بۆ دەردەبڕێ؟ کێ تۆی خۆشدەوێ؟ تەواوی مندالآنی هاوتەمەنی تۆ بابیان هەیە و تەنها تۆی کە هەتیو دەبیەوە. ئازیزی بابە، تۆ چۆن دەتوانی خوو بەوەوە بگری، کە لە ئاهەنگی سەری سالّی تازەدا، لە دیاری و یاریی مندالّان و شیرینی و نوقلّ و ماچ بێبەش بی؟ کیژۆلّە هەتیو و بێنەواکەی من، چۆن دەکرێ نەخۆی و نەخەوی؟

خۆزگە لیژنەی بڕیاردەری بە ویژدانان کچە جوانەکەم ((ماری))یان دەیبینی و تا تێگەیشتبان کە نابێ باوکی کچێکی سێ سالّان بکوژی!

خوایە! ئەگەر کچەکەم گەورە بێ و بچێتە پاریس، چی بەسەر دێ؟ بابی لەو شارەدا بیروەرییەکی خراپی لە زەینی خەلّکیدا بەجێهێشتووە. ناچار ئەو شەرم لە من و لە ناوەکەی منیش دەکات و خەلّکی لەبەر من، لەبەر منێك، کە لە قولّایی دلّەوە خۆشمدەوێت، سووکایەتی پێ دەکەن و دووریدەخەنەوە و سووك و بێ ئابڕووی دەکەن. ئای ماریی خۆشەویستم! ئایا ڕاستە کە تۆ شەرم لە ناوی

من دەکەی و نەفرەتم لێ دەکەی؟

منـی بەدبـەخت! ئـاخر مەگـەر چ تـاوانێکم کـردووە و کۆمەڵگـە تووشی چ کارەساتێك دەکەم؟

ئای خوایە گیان! ئەوە ڕاستە کە من تـا کۆتـایی ئـەمڕۆ دەمـرم؟ ئایا ڕاستە کە تاوانبار بـە سـێدارە خـودی مـنم؟ ئـەو دەنگـە تـەم و مـژاوی و خنکێنـەرەی کـە لـە دەرەوەی دەبیسـتم! ئـەو دەسـتە خەڵکانەی کـە بـە ڕوویـەکی خـۆش و خەندانـەوە بـە کـەنار دەریـادا دەڕۆن، ئـەو سـەربازانەی کـە لـە سـەربازگەکان ئامـادە دەبـن، ئـەو قەشەیەی کە جبەی ڕەشی لەبەر کردووە و ئەو پیاوەی کـە دەسـتی بـە خـوێن سـوور بـووە، هـەموویان لەبـەر خـاتری مـن و بـۆ مـن لـە جۆشـوخرۆش دان؟ ئایـا ئـەوە مـنم کـە دەمـرم؟ مـن؟ هـەمان ئـەو ((من))ەی کە لە پشت مێزەوە دانیشتووم، کە هاوشێوەی مێزەکانی دیکەیە و لەوانەبوو ئێستا لە شوێنێکی دیکە بـێ؟ مـن؟ هـەمان ئـەو منەی کە لەمس دەکەم و ئەو جلانەی کە دەیـانبینم دەنووشـتێنەوە و وای دەردەخات، کە لە نێویدا شتێکی زیندوو هەیە!

٢٧

گیوتین لە چی دروستکراوە و مرۆڤ چۆن بە هەڵواسراوی گیان دەسپێری. بەڵام نا، زانینی ئەوە زۆر ترسناك و بێزارکەرە و وا باشترە کە نەزانم.

بەڕاستی ناوی ئەو شتە شوومە، ترسناك و کاریگەرە. نازانم چۆن تا ئێستا نووسیومە و خستوومەتە سەر زمان.

داتاشینی ئەو شەش پیتە((گیوتین))، وە شێوەیان ئەوکاتەی لە تەنیشت یەکن، تەنها بۆ ئەوە خۆشە، کە لە خوێندنەوەیدا ترس و دڵەڕاوکێیەکی سەیر خەبەرت بکاتەوە، و ئەو پزیشکە بەدبەختەی کە ئەو ناوەی داهێناوە، ناوێکی گەورە و گرانی هەبووە.

ئەو شکڵ و شێوەیەی کە من بۆ ئەو کارە و ئەو وشە شوومە لە زەینمدا وێنام کردووە، ناڕوون و ترسێنەرە و شتێك نییە لەو شوومتر و ترسێنەرتر. هەر یەکێك لە بڕگەکانی ئەو وشەیە، بەشێکە لە نەفرینی ئەو ئامێرە. من هەر یەکێك لەو بەشە ڕێکوپێکانە لە مێشکی خۆمدا دێنم و دەبەم و هەڵیاندەوەشێنمەوە و ئەو دەزگا نەفرەتییەش لە مێشکی خۆمدا وێنا دەکەم و لە بیر خۆمی

دەبەمەوە.

من ناتوانم لەو بارەیەوە هیچ شتێك لە خەڵکی بپرسم، چونکە ئەگەر نەزانن ئەو ئامێرە چییە و چۆن خەڵکی پێ دەکوژن، زۆر ناشیرن و بێزارکەر دەبێ. من پێم وایە لەو ئامێرەدا قەپانێك هەیە و مرۆڤی لەسەر دەنوێنن.

وای خوایە گیان! دەترسێم پێش ئەوەی سەرم لە لاشەم جیابێتەوە، سەرم سپی بێ.

٢٨

بە پێی ئەم وەسفە بێ، من جارێك لە دوورەوە دیمەنی ئەو کارەم دیتووە.

ڕۆژێك تەقریبەن سەعات یازدە، بە گالیسکە بە مەیدانی سێدارەدا تێدەپەڕیم. لەناکاو دیتم گالیسکەکە ڕاوەستا.

خەڵکێکی زۆر لە مەیدان کۆبوونەوە. سەرم لە دەریچەی گالیسکەکەوە بردە دەر. لە مەیدان و لە تەنیشت ڕووبار قەرەباڵغییەکی زۆر هەبوو و پیاو و منداڵ و ژن لە تەنیشت دیواری پردەوە ڕاوەستابوون.

لە سەرووی خەڵکەوە چاوم بە شتێکی هاوشێوەی مێز، یان چوارچێوەیەکی تەختەی سوور کەوت، کە سێ کەس سەرقاڵی چالاککردنی بوون.

گوایە لەو ڕۆژەدا دەبوو تاوانبارێك لە دار بدەن، بۆیە سەرقاڵی چەقاندنی ئەو ئامێرە مەرگهێنەرە بوون.

پێش ئەوەی ئەو دیمەنە بە باشی ببینم، سەرم وەرگێڕا. لە تەنیشت گالیسکەکە ژنێك هەبوو کە بە منداڵەکەی دەگوت:

ـ بڕوانە کوڕم، کێردەکە خێرا نییە و کار ناکات و خەریکن بە مـۆم درزەکانی پڕدەکەنەوە چەوری دەکەن.

بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆش سەرقاڵی ئەو کارەن.

سـەعات یـازدەی نیـوەڕۆی ڕاگەیانـد و دەبـێ ئێسـتا سـەرقاڵی چەورکردنی کێردەکە بن بە مۆمەکان!

ئاخ، منی بەدبەخت، ئیدی ئاوڕ نادەمەوە.

٢٩

ئای لێبوردن، ئای لێخۆشبوون! خودایە، لەوانەیە لێمخۆش بن! پاشا ڕقی لە من نابێتەوە. ئەی ئاممان، بڕۆن و خەبەر بدەنە پارێزەرەکەم و هەتا زوویە بهێننە ئێرە. من داوای لێخۆشبوون و بوورینم هەیە. من بە ئەوپەڕی شانازییەوە تاوانبار بە کاری سەخت قبوڵ دەکەم. پێنج ساڵ بێگاریم پێ بکەن و ئیدی کارتان پێم نەبێ. ئەگەر ڕازی نین، بیکەنە بیست ساڵ و یان بۆ هەتاهەتایی بەندم بکەن و هەتا بە ئاسنی تواوە داغم بکەن، بەڵام لە گیانی من خۆش بن!

هەرچۆنێك بێ تاوانبار بە کاری سەخت لەوە باشترە، چونکە ئەو دێ و دەچێ و قورسایی خۆر دەبینن!

٣٠

دیسانەوە قەشە هاتووە.

قەشە پیاوێکی سەر سپی، ڕووخۆش و میهرەبان و قەدوباڵایەکی ڕێکوپێك و بەڕێزی هەیە و لە ڕاستیدا پیاوێکی گەورە و خێرۆمەندە. ئەمڕۆ من بە چاوی خۆم دیتم هەرچی ئەو پارەیەی لە کیسەی دەستی دا بوو، دای بە بەندییەکان. بۆیە نازانم بۆ دەنگی ئەو مرۆڤ ناهەژێنێ و کاری تێناکات و بە ئاوازی قسانی مرۆڤ ڕاناچڵەکێ؟ نازانم بۆچی تا ئێستا قسەیەکی بۆ من نەکردووە تاکوو کار لە دڵم بکات و مێشکم بجووڵێنێ؟

من ئەمڕۆ مات و مەلوول بووم و بە زەحمەت گوێم لە قسەکانی ئەو دەبوو، بەڵام هەرچییەکیش دەمبیست، پێم وا بوو بێهوودە و بێ مانا بوون و بە هیچ شێوەیەك حاڵی منیان نەدەگۆڕی. وەك ئەوە وا بوو ئاسنی سارد بکوتی. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك قەشە بۆ وەبیرهێنانەوەی بیروباوەڕ هاتە کنم. هەستم بە خۆشی و شادی کرد و بە خۆمم گوت: لە نێو تەواوی ئەو کەسانەی لە گرتووخانە دەوری منیان داوە، تەنها ئەوە کە تا ئێستاش وەك مرۆڤ مامەڵەم لەگەڵ

بكـات. هــەر بۆیــە لــە كــاتی هــاتنی دا هەســتم بــە تینوێتییــەكی بەرگەنەگر دەكەم، بۆ وتە شیرین و قسە خۆشەكانی.

لەسەر كورسی دانیشـت و منـیش لەسـەر قەڵـەوێرە و ڕاسـتەوخۆ لێی پرسیم:

ـ كوڕم...

وشەی كوڕ دڵی خەمباری منی كردەوە. قەشە دیسانەوە گوتـی:

ـ كوڕم، ئایا باوەڕت بە خودا هەیە؟

گوتم: بەڵێ، بابە گیان.

ـــ بــاوەڕت بــە كلێســای پــیرۆز و شــوێنكەوتووان و پاپایــان و پیرۆزییەكان هەیە؟

گوتم:

ـ بە دڵنیاییەوە، بابە گیان.

قەشە دووبارە گوتی:

ـ بەڵام وا پێدەچێ تۆ شك و گومانت لەو بارەیەوە هەبێ.

دوای ئەوە دەستی بـە قسـە كـرد. قسـەكانی ئـەو دەمێكـی چـاك درێژەیان كێشا و لە زۆر ڕووانەوە قسەی كرد. دواتر كاتێـك هەسـتی كرد، كە قسە بەسە و باسەكە كۆتایی هاتووە، لە جێی خۆی هەسـتا و لەوەتەی دەستی بە قسە كردبوو، بۆ یەكەمین جار ڕووی تێكـردم و گوتی:

ـ باشە، ئێستا دەڵێی چی؟

دانی پێدادەنێم كە سەرەتا بە هۆگری و سووربوونەوە و دواتر بە

دیقـەت و وریاییـەوە و سـەرەنجام بـە ئیمـان و بـاوەڕێکی تـەواوەوە گوێم بۆ گرتبوو.

منیش لە جێگەی خۆم هەستام و لە جوابی ئەودا گوتم:

ـ بەڕێز، تکا دەکەم بە تەنیا جێم بهێڵن.

قەشە پرسی:

ـ ئەی کەی بگەڕێمەوە؟

گوتم:

ـ ئاگادارتان دەکەمەوە.

ئەوکات قەشە بێ ئەوەی بتۆرێ، لە ژوورەکە چۆ دەرێ و لە کاتی ڕۆیشتندا سەری دەلەقاند، وا پێ دەچوو لە دڵی خۆیدا بڵێت:

ـ ئەو پیاوە کافر و بێدینە!

نەخێر نەخێر، هەرچەندە من کەوتبمـە بەدبـەختی و زەلیلییـەوە، کافر و بێدین نیم و خودا بۆ خۆی ئاگـادارە کـە ئیمـان و بـڕوام پێـی هەیە. کەوایە ئەو پیرەپیاوە چی دەگوت؟ ئاخر ئەو شتێکی نەگوت، کە هەستەکانم بجووڵێنێ و ڕامچـڵەکێنێ و فرمێسـك لـە چـاوم بـێنێ، هیچ شتێکی وای نەگوت، کە مـن هـۆگر و شـەیدای خـۆی بکـات. بـە پێچەوانەی ئەو قسانەی کردنی، ئاڵۆسکاو و پەرت و بڵـاو بـوون، کـە بۆ هەر شتێك ڕەها بێ. لـەو شـوێنەی کـە دەبـوو قسـەکەی قـووڵ و مانادار بێ، داخراو و فراوان و بێ مانا بوو و لەو شوێنەش کە دەبـوو سادە و بـێ مانـدووکردن قسـە بکـا، کرچـوکاڵ و ناپەسـند خۆیـای دەکرد.

بەیانکردنی ئەو، جۆرێك بوو لە ئامۆژگاریی هەست و ناخ و جۆرێك لاواندنـــەوە دەربـــارەی خوایـــەتی، کـــە وشـــەی دەرەکیـــی و دەسەتەواژەی لاتینیشی تێکەڵ بەوان دەکرد و جارجار باسی ئـەو ئـەولیا و پیرۆزیانـەی هاوتەمـەنی ((گوسـتن)) و هاوتەمـەنی ((گـرە گوار)) و هاوشێوەی ڕوحانیەکانی دەکرد، کە من نەمدەناسین.

جگــە لــەوەش، وتــاری ئــەو هاوشــێوەی دەرســێك بــوو، کــە خوێنـدکارێك بیسـت جـار ئـەوەی بێلەبـەر خوێندبێتـەوە و ئـەوە بـۆ جاری بیست و یەکەم بـوو، کـە دەیخوێندنـەوە و یـان بـە مەبەسـتی متمانەبەخۆبوون ئەو دەرسەی لـە بـیر چـووبێتەوە و بیهـەوێ وەبـیر خۆی بێنێتەوە. کاتێك قسەی دەکرد، بە هیچ شێوەیەك نـە نیگایـەك لـە چـاوانیەوە دەخوێنرایـەوە و نـە لـە تـۆنی دەنگیـدا کاریگـەری و هەڵچوونێکی پێوە دیار بوو و نە دەستی دەجولاندن.

باشـە، چـۆن دەکـرا جگـە لـەوە بـێ؟ ئـەو قەشـەیە دوعـاخوێنی گرتووخانەیە و ئەرکی ئەو ئەوەیـە، کـە دڵـی بەندیـەکان ئاسـوودە و ئارام بکات و هانیان بدات و ورەیان بەرزکاتەوە، چون بژێویی ژیانی ئەو لەو ڕێگەیەوەیە.

تاوانبار بە کارە سەختەکان و بەندییەکانی دی، لە ژێر کاریگەریی وتار و قسە و ئامۆژگاریی ئەودا کار دەکـەن. ئـەو وایـان لـێ دەکـات دان بە تاوانەکانیان بنێن و لە گرتووخانە، یان لە شوێنی سێدارەیان ئامادە دەبـێ، چـونکە بـۆ ئـەو دیمـەنێکی نیشـتمانییە و ڕۆڵـی تێـدا دەبـینێ. ئــەو تەمــەنی خــۆی لــەو کــارەدا ســەرف کــردووە، کــە

تاوانبارەکان بهێنێتە سەرەمەرگ و بیانداتە دەستی پیاوکوژ. چەند ساڵە تاکوو ئێستا خووی بەو کارەوە گرتووە، کە ئەوان لە ترسی بیستنی ناوەکەشی دەلەرزن. ئەگەرچی لایەکی سەری سپی بووە، بەڵام لە ترس و دڵەڕاوکێییان کەس لە سەریەوە ڕانامێنیّ.

بەندییەکانی تاوانبار بە کاری سەخت و گیوتین بۆ ئەو وەك شتێکی سادە و ساکاری لیّ هاتووە، کە هەموو ڕۆژیّ دەیبینیّ و پێی ناڕەحەت نابیّ.

ئەو پیاوە ڕاستەوخۆ دەفتەرێکی هەیە، کە لاپەڕەیەك تایبەتە بە ناوی تاوانبار بە کاری سەخت و لاپەڕەیەك تایبەت بە ناوی تاوانبار بە سێدارە. ڕۆژێك پێشتر ئاگاداری دەکەنەوە، کە سبەی سەعات ئەوەندە پێویستە ئامۆژگاریی فڵان کەس بکەی، ئەو دەپرسیّ: فڵان کەس تاوانبار بە کاری سەختە، یان تاوانبار بە سێدارە، کاتێك زانی کامەیانە، لە لاپەڕەی تایبەت بە خۆی دەینووسیّ و سبەی لە سەرە سەعاتی خۆی ئامادە دەبێت. بەم شێوەیە ڕوودەدات کە جار نا جار ئەو کەسانەی کە دەبرێنە تۆلۆن بۆ کاری سەخت و ئەو کەسانەی کە دەبرێن بۆ مەیدانی سێدارە و دەبرێنە ژێر تیغی گیوتین، هەردووکیان یەك بڕیاریان هەیە و بوون و نەبوونی ئەوان بۆ ئەو یەکسانە و هیچ فەرقێکی نییە.

ئای، خۆزگە لە جێگەی ئەم قەشە بیّ گیانە، ڕۆحانییەکی گەنج، یان قەشەیەکی پیرتریان دەهێنا، جا لە هەر کوێیەك ڕا با. بەم شێوەیە لە کاتی ئەوەی سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێبی خۆیەتی لە

تەنیشك كورەی ئاگر، كە بێخەبەرە لـەم جیهانـە، هـەڵیان دەگـرت و پێیان دەگوت:

ـ خەریکن پیاوێك لە سێدارە دەدەن، كە تەنها دەبێ تۆ دڵـداری و ئامۆژگاریی بكەی و لە كاتی بەستنی دەستی ئـەودا ئامـادە بـی، تـۆ سـەیری بكـەی كاتێـك كەچـەڵی دەكـەن. تـۆ دەبـێ بـە سـەڵیبەكەی خۆتەوە لە گالیسكەدا دانیشی و پیاوكوژی لـە زەینـدا وەدەر بنێـی، تۆ دەبـێ تـا گەیشـتنە مەیـدانی سـێدارە، بەشـدار بـی لـە هانـدان و پاڵپێوەنانی تا دەگاتە سەر جادە و شەقام، تۆ دەبێ لەگەڵ ئـەو بـە تەنیشت چەند خوێنخۆرێكدا تێپـەڕی، تـۆ دەبـێ لەسـەر گیـوتین لـە باوەشـی بگـری و لـەو كاتـەدا لەگـەڵی بمێنیـەوە و هـەتاكوو سـەری دەكەوێتە گۆشەیەك و لاشەی دەكەوێتە لایەك.

ئەوكات هەر ئەو قەشەیەی كە بە دڵەكوتێ و لەشی لەرزۆكەوە بـۆ لای منی دێنن، مـن هەڵدەنـە باوەشـی و یـان بكەومـە سـەر ئـەژنۆ و تاكوو هـەردووكمانم هۆڕهـۆڕ[1] دەسـت بكـەین بـە گریـان، تـاكوو ئـەو ئامۆژگاریم بكات و دڵم بداتەوە و منیش دڵم ئیسراحەت بكات، تاكوو من هەرچییەكم هەیە لە دڵی ئەودا بەتاڵی بكەمەوە، تاكوو ئەو گیانی من بكێشێ و منیش پەیوەست بم بە خوداوە.

بـەڵام ئـەو پیرەقەشـەی میهرەبانـە بەكـەڵك چـی مـن دێ؟ چ گرنگییەكم هەیە لە بڕیاردا بۆ ئەو؟ من بـۆ ئـەو تـاكێكی بەدبـەخت و

[1] گریانێكی بەكوڵ

بێنەوام، کە تا ئێستا هەزاری وەك منی دیوە، تاکێکم! کە دەمخاتـە نێو ژمارەی لە داردراوان و بەس.

لەوانەیە تاوانبار بم کە من بـەو شـێوەیە باسـی دەکـەم. لەوانەیـە ئەو باش بێ و من خراپ.

داخی گرانم، لێرەدا بە هـیچ شـێوەیەك خـەتا لـە کەسـایەتیی مـن نییە و بەڵکوو لە نەفسی ژەهراویی تاکێکی تاوانبار بە سێدارەیە، کە هەموو شتێك بە بێ سوود و بێکەڵك دەبینێ.

ئەوا خواردنیان بۆ هێناوم. گوایە پێیان وایە کە ئیدی پێویستم بە خواردنە. سفرەیەکی جوان و درێژیان بۆ ڕازاندوومەتەوە.

وا پێدەچێ کە مریشك و هاوشێوەی مریشك و خواردنێکی خۆشـی لەسەر بێ. زۆر باشە! من هەوڵمدا کـە شـتێك بخـۆم، بـەڵام هـەموو ئەو خواردنانە، پێدەچوو تفت و تاڵ و بۆگەن بن، کـە هـەر پـارووی یەکەم پێی فڕێدامەوە دەرێ.

٣١

لەناكاو پیاوێك هاتە ژوورەكـەی مـن، كـە كڵاوێكی لـە سـەر بـوو. پیاوەكە بە ڕقـەوە سـەیرێكی كـردم، دواتـر سـندووقێكی كـردەوە و مەترێكی لێ دەرهێنا و لە بنەوەڕا دەستی كرد بە پێوانی بەردەكانی دیوار. عادەتەن بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵ خۆی دەكـرد و جـاری وایە دەیگوت: ((ئاوایە)) و جارێك دەیگوت: ((نەخێر ئاوا نییە)).

لە سـەربازی ئێشـكگرەكەم پرسـی ئـەوە كێیـە؟ بـەڵام بـۆ خـۆم هەستم كرد كە لەوانەیە وەستای گرتووخانە بێ.

شتێكی سەیری ئەو پیاوە، ئەوە بوو كە بۆ لای من جوڵا و هەندێ قسەی لەگەڵ كلیلبەدەستەكان كرد، كە لەگەڵ خۆی دا بوون.

چەند ساتێك دواتر زەق زەق تێمەوە ڕاما و بە شێوەیەكی سارد و سڕەوە سەری تەكان دا و جارێكی دیكە بەردەوام بوو لەسەر پێـوان و قسەكانی خۆی.

هەر وا كە خەریكی كارەكەی بـوو، لـێم نزیـك بـۆوە و بـە هـەمان دەنگی بەرز و بڵندەوە گوتـی:

ـ هاوڕێ گیان، دوای شەش مانگی دیكـە حـاڵی ئـەو گرتووخانەیـە

زۆر باشتر دەبێ لەوەی کە ئێستا هەیە.

ئەدا و شێوازی قسەکردنی لەو کاتەدا بە شێوەیەك بوو، کە وا پێدەچوو دیسانەوە بیەوێ بڵێت:

- بەڵام حەیف کە ئیدی تۆ ناتوانی سوودی لێ وەرگری!

وەستاکە بزەیەکی لەسەر لێو بوو. پێم وا بوو وردەوردە دەیهەوێ گاڵتەم پێ بکات و پێمڕابوێرێ، وەك چۆن لە شەوی یەکەمی زاوایەتیدا، گاڵتەوگەپ بە تازەزاوا دەکەن و دەیدوێنن.

سەربازە ئێشکگرەکەی من، سەربازێکی زۆڵ و شەیتان بوو، لە جێی من جوابی دایە و گوتی:

- ببوورە بەڕێزم، نابێ ئەوەندە بە بەرزی لە ژووری مردوواندا قسە بکەی!

وەستای گرتووخانە چۆ دەرێ.

وەکوو ئەو بەردانەی ئەو پیاوە دەیپێوان، مات و مەلوول لە شوێنی خۆم مامەوە.

٣٢

دواتر ڕووداوێکی پێکەنیاویم بۆ هاتە پێش.

ئەو باسەی کە ئەو پیرە سەربازە لەبەر لەخۆباییبوون و سپڵەییان، هەتا دەستی ماڵئاوایشم بۆ ڕانەداشت، گۆڕییان و لە جێگەی ئەو سەربازێکی نوێیان بۆ ئێشکگرتنی من هێنا. ناوچەوانی سەربازە تازەکە تێکگیراو و چاوەکانی وەك چاوی مانگا و ڕووخساری گەمژە و دەبەنگی دەردەخست. لەوە زیاتر خۆم لە شتی دیکەی هەڵنەقورتاند و پشتم لە دەرگای ژوور کرد و لە پێش مێزی خۆم دانیشتم، تا ناوچەوانی ئارەقاویم بە دەستە ساردەکانم فێنك بکەمەوە. بیرم زۆر ئاڵۆز و پەرێشان بوو.

لەناکاو بە تەکانێکی سەر شانم، ئاوڕم دایەوە. بینیم سەربازی تازەیە و تەنها من و ئەو لە ژوورەکەدا ماوین. سەرباز دەستی بە قسە کرد و گوتی:

- کاکی تاوانبار، تۆ کەسێکی دڵخۆشی؟

گوتم:

- نەخێر، نیم.

سەرباز لەو وڵامە سارد و ناخۆشەی من تێکڕاما.

بەم حاڵەشەوە بە ڕاڕاییەکی کەمەوە گوتی:

- مرۆڤ بە سروشت باشە و دڵتەنگ و توڕە نییە.

گوتم بۆ دڵتەنگ نییە؟ جگە لەوە ئەگەر تەنها قسەی ئێوە لەگەڵ من ئەوە بوو، تکا دەکەم ئاسوودە بەجێم بێڵن. مەبەستتان لەو قسانە چییە؟

سەرباز گوتی:

- ببوورە جەنابی تاوانبار، من تەنها دوو قسەم هەبوون و ئەوانیش ئەوەن کە ئەگەر خۆشبەختی و ئاسوودەی پیاوێکی فەقیر و بێنەوا بەدەستی ئێوە بێت و بەو چاکەیەش هیچ زەرەر و زیانێك بە ئێوە نەگات، ئامادە نی ئەو بەدبەختە خۆشبەخت بکەی؟

بە واق وڕماوییەوە شانەکانم هەڵتەکاندن و گوتم:

- ببوورە کاکە گیان، مەگەر تۆ لە شارێکی دیکەوە هاتووی؟ کەسێکی سەیرت بۆ خۆشبەختکردنی خەڵکی بەدبەخت هەڵبژاردووە! من بتوانم یەکێکی دیکە خۆشبەخت بکەم؟ شتی وا چۆن دەبێ؟

سەربازەکە سەری دەبەر خۆی نا و قیافەیەکی گرژ و مۆن و بێ مانای بە خۆوە گرت، کە دوور بوو لە ڕوخساری گەوجانەی ئەو و بەو حاڵەوە گوتی:

- بەڵێ جەنابی تاوانبار، بەڵێ خۆشبەختی و ئاسوودەیی کەسێکی فەقیر بەدەست تۆیە و ئەویش منم، کە دەبێ بە دەستی ئێوە

خۆشبەخت ببم. بەڵێ، من سەربازێکی بێ نەوا و بەدبەختم، کارەکەم سەخت و تاقەتپڕووکێنە و مووچەکەم کەم و بێ بایەخە. ئەسپەکە هی خۆمە و پەیداکردنی ئالیك و کا و جۆ پشتی شکاندووم. چەند جار بەشداریی کۆمپانیای یانسیبم کردووە، تا بەڵکوو بە بردنەوەی ئەوە خەرجیی خۆم دابین بکەم، بەڵام مرۆڤ لەو کارانەدا دەبێ شانس و بەختی هەبێ و زیرەك و فێڵباز بێ. بۆ بەدبەختی تا ئێستا ژمارەی براوەم بەدەست نەهێناوە. بەردەوام بەدوای ژمارەی بردنەوەم و هەمیشەش نزیکە بیبەمەوە، بەڵام بەخت یاوەرم نابێ. بۆ نموونە ژمارە ٧٦ دەکڕم و ٧٧ دیباتەوە و دیسانەوە بەدوای براوەوە دەکەوم و هەوڵەکانم بێ ئەنجامن. تکا دەکەم پەلە مەکەن و ئێستا قسەکانم تەواو دەبن. دوای ماوەیەکی زۆر، ئەوە هەلێکە و هاتۆتە بەردەستم. بە پێی بڕیاری ئاشکرا، بەڕێز کاکی تاوانبار ئەمڕۆ لەناوت دەبەن. ئەو خاڵە جێی لێکۆڵینەوەیە، کە ڕوحی ئەو مردووانەی لە ڕێگەی سێدارەوە دەڕۆن، دەتوانن ژمارەی براوەی فرۆشراو دیارییبکەن. بۆیە تکا دەکەم بەڵێنم پێ بدەن بەیانیی ئێوارە ڕوحی خۆتان بۆ من بنێرن تاکوو سێ ژمارەی براوە و نایابم پێ بڵێت. ئەو کارە چ زەرەرێکی بۆ تۆ هەیە؟ جگە لەوەی من دەبمە خاوەنی سێ ژمارە. ئایا جگە لەوە هەیە؟ ئەوجا، خەیاڵتان ئاسوودە بێ، کە من لە ڕوحەکان ناترسم. ناونیشانی ماڵەکەشم ئەوەیە: سەربازخانەی پوپنکوڕ، دەربازگەی ئەلف، ژووری ژمارە ٢٦، لە کۆتایی ڕێڕەوەکە، واتە

ئەوکاتـــەی کـــە هـــاتی چـــاك دەمناســـییەوە. خـــۆ ئەگـــەر بـــۆ ئێـــوە ئاسانترە، تکا دەکەم هەر ئەمشەو وەرن.

باوەڕ بکەن ئەگەر لەو کاتەدا هیوایەکی شێتانەم بە بیردا نەهاتبا، لە وڵـامی ئـەو پیـاوە گەمژەیـە خـۆم سەرشـۆڕ دەبـینی، بـەڵام لـەو وەزعە نائومێد و پەرێشانەدا کە من تێیـدا بـووم، مـرۆڤ هەنـدێ جـار پێـی وایـە زنجیرێـك وەك موویـەك دەپسـێنێ. بەهـەرحاڵ، تـا ئـەو شـــوێنەی کـــە بـــۆ تاوانبارێـــك چـــەندە ئاســـان و گاڵتەجاڕانەیـــە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ، خۆم وەکوو ئەکتەرێك لێ کرد و گوتم:

ـ دەتوانم تۆ لە شای وڵاتیش دەوڵەمنتر و خۆشبەختتر بکەم و بـە ملیۆن سەروەت و سامانت پێ بدەم، بەڵام بە مەرجێك.

سەرباز بە نیگایەکی مات و مەلوولەوە سەیری کردم و پرسی:

ـ بـە چ مـەرجێك؟ سـوێند بـە خـوا، جـەنابی تاوانبـار هەرچییەك بفەرمووی، بە دڵ و گیان ئامادەم.

گوتم:

ـ لە جیاتی سێ ژمارە، چوار ژمارەی بـراوەت پـێ دەڵـێم و تـەنها بەو مەرجەی، کە ئامادە بی جلەکانمان بگۆڕینەوە.

سەرباز لە خۆشحاڵیان هـاواری کـرد و لـەو کاتـەدا، کـە قۆپچـەی جلە سەرازییەکەی خۆی دەکردەوە گوتی:

ـ هەر ئەوەندە؟ خۆ ئەوە هیچ نییە.

من لەسەر کورسیی خـۆم هەسـتابووم و سـەیری جوڵـەکانی ئـەوم دەکرد. دڵم لە سینەمدا بە خێرایی لێیدەدا. لەو کاتەدا هەستم کـرد،

که جلی سەربازیم لەبەردایە و دەرگاکانی گرتووخانە بەرەو ڕووم دەبنەوە و مەیدانی سێدارە و کوچەکانی شار و کۆشکی دادگا بەجێدێڵم و دەڕۆم.

لەناکاو سەرباز بە حاڵەتێکی ناباوەڕی و گومانەوە ڕووی لە من کرد و گوتی:

- ئاه، خۆ بۆ چوونە دەر لە گرتووخانە جلەکانمت ناوێ؟

تێگەیشتم کە کار لە کار ترازاوە و پیلانەکەم هەڵوەشاوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا دوایین هەوڵی خۆم، هەرچەندە بێسوود و گەمژانە بوو، کرد و گوتم:

- بۆچی؟ دەمەوێ لێرە بڕۆمە دەرێ، بە پێچەوانەوە، ژیانی تۆش دابین دەکرێت.

سەرباز قسەی پێ بڕیم و گوتی:

- نەخێر نەخێر، شتی وا مەحاڵە، چونکە من ئەگەر بمەوێ ژمارەی براوە بەدەست بێنم، پێویستە تۆ بە پیاوکوژ بسپێرم.

جارێکی دیکە بێدەنگ و خامۆش لەسەر کورسییەکەی خۆم دانیشتمەوە و بە تەواوی لە هەموو هیوا و خەیاڵە شیرینەکان، کە لە سەرمدا بوون، نائومێد بووم.

٣٣

چاوی خۆم لێکنان و دەستم لەسەر چاوەکانم دانا و هەوڵم دا کە غەم و خەفەتم بە خەیاڵی ڕابردوو لە بیر بکەم. لە بیر و خەیاڵی لەناکاودا، بیرەوەریی شیرین و ئارام و بە خەندەی سەردەمی منداڵی و گەنجی، یەك بە یەك هاتنەوە بیرم و وەك وڵاتێکی پڕ گوڵ و ڕەیحان و گێژاوێکی پەرێشان و تاریك، کە لە نێو مێشکی پەرپوتی مندا ئاڵۆسکابوو، بەدیار کەوت.

لە جیهانی خەیاڵدا، بینیم هەمان منداڵی خۆشبەخت و دڵخۆشی سەرەتاییم، کە لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆم لە نێو باخچەی گەورە و سەوز و سازگارداین، کە ساڵانی شیرینی منداڵیی خۆمم لەوێدا بەسەر بردبوو و لە نێو ئەو حەسارە کۆنە ڕوحانییەی، کە ڕووبەڕووی گومبەدی قورقوشمی کڵێسای ((اول دو گراس))ە یاریی دەکەم و هاواری منداڵانە دەکەم و هەر ڕاکەڕاکمە.

دواتر کەوتمەوە بیری چوار ساڵ دواتر، دیتم هەر وا منداڵم، بەڵام بوومەتە خاوەنی هەست و سۆز و بیر و ئەندێشەی خۆم. بینیم لەو باخچە چۆڵەدا کچێکی گەنجیش یاری دەکات.

هاوەڵیاریی من کچێکی ئیسپایی بوو، چاو گەورە و کەزیی درێـژ و پێستی جەستەی گەنمڕەنگ و قژێکی زەرد و لێـوی سـوور و کـوڵمی سوور. کچێکی خەڵکی ئەندەلووسی ئیسپانیا، تەمەنی چواردە سـاڵە و ناوی ((پیپیتا))یە.

دایکانی ئێمە پێیان گوتووین کە بـڕۆین و پێکـەوە یـاری بکـەین و هەڵبەزودابەز بکەین، ئەوەتا هاتووین پێکەوە بگەڕێین.

پێیــان گوتــووین یــاریی بکــەین، بــەڵام ئێمــە کــوڕ و کچــێکی هاوتەمەنین و خەریکە پێکەوە دەردەدڵ دەکەین.

بــەم شــێوەیە ئــاخیر جــار کــە پێکــەوە یاریمــان دەکــرد و هەڵبەزودابــەزمان کــرد، ســاڵێکی تــەواوی نەخایانــد. لــە جــواترین بیرەوەریی من و پیپیتادا، ئـەوە بـوو کـە شـەڕمان لەسـەر سـێوێکی سوور دەکرد، بـە هـۆی لانـەی باڵندەیەکـەوە شـەڕمان دەکـرد. ئـەو دەگریا و منیش دەتگوت کارێکی باشم کـردووە و بـۆ شـکایەتکردن، هەردووکمان چووینە کن دایکی خۆمان.

دایکمان بـە دەنگـی بـەرز و بـە ڕووکـەش لێمـان تـوورە دەبـوون، بەڵام بە هێمنی بە خۆیان دەگوت کە عەیبی نییە، هەقی خۆیانە.

ئێستا لە جیهانی خەیاڵدا دەبینم کە ئەو لە تەنیشتم دانیشتووە و منیش شلەژاو و بێقـەرار، هـەروەها شانازیشـم بـە خۆمـەوە دەکـرد. هەردووکمان بە هێمنی بە ڕێدا دەڕۆین و بە ئارامی قسە دەکەین.

کچە بە ئەنقەست دەسماڵی خۆی بەردەداتەوە و منیش دادێمـەوە و هەڵیدەگرمــەوە. هــەر کاتێــك دەســتمان بەریەکدەکــەون، لــەرزۆك

دەبن. کچە بۆم باسی باڵندەی ژیکەڵە و جوان و ئەستێرەی ئاسمان و تیشکی سوور، کە دیمەنەکەی لە پشتی درەختەکانەوە دیارە و باسی هاوڕێ و میوانخانە و جلك و((شریت))ەکانی دەکات. دواتر هەردووکمان شەرمنانە دەکەوینە گۆڕینەوەی ڕاز و نیازی خۆمان و هەردووکمان لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕێین. ئێستا ئەو کیژۆڵەیە گەورە بووە. ئەو شەوە، شەوێکی هاوین بوو، ئێمە لە کۆتایی باخچەکە لە ژێر داربەڕووەکاندا دانیشتبووین.

ئەو دوای ئەو بێدەنگییە درێژەی کە لە ئەنجامی گەڕانی شەوانەدا دروست ببوو، لەناکاو دەستی منی بەڕەڵا کرد و گوتی: وەرە با هەڵێین.

دەڵێی هێشتاش لەپێش چاومە، کە لە سەرێڕا تا خوارێ ڕەشی پۆشیبوو و لە تازیەی نەنکی دانیشتبوو.

لەو کاتەدا لەناکاو کەوتە بیری منداڵانەی و ((پیا)) بوو بە ((پیپیتا))ی چواردەساڵە و پێی گوتم:

- وەرە با ڕاکەین!

یەکسەر خۆی گەیاندە بینای ڕاکردن. کەمەری وەك کەمەری ژەنگەسوورە باریك بوو و کاتێ پێیە ناسك و لەبارەکانی هەڵێنان، دامێنەکەی تا سەر ئەژنۆیان دەهات. من بەدوای دەکەوتم و ئەو هەر ڕایدەکرد. جار جار بای شەماڵ کۆڵوانە[1] ڕەشەکەی لە کاتی ڕاکردندا

[1] جلێکی بێ قۆڵ و درێژە, کە ئافرەتان بەسەر شانیانی دادەدەن.

هەڵدەدایەوە و پشتی سپی و سۆڵی پێشانی من دەدا.

له هۆش خۆ دەچووم. دواجار له نزیك چاڵێکەوە، کـه کـۆن بـوو، پێـی گەیشـتمەوە و کەمـەریم گـرت. ئـەو مافـەم بـه خـۆم دەدا، کـه بێشەرمانه مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، چونکه من لەو پێشبڕکێیەدا براوه بووم.

بەهــەرحاڵ، لەســەر ســەوزەگیا دامنیشــاند و ئــەویش بــەرگریی نەکرد. فەقیرە له ماندووێتییان هەناسەبڕکێی بوو و پێدەکـەنی. مـن قیافەیەکی جددی و ئارامم به خۆمـەوە گرتبـوو و لـه پشـت برژانگـی ڕەشی ئەوەوە، چاوم له چاوە ڕەشەکانی دەکرد.

گوتی:

- ئێ هەر لەوێ دانیشه، هێشتا دونیا ڕووناکـه و وا باشـترە شـتێك بخوێنینەوە.

کتێبت پێیه؟

سووتفه بەرگی دووەمی ((سفرنامه سپالانزانی))م پێ بوو.

به خەم ساردییەوە کتێبەکەم کردەوە و لێی نزیك بوومەوە. شانی وە شانی دام و هەردووکمان دەستمان کرد به خوێندنـەوەی پـەڕەی یەکەم، بەڵام هەر یەکە و لەبەر خۆمان دەمانخوێندەوە.

ئەو پێش هەڵدانەوەی پەڕ، ناچـار دەبـوو چـاوەڕێم بکـات، تـاکوو منیش پێی بگەمەوە. چونکە مێشکی من کـەمتر کـاری دەکـرد، وەك له مێشکی ئەو. به شێوەیەك کە، هێشتا من دەستم به خوێندنەوەی پەڕێك نەدەکرد، ئەو لێی ببۆوە و دەیپرسی:

ـ تەواو نەبووی؟

کاتی ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵێ، کچەکە بە دایکی گوت:

ـ ئـای دایکـە! دایکـە ئەگـەر دەزانـی چـەند ڕامکـردووە بـە نێـو باخچەدا!

بەڵام من بێدەنگ بووم، دایکم پرسی:

ـ ئی تۆ بۆ هیچ ناڵێی؟ بۆچی ئەوەندە خەمگین و پەرێشـان دێیـە بەرچاو؟

هەستم بە بەهەشتێك دەكرد لە دڵی خۆمدا.

ئەو شەوە شەوێك بوو، كە من تا مردن لە بیری ناكەم.

بەڵێ، تا مردن!

٣٤

ئێستا دەنگی زەنگی سەعاتێك دێ، بەڵام نەمزانی دەنگ لە کام سەعاتەوەیە. من ئیدی زۆر باش گوێم لە دەنگی سەعات نابێ و بە باشی نایناسمەوە. وەك ئەوە وایەی دەنگی پیانۆ((ئۆرگ))ێك لە گوێمدا بزرینگێتەوە و لەوانەشە زەمزەمەیەك بێ، کە لە بیری ئاڵۆسکاو و تێکچڕژاوی ساتەکانی تەمەنم بێ.

لەو ساتە هەستیارەدا، کە بیرەوەرییەکانی خۆم یەك بە یەك دێنمەوە یادم، لەناکاو بە ترس و دڵەڕاوکێوە دەکەومە بیری ئەو تاوانەی کە تووشی بوومە، بەڵام حەزم دەکرد کاتی زیاترم هەبێ، تاکوو پەشیمان ببمەوە و تۆبە بکەم.

پێش ئەوەی دادگایی بکرێم و تاوانبار بم بە سێدارە، زیاتر لە ئێستا هەستم بە نەبوونی و پەشیمانی دەکرد و لە ویژدانی خۆم شەرمەندە و پەشیمان بووم. بەڵام لەوکاتە بەولاوە، ترس و دڵەڕاوکێی سێدارە، جێگەیەکی بۆ ئەم بیرکردنەوانە نەهێشتۆتەوە لە مێشکمدا.

بەم شێوەیە زۆر حەز دەکەم تۆبە و پەشیمانی لە ڕابردووم بکەم.

کاتێك من یەك دەقیقـە دەکەومـە بـیری ڕابـردووی تـەمـەنی خـۆم، دیسانەوە دەبێ ئەوە بێنمەوە بیری خـۆم کـە ڕاسـتەوخۆ دووچـاری تیغی گیوتین ببمەوە. وەك ئەوەی توشی کارەساتێکی دیکـە بـووم، لە سەرەوە تا خوارێ دەلەرزم.

ئـای سـەردەمی جـوانی منـداڵی! ئـای ئـەی پـەیمانی شـیرینی گـەنجێتیم! ئـەی ئاوریشـمی ڕەنگـاوڕەنگ، کـە کۆتاییەکـەت خوێناوییە! ئێمـە لـە نێـوان ئـەو دوو سـەردەمە خـۆش و شـیرینەی ڕابردوو و ئەو سـاتە خەماویانـە، لافـاوی ڕووبـارێکی خوێنـە، کـە لـە خوێنی من و ئەوانی دیکەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەگەر ڕۆژێك چیرۆکی من بخوێننەوە و ببیـنن دوای چـەند سـاڵێك لە ئاسوودەی و خۆشبەختی، ساڵانێکی ئاوا شووم و خراپم هەبووە، ساڵێك کە بە تاوانێك دەستی پێکردووە و بە تۆڵەسـەندنەوە کۆتـایی هاتووە، هەرگیز باوەڕی پێ ناکەن و بە ڕاستی نازانن.

ئاخ ئەی یاسای ناپەسند و ئەی خەڵکی چارەڕەش و بێنـەوا، بـە خودا من کەسێکی خراپ و شەڕانگێز نەبووم!

ئـۆف! مـن چـەند سـەعاتی دیکـە دەمـرم، لـە کاتێکـدا سـاڵێك لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وا دا ئازاد بووم و دەچـوومە گەشـتی پـاییزی و بە ژێر درەختەکانی باخچەدا ڕامدەکرد و شەقم لـە گـەڵا زەردەکـانی پاییز دەدا، کە لەسەر زەوی کەوتبوون.

٣٥

ئۆف! لە ئیستادا، لە نیزك منەوە، لەوماڵانەدا کە دەوری کۆشکی دادگایی و مەیدانی لە سێدارەدانیان داوە، یان دانیشتووی شوێنی جیاوازی پاریسن، ئازادە دێن و دەڕۆن و پێکەوە قسە دەکەن و پێدەکەنن و ڕۆژنامە دەخوێننەوە و خەریکی ئیشی خۆیانن، دووکانداران خەریکی فرۆشتنی کەلوپەلی خۆیانن، کچان خەریکی ئامادەکردنی فامیلە تازەکانیانن، تاکوو ئەمشەو بچنە شوێنی سەماکردن و دایکانیش یاری لەگەڵ منداڵی شیرەخۆرەیاندا دەکەن!

٣٦

لە بیرمە ڕۆژێك چووبووم بۆ سەیرکردنی زەنگی کلێسای نۆتردام.

کاتێك لە نێردیوانی تاریك و بازنەیی کلێسا وەسەر کەوتم، بە سووچێکدا تێپەڕیم، کە دوو منارەی کلێسای پێکەوە بەستبۆوە و شاری پاریسم لە خوار خۆمەوە دەبینی. هەروەها کاتێك چوومە نێو قەفەزەی بەردەکەوە، بەرەو کەپرێکی بەرز ڕۆیشتم، کە زەنگی گەورە و چەکوشێکی قورس هەڵواسرابوو، سەرم سووڕ ما !

بە ترس و لەرزێکەوە بەسەر ئەو تەختانەدا ڕۆیشتم، کە بە باشی پێکەوە نەبەسترابوونەوە و لە نزیکەوە سەیری ئەو زەنگە گەورەیەم کرد، کە لە نێو منداڵان و خەڵکی پاریسدا ناسرابوو. چووبوومە شوێنێك، کە سەرەکەی بە بەردی نەخشدار گیرابوو، ڕووبەری ئەوانە چواردەوری ئەو زەنگەیان گرتبوو و لەگەڵ ڕووبەری بن پێی من هاو ڕووبەر بوو، چونکە لە کونی داربەستەکانەوە سەیری مەیدانی ((پاروی نۆتردام)) و ڕیڕەوەکانم کرد، کە خەڵکی وەك مێروو هاتوچۆیان دەکرد بەوێدا.

لەناکاو زەنگی گەورەی کلێسا دەنگی لێوە هات، دەنگێکی گەورە

هەوای لەرزاندەوە و منارەی سەنگینی کڵێسـای بـە لەرەلـەر خسـت. تەختەکانی سەر پایە گەورەکان کەوتنە هەڵبەز و دابەز و خەریك بوو لە هەوای دەنگی ئەو دەنگە گەورەیە بکەومە سەر عەرزی. سەراپای لەشم دەلەرزی. پێیەکانم سست بوون و چی وای نەمابوو بکەومە نێو تاتەبـەردی گـەورەی سـەربانەکە. لـە ترسـان لەسـەر تەختـەی داربەسـتەکان درێـژ بـووم و تونـد بـە خۆمـەوە گوشـین و لـە ترسـی مردن، توانای قسەکردن و هەناسەدانم نەبوو.

ئـەو لـەرە ترسـێنەرە هێشـتا لـە گوێمـدا دەزرینگایـەوە و ئـەو جەهەننەمە ترسناك و نەفرەتییە لە پێش چاوم بوو.

لـەو بەرزاییـەوە بـە باشـی مەیـدانی کڵێسـام دەبینـی و سـەیری ڕێبوارانی ئاسوودە و خاترجەمم دەکرد.

بەڵێ، ئێستاش پێم وایە چوومەتەوە سەر زەنگی منارە، ئێستاش ژانەسەرم گرتووە و چاوم ئەبڵەق بوونە.

دیسانەوە دەنگێکـی هاوشـێوەی لەرینـەوەی زەنـگ، مێشـکی پـڕ کـردووم لـە زرینگـەزرینگ و ئیـدی ئـەو ژیانـە ئـارام و ئاسـوودەیەی ڕۆژانی ڕابردووم نییە، ئەو خەڵکەی کە بە ئازادی و بێ خەم و خەیاڵ ڕێ دەکەن، جگە لە ڕێی دووری مەرگبار، هیچی دی نابینم.

٣٧

باڵەخانەی شارەوانی، چەندە بینایەکی شووم و بەدە!

ئەو سەربانە قووچ و لارە، ئەو چەپکە گوڵە سەیرە! ئەو پەڕە سپییەی سەعاتی دیوار، ئەو نهۆمانەی کە پایەی بچووکی تێدان! ئەو پەنجەرە زۆر و زەوەندانە و ئەو پلیکانە سواوانەی، کە لە ئەنجامی زۆر پێداڕۆیشتنی چاودێراندا و لە ژێر فشاری پێیاندا داڕماوە و کۆن بوون، ئەو دوو ژوورە کەوانەییەی کە لە چەپ و ڕاستەوە هەن، بەرەو ڕووی مەیدانی سێدارە دروستکراون.

ڕەنگی ئەو بینا شووم و ناشیرنە، بە تۆز و خۆڵی ساڵ و مانگ کۆن و بێڕەنگ و ناشیرن بووە، کە هەتا لە بەرامبەر هەتاویش ڕەش دێتە بەرچاو.

لەو ڕۆژەیدا کە دەیانەوێ تاوانبارێك لە سێدارە بدەن، ئەو باڵەخانە شوومە، دەرگاکانی زیاد لە پێویست سەربازی لێ دێنە دەر و بە هۆی زۆری پەنجەرەکانیەوە، لە کن تاوانبار شێوەیەکی ناشیرن و کوشتارگە وەردەگرێ.

پەڕی سەعاتی دیوار، کات و سەعاتی سێدارەی دیاریکردووە و شەوانە لە ژێر لێڵی بیناکەدا، سپی و ڕوون دەدرەوشێتەوە.

٣٨

**سەعات یەك و چارەگە!**

**ئەوە حاڵ و گوزەرانی منە لەم کاتەدا:**

سەرم زۆر ژان دەکات! هەردوو پێڵووم قورس و ساردن و تەوێڵم زۆر گەرمە. هەر جارێك کە هەڵدەستم، یان دەنووشتێمەوە، پێم وایە شلەیەکی ڕەشی زۆر لە سەرم دایە و کاسەی سەرم بەولا و لادا دەدات.

توشی تەشەنووجاتێکی زۆر بوومە و جارجار وەك ئەوەی کارەبا لە لەشم درابێ، قەڵەمم لە دەستی بەردەبێتەوە. چاوم وەك ئەوە وان، کە لە نێو دووکەڵدا بسووتێم. هەردوو مەچەکم بە سەختی ژان دەکەن. بەڵام دوو سەعات و سێ چارەگی دیکە، هەموو ئەو دەردانەی من شیفا دەدرێن.

٣٩

دەڵێن سێدارە شتێکی گرنگ نییە و کەس دەرد و ئازاری پێ ناچێژێ. دەڵێن وەها مردنێك، زۆر شیرین و بێ دەردیسەرە و هەرگیز لەوە سادەتر ناتوانی بمری.

ئەگەر وایە، ئەی ئەو ئێش و دەردەی شەش هەفتەی ئاخیر و ئەو شیوەن و هاتوهاوارەی کۆتا ڕۆژی تەمەن چییە؟ بەڵێ، ئەو دەرد و مەینەتییە گیانتەزێنەی ڕۆژی کۆتایی تەمەنە، کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە. ئەو ڕۆژەی کە تێیدا هەم لێڵ و ئارام تێدەپەڕێ و هەم خێرا ، چ مانایەکی هەیە؟ ئایا ئەو نێردیوانەی کە بە کۆتایی گیوتینەوە بەستراوەتەوە چییە؟

پوختەکەی ئەوەیە کە، کەسێك لە ژێر گیوتین ئازار ناچێژێ، بەڵام ئایا ئەو ترسەی کە لە دڵۆپ دڵۆپی خوێنی لاشەی مرۆڤ دەتکێ، لەگەڵ خامۆشبوونی پلە بە پلەی لەدەستدانی مێشکی مرۆڤدا یەکسان نییە؟

جگە لەوەش، کێ گوتویەتی مرۆڤ لە ژێر تیغی گیوتیندا ئازار ناچێژێ؟ ئایا ئەو کەسەی وایگوتووە، لە قسەکەی خۆی دڵنیایە؟

کێ ئەو قسەیەی بەو گوتووە؟ تا ئێستا بیستوویەتی کە سەری یەکێکیان بڕیبێ، ئەو سەرە خوێنیاوییە هەستابێت و وەقسە هاتبێ و گوتبی ئەی خەڵکینە من هەست بە ئازار ناکەم؟!

ئایا ئەوانەی بڕیاری سێدارەیان بۆ دەرچووە، بە پێی خۆیان هاتوون بۆ لای پیاومۆژەکان و سوپاسیان کردوون و گوتویانە: ئەی گیان! چەندە ئامێرێکی باشتان هەڵبژاردووە! ئەو ئامێرە بپارێزن، چونکە شێوازی دروستکردنی زۆر نایابە! ئایا ((روبسپیر)) یان لوویی شازدەیەم کە چوونە ژێر گیوتین، هاتنەوە و ئەو قسەیان کرد؟

نەخێر نەخێر، بە هیچ شێوەیەك. بەداخەوە شتێکی گرنگ نییە چونکە لە ماوەی کەمتر لە یەك دەقیقە و بگرە کەمتر لە چرکەیەك، کارەکە کۆتایی دێ.

ئایا هەتا ئێستا جارێك ئەو پیاوکوژانە خۆیان خستۆتە جێی ئەو کەسانەی کە دەکەونە ژێر گیوتین و وا وێنایان کردووە، کە چۆن کێردی بەران و قورسی گیوتین، دێتە خوار و گۆشت و گەردن دەبڕێت و دەمار دەپسێنێ و بڕبڕەی پشت ورد و خاش دەکات؟

بەڵام بە چی دەچێ؟ لە نیو چرکەدا ئازار و ئەشکەنجەی مردن لەناو دەچێ... بەڕاستی تۆقێنەرە.

٤٠

زۆر سەیرە کە من بەردەوام لە فکری پادشا دام.

هەرەچەندە دەمەویٚ خەیاڵی خۆم لەو فکرە دوورکەمەوە و خۆی لیٚ بدزمەوە، دیسانەوە دەنگێك بەر گوێم دەکەوێت و دەڵێت:

ـ لەم شارە و لەو سەعاتەدا، لە کۆشکێکی دیکە پیاوێك نیشتەجێیە، وەك تۆ ئێشکگرێکی لەبەر دەرگا هەیە. پیاوێك کە وەك تۆ لە نێو خەڵکیدا بێگانەیە و تاکوتەنها جیاوازیی تۆ لەگەڵ ئەو ئەوەیە کە: ئەگەر تۆ کەوتوویەتە زەلالەتی و ناڕەحەتییەوە، ئەو لەوپەری بەرزایی دانیشتووە.

سەرانسەری تەمەنی ئەو، لە ڕێز و شکۆ و شانازی و لەززەت و خۆشی و شادی و سەرمەستیدا دەژی، چواردەوری ئەو لە هەموو لایەکەوە بە ڕێز و خۆشەویستییەوە تەنراوە. جوانترین وتە و قسە لەگەڵ ئەو بە پوچترین و ناشیرنترین قسە دادەنریٚ و بەرزترین کەس لە بەرامبەر ئەودا بە کەسی هیچ و بێمانا دادەنرێت. جلوبەرگی ئەو جگە لە حەریر و ئاوریشم، زێڕ و زیو شتێکی دی نییە. هەروەها ئەو پیاوە لەگەڵ وەزیرەکانی خۆی لە گفتوگۆدایە و هەموویان بیٚ شك و

گومان لە ژێر فەرمانی ئەو دان، یان بۆ وێنە لە بـیری ڕاوی بـەیانی و یان دانیشتنی سەمای شەوانەی خۆی دایـە، کـە لـە سـەرە سـەعاتی دیاریکراودا دەستپێدەکات. چونکە زەحمەتی ئامادەکردنی کەلوپەل لە ئەستۆی ئەوانی دیکە دایە و هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە. باشە، هەرچۆنێك بێ ئەو پیاوەش وەك تۆ لە گۆشت و خوێن پێکهاتووە. بەڵێ، ئێستا بۆ ئەوەی ئەو ئامێرە نەفرەتییەی سێدارە لابدرێ، بۆ ئەوەی هەست و نەست و ئازادیی و کار و کاسبیی تۆ بگەڕێتەوە سەر خۆی، تەنها ئەوەندە بەسە، کە ئەو پیاوە بە هەمان قەڵەم حەوت وشە ناوی لە خوار کاغەزەوە بنووسێ، یان ئەوەی کە لە کاتی سێدارەدانی تۆ، گالیسکەکەی بە لای تۆدا تێپەڕێ. بە پێچەوانەوە، شا پیاوێکی ڕووخۆش و میهرەبانە و لەوانەشە جگە لە کارێکی وا خێر، ئارەزوویەکی دیکەی نەبێ.

بەداخەوە ئاوا نابێ!

٤١

با جارێك ئـازا و چـاونەترس بـین و بـە پیاوانـە ڕووبـەڕووی ئـەو ئەندێشە ترسـناکە بینـەوە. پرسـیار لـە مـەرگ بکـەین کـە ڕاسـتی و کرۆکـی ئـەوە چـییە و بـزانین چـی لـە گیـانی ئێمـە دەوێ. لـە هـەر لایەکـەوە پـەی بـەو نهێنییـە سـەیرە ببـەین و ئـەم مەتەڵـە وڵـام بدەینەوە و لە دەروونی خۆماندا دفنی بکەین.

بەگومانم لەوەی کە چاوم بەستران، نوورێکی گەورە لە بەرامبـەرم دەردەکەوێ و بۆ هەمیشە ڕوحـم لـە تـۆز و خـۆڵ دەربـێنێ و بـەرەو ڕووناکایی بیبات.

بەگومانم لەوەی کە ئاسمان لـە جیـات ڕوونـاکی و ئەسـتێرە بـەو پان و بەرینیەیەوە، بگۆڕێن بە تاریکی و تارمایی و لە جیاتی ئەوەی لـە دیـدی خـەڵکی زینـدوو، وەك پولەکـەی زێـڕین بەسـەر تـەختی ڕەشەوە بدرەوشێنەوە، یان وەك پەڵەی ڕەش بن لەسەر ئاوریشم.

یان هەر لە بنەڕەتدا بەدبەخت و چارەڕەشم، پێم وایە گۆڕ بۆ مـن چـاڵێکی تاریـك و ترسـێنەر دەبـێ، کـە دیوارەکـانی ئـەو سەرتاسـەر سـەختی و تاریکییـە و لـە کاتێکـدا مـن بـەردەوام مـار و مێـروو لـەو تاریکییەدا دەبینم، تا هەتایە وێڵ و سەرگەردان لـە نێـو ئـەو چـاڵەدا

دەمێنمەوە.

یان پێم وایە کاتێک سەرم لە لاشەم جیادەکەنەوە و من لە دونیاکەی دیکە چاو هەڵدێنم، خۆم لە سەر عەرزێکی پان و بەرین و شێدار دەبینمەوە، کە لە تاریکیدا بە زگەخشکێ دەچمە پێشێ و وەك سەرێك، کە گێژ بوویێ، دەخولێمەوە. بە گومانم لەوەی کە ئەوکات بایەکی بەهێزی بێت و سەری بڕاوی من بەو سەرە خولاوانە بکەوێ کە لە گۆشەیەکەوە دەخولێنەوە. هەروەها وای وێنا دەکەم، کە لەو ناوە چەند گۆم و ڕووبارێك هەبێ، ئاوێکی زۆر و شلەتێنیان لێ بڕوات و هەموو ئەو دیمەنانە لە دیدی من تاریك و ڕەش نمایش دەکرێن.

ئەوکات بە چاوە سووڕاوەکانی خۆم کە سەیری ئاسمان بکەم، جگە لە ئاسمانێکی تاریك و نووتەك، کە هەست بە قورسایی تەبەقەکانی بکەم لەسەر سەرم، هیچی دی نابینم. هەروەها لە ئاسۆیەکی دوورەدەستەوە گێژاوی دووکەڵ ببینم، لە تاریکایی ڕەها تاریکتر و ڕەشتر بێت. هەروەها لە تاریکایی شەودا ترووسکایی سوور لە ئاسمانی ڕەش ببینم، کە هەتا نزیکتر دەبنەوە، دەگۆڕێن بە ماسی خۆرکە. بەهەرحاڵ پێم وایە قیامەت هەر ئەوە بێ و بەس.

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە، کە لە کاتێکی دیاریکراودا، تەواوی کوژراوانی مەیدانی سێدارە لە شەوانی سارد و تاریکی زستان، لە مەیدانێك، کە تایبەت بەوان ئامادەکراوە، یەکبگرن. بەدڵنیاییەوە ئەو دەستەیە خەڵکانێکی ڕەنگ پەڕیو و و ناشیرن دەبن و کوژراوان

پێکـەوە سرکەسـرك دەکـەن. تـەلاری باڵەخانـەی شـارەوانیش، بـە سەقفی ڕزیو و سەربانی خەرابوو و لاپەڕەی سـپیی سـەعاتی دیـوار، کە بێڕەحم و بێ ئەمان بۆ هەمووان بە یەکسانی سووڕ دەخوات، لەو مەیدانە ئامادە دەبێ. لەوێ سێدارەی دۆزەخـیش ئامـادە دەکـەن و یەکێ لە پیاوکوژە شەیتانەکان دەبەنە ژێر کێردەکە و لـە سـێدارەی دەدەن.

ئەم ڕێوڕەسمە لە سەعات چـواری بـەیانی دەکرێـت و ئێمـەش بـە نۆرە بازنە بە دەوری ئەو تاوانبارەدا لێدەدەین.

بەهەرحاڵ ئەگەری زۆری هەیە هەموو ئەو شتانە هەبن، بەڵام ئایـا ئەگـەر کـوژراوان لـەو دونیـادا بەدیارکـەون، بـە چ شـێوەیەك بـەدیار دەکــەون و لــە لاشــەی کــەم و کەســریی خۆیانــەوە، کــام بــەش هەڵدەبژێرن؟ ئایا بـە سـەری بـێ لاشـەوە دێـن، یـان بـە لاشـەی بـێ سەرەوە، کە جگە لە تارماییەك هیچی دی نین؟

ئەفسـووس! نـازانم مـەرگ چـی لـە ڕوحـی ئێمـە دەکـات و بـە چ شـێوەیەك فڕێـی دەدات! چ شـتێك لـە ڕوحـی ئێمـە دەردێـنێ و چ شتێکی تێداوێ! ڕوحی ئێمـە لـە کـوێ دادەنـێ؟ ئایـا هەنـدێك جـار بەشێك لە گۆشت یان چاویشی دەداتێ، تاکو سـەیری زەوی بکـات و کەمێك فرمێسك بڕێژێ! ؟

ئاخ، خۆزگە قەشەیەك دەبوو، هەموو ئـەو شـتانەی زانیبـان! مـن قەشەیەکم دەوێ و خاچێك تا ماچی بکەم. ئۆف خوایە گیان، ئۆف! خۆ دیسانەوە هەمان قەشەیە!

٤٢

داوام له قەشه كرد ڕێگەم بدات بخەوم و ڕێك پاڵكەوتم.

شەپۆلێك خوێن لـه سـەرمەوه دەڕژا، بۆیـه خـەوم لێكـەوت. ئـەم خەوه، كۆتا خەوی منه. خەوێكه كه لەم دونیایەدا دەیكەم.

خەوم لێكەوت و خەوم بینی.

خەوم بینی كه شەوه. وا پێدەچوو لەگەڵ دوو سێ هاوڕێی خـۆم، كـه تـا ئێسـتا نـازانم چ كەسـانێكن، لـه ژووری كـاركردنی خۆمـان خڕبووینەتەوه.

خێزانەكـەم، لــه تەنیشــت ژووری كــاركردنم لەگــەڵ منداڵەكــەی نووسـتبوو. مـن و هاوڕێكـانم بـه هێمنـی قسـەمان دەكـرد و بابـەتی قسەكردنەكه شتێك بوو، كه ئێمەی دەترساند.

لەناكاو له یەكێك له ژوورەكان گوێم له دەنگێـك دەبـێ. دەنگەكه ئاڵۆز و لاواز و سەیر و سەمەره بوو.

هاوڕێكانیشم وەك من دەنگەكـەیان بیسـتبوو. وەك ئـەوه وا بـوو، كه به هێمنی قفڵێك بشكێنن، یان مشارێك له كیلۆن بدەن.

شتێكی ترسناك و كاریگەر لەو نێـوەدا بـوو، كـه ئێمـه لـه ترسـان

واقمـان وڕ مـابوو. هـەموو دەترسـاین. پێمـان وا بـوو بـەو وەختـەی شەو، دز هاتوونە سەرماڵێم.

هەموو بڕیارمان دا وەدوای دەنگەکە بکەوین و بزانین چ خەبـەرە. لە جێی خۆم هەستام و مۆمەکەم بە دەستەوە گرت. هاوڕێکانم یـەك بە یەك بەدوای مندا هاتن.

لـە ژووری تەنیشـتمانەوە تێپـەڕین، کـە خێزانەکـەم و منداڵکـەمی تێدا نووستبوون.

دواتر گەیشتینە ژووری میوانان. لەوێش خەبـەرێك نـەبوو. هێشـتا پەردە زەرد و وێنەدارەکان، بە چوارچێوەی دیوارەوە هەڵواسرابوون و بێ جوڵە بـوون. پـێم وا بـوو کـە لـە نێـوان ژووری میـوان و ژووری نانخواردن لە شوێنێکی ئاسایی خۆمە.

هەموو چووینە ژووری نانخواردن و تەواوی ئەوێ گـەڕاین. مـن لـە پێش هەمووانەوە دەڕۆیشتم.

پەنجەرەکانی ژوور و ئەو دەرگایەی کە بەرەو نێردیـوان دەبۆوە، داخرابوو. کاتێك لە هەڵمەکە نزیك بووینەوە، بینـیم دۆڵـابی جلـەکان کراوەتەوە و بە شێوەیەك دەرگایان کردۆتەوە، کە گۆشـەی دیـواری شاردبۆوە.

واقم وڕ مابوو لەو دیمەنە. هەموو پێمان وا بوو کە دەبێ کەسـێك لە پشت ئەو دەرگایەوە بێ.

من دەستم بۆ لای دەرگا برد، کە دۆڵابەکـە داخـەم، بـەڵام دەرگـا قورس بوو و نەکرایەوە. سـەرم سـووڕ مـا و دووبـارە کـەمێك قـایمتر

ڕامکێشا، لەناکاو دەرگا کرایەوە و هەموو چاومان بە پیرێژنەیەکی قەد و باڵا کورد کەوت، کە دەستی بەردابوونەوە و چاوی داخستبوون و بێ جوڵە ڕاوەستابوو. دەتگوت بە گۆشەی دیوارەوە نووساوە.

ئەو پیرێژنە دیمەنێکی ناشیرن و ترسێنەری هەبوو و من هەرکات بیری لێ دەکەمەوە، مووی سەرم گرژ دەبن.

لە پیرێژنەکەم پرسی:

- چ دەکەی لێرە؟

پیرێژن جوابی نەدایەوە. دووبارە پرسیم:

- کێی و ئیشت چییە؟

پیرێژن هەروا بە چاوی داخراو و بێدەنگ و بێ جوڵە مایەوە و دیسان جوابی نەدامەوە. هاوڕێکانم گوتیان:

- بەدڵنیاییەوە ئەو ژنە هاریکاری ئەو کەسانەیە، کە ئەمشەو بە مەبەستی دزی هاتوونە ئێرە. ئەوان کە گوێیان لە دەنگی پێی ئێمە بووە هەڵهاتوون و ڕۆیشتوون، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پیرێژنە نەیتوانیوە هەڵبێ، لە پشت ئەو دەرگایە خۆی شاردۆتەوە.

دیسانەوە چەند پرسیارێکم لە پیرێژن کردن، بەڵام ئەو نە دەجووڵا و نە قسەی دەکرد و نە سەیری دەکردین.

یەکێك لەوانەی ئێمە پاڵی پێوەنا و پیرێژن ڕێك وە عەرزی کەوت.

بەربوونەوەی ئەو بە شێوەیەك بوو، دەتگوت پارچە تەختەیەك، یان شتێکی ڕەق و تەق بەر عەردی بکەوێ.

پێیەکانیمان جوڵاند، دواتر دوو لە هاوڕێیان، ئەویان لە زەوی بەرز کردەوە و پاڵیان پێوە دیوار دا، بەڵام هیچ نیشانەیەکی ژیانی پێوە دیار نەبوو. هاوڕێکانم بە گوێیدا هاواریان کرد، بەڵام ئەو لاڵ بوو، دەتگوت گوێی کەڕن.

هەموومان بێتاقەت بووین و سەرەڕای ترس و دڵەڕاوکێ، توشی توڕەیی و بێزاریش بووین. یەکێك لە هاوڕێکانم پێیگوتم:

- مۆمەکە بخە ژێر چەنەگەی.

ڕووناکیی مۆمەکەم خستە ژێر چەنەگەی. لەناکاو چاوێکی نیوە کرایەوە، چاوێکی بەتاڵ، لێڵ، ترسێنەر و بێ نیگا.

ڕووناکییەکەم لە ژێر چەنەگەی واوەهێنا و گوتم:

- ئەی ژنی جادووگەر، ئێستا جوابم دەدەیەوە؟ بڵێ بزانم تۆ کێی؟

دیسانەوە ئەو چاوە داخرایەوە، دەتگو ئەو جوڵەیە لەخۆوە بوو. هاوڕێکانم گوتیان:

- بەڕاست چەند بێ شەرمە! دەبێ دیسان مۆمەکە بخەیەوە ژێر چەنەگەی تاکوو وەقسە بێ.

جارێکی دی گڕی مۆمەکەم خستەوە ژێر چەنەگەی پیرێژنە.

پیرێژن بە هێمنی هەردوو چاوەکانی کردنەوە و سەیری یەکە بە یەکەی ئێمەی کرد و دواتر لەناکاو، سەری هێنا پێش و بە هەناسەی سارد و سڕەوە فوویەکی توندی بە مۆمەکەدا کرد. مۆم کوژایەوە و من لە هەمان کاتدا هەستم بە سێ ددانی تیژ کرد، کە وەك دەرزی لە

تاریکاییدا لە دەستم ڕاچوون.

لە کاتێکدا وەك مـێش مێژووکـە هەڵدەلـەرزیم و ئارەقـەی سـارد، سەراپای جەستەی گرتبوومەوە، لە خەو ڕابووم.

قەشەی میهرەبان لەسەر جێخەوەکەم دانیشتبوو و دوعای لەسـەر دەخوێندم. لێم پرسی:

- ئایا لەمێژە نووستووم؟

قەشە گوتی:

- کوڕم، سەعاتێکی تەواوە کە نووسـتووی. منداڵەکـەتیان هێنـاوە تـا بیبینـی و ئێسـتا لـە ژووری تەنیشـتمان چـاوەڕێیە. نەمویسـت خەبەرتان بکەمەوە.

لە خۆشیان هاوارم کرد و گوتم:

ئاهە! کچەکەم! کچەکەم بێنن تا بیبینم!

٤٣

کچەکەم ڕووخۆش و جوان و نازەنینە، چاوی گەورەن و زۆر جوانە.

فامیلەیەکی گچکەی کردۆتە بەری، کە زۆری لێ دێ.

لە باوەشم کرد و هەڵمگرت و لەسەر ئەژنۆی خۆم دامنا و کەزییەکانم ماچ کردن.

خودایە بۆچی دایکی لەگەڵی نەهاتووە؟ وا دیار بوو کە هەم دایکی نەخۆشە و هەم نەنکی. زۆر باشە.

کیژە مات و حەیران تێمەوە ڕامابوو. هەڵبەت لەبەر ئەوەی دەستم بە سەریدادێنا و باوەشم لێ دەدا و لە سەرێوە تا خوارێ وەبەر ماچانم دابوو، هیچی نەدەگوت و ئارام بوو، بەڵام جارجار نیگایەکی شڵەژاوانەی لە بەردەستەکەی دەکرد، کە لە گۆشەیەکی ژوورەکە ڕاوەستابوو و دەگریا.

هەرچۆنێك بێ توانیم بێدەنگی بشکێنم و بڵێم:

ـ ماری، ماری قشتیلانەکەم.

لە کاتێکدا کە قورگم گیرابوو، بە توندی بە سینگی خۆمەوە

دەمگوشی. کیژە دەنگێکی کزی لێوە هات و گوتی:

- وایی، کاکە تۆ ئازارم دەدەی!

کاکە! مندالّی بەدبەختی بێچارەی بێنەوا، یەك سالّە منی نەدیوە، هەقی خۆیەتی بە ((کاکە)) بانگم بکات. فەقیرە ڕووخساری منی لە بیر چۆتەوە و قسەکردن و لەهجەی منی لە بیر نەماوە. جگە لەوە کێ بەو سەر و ڕیش و جلوبەرگە کۆن و ڕووخسارە ڕەنگپەڕیوەوە، منی بەدبەخت دەناسێتەوە؟ چۆن؟ یانی کچەکەم، کە ئاواتم بوو بۆ هەمیشە منی لە بیر بمێنێ، لە بیری چوومەتەوە؟ یانی چی؟! ئیدی من باوك نیم؟ ئایا بەوە تاوانبار کراوم کە هەرگیز ناوی شیرین و پیرۆزی ((بابە))، کە تایبەتە بە زمانی مندالّان و لەسەر زاری گەورەکان نامێنێتەوە، نابێ ببیستم؟

بەداخەوە، من ئامادە بووم لە جێگەی ئەوەی چل سالّ تەمەنم لێ دەستێنن، جارێکی دیکە و تەنها یەك جار، لە زمانی کچۆلّە ئازیزەکەم وشەی ((بابە))م گوێ لێ بێت و سوێند بە خودا جگە لەوە ئارەزوویەکی دیکەم نەبوو.

دەستە ناسك و جوانکیلەکانی ئەوم لە دەستی خۆمدا گرتن و گوتم:

- گوێ بگرە ماری، مەگەر نامناسی؟

ماری بە چاوە ڕەش و دلّڕفێنەکانیەوە زەق تێمەوە ڕاما و گوتی:

- نەخێر نەخێر، بە باشی ناتناسم.

دیسانەوە گوتم:

ـ جوان چاو لێکە کچم، تۆ چۆن نازانی من کێم؟

ماری گوتی:

ـ با با، دەزانم کە ئەتۆ ((کاك))ێکی.

بەداخەوە! مرۆڤ لە دونیادا، جگە لە کەسێکی ئازیز، کەسی دی خۆشناوێت، کە ئەو کەسەش لە قوڵایی دڵەوە پەیوەست بێت پێیەوە. ئەو بوونەوەرە ئازیز و نازەنینە، لە بەردەمی دانیشتبێ و بیبینێ و سەیری بکات و قسە بکات و وڵام بداتەوە، بەڵام نەتناسێتەوە! مرۆڤ جگە لەو کەسە چاوەڕێی دڵدانەوە و ئارامکردنەوەی نەبێت، بەڵام ئەو نامۆ خۆی بنوێنێ و نەزانێ، کە بەرامبەرەکەی بەرەو مەرگ دەنێرن و پێویستی بە دڵدانەوە و هێورکردنەوە هەیە!

دیسانەوە وە قسە هاتم و گوتم:

ـ ماری، تۆ باوکت هەیە؟

منداڵەکە گوتی:

ـ بەڵێ کاکە.

گوتم:

ـ باشە، کەوایە باوکی تۆ لە کوێیە؟

منداڵەکە چاوە درشت و جوانەکانی خۆی هەڵبڕین و گوتی:

ـ بەڵێ کاکە" مەگەر تۆ نازانی بابە مردووە.

کیژۆڵە ئەم قسەیەی لە دڵ دەرکرد. خەریك بوو لێیبگەڕێم و بەر زەوی بکەوێ. گوتم:

- ماری، بابە مردووە؟ دەزانی مردن یانی چی؟

گوتی:

- بەڵێ کاکە، یانی لە نێوەڕاستی ئاسمان و زەوییە.

دواتر بەردەوام بوو لە قسە و گوتی:

- من هەموو بەیانی و ئێوارەیەك لەسەر ئەژنۆی دایکم دوعای بۆ دەکەم.

ناوچەوانیم ماچ کرد و گوتم:

- ماری گیان، بڵێ بزانم، چ دوعایەك دەکەی؟

گوتی:

- ئێستا ناتوانم، خۆ ناکرێ لە ناوەڕاستی ڕۆژدا دوعا بخوێنی. ئەمشەو وەرنە ماڵێمان، تا بۆتان بخوێنم.

ئەو جۆرە قسەکردنە بەس بوو. بۆیە من قسەی ئەوم بڕی و گوتم:

- ماری، من بابی تۆم.

کیژەکە گوتی:

- وای!

دیسانەوە گوتم:

- ماری گیان، دەتەوێ من ببمە باوکی تۆ؟

کیژۆڵە ڕووی خۆی وەرگێڕا و گوتی:

- نەخێر، باوکی من زۆر لە تۆ جوانتر بوو.

من دامە بەر فرمێسك و ماچان. ئەو بە هاوارەوە دەیویست لە باوەشم بێتە دەرێ و بە گریانەوە گوتی:

ـ کاکە، ڕیشت ئازام دەدات.

دیسانەوە ئەوم لەسەر ئەژنۆی خۆم دانایەوە و بە حەسرەتەوە تێیەوەڕامام، دواتر پرسیارم لێ کردەوە و گوتم:

ـ ماری، تۆ خوێندەواریت هەیە؟

گوتی:

ـ بەڵێ، بە باشی دەتوانم بخوێنمەوە. دایکم هانم دەدات کە کاغەزەکانم بخوێنمەوە.

ئەو کاغەزە دڕاوەی کە بە دەستە بچووکەکانی گرمۆڵەی کردبوو، نیشانی دام و گوتم:

ـ باشە، بیخوێنەوە بزانم.

کچەکەم سەرە قشتەکەی خۆی لەراند و گوتی:

ـ من تەنها دەزانم چیرۆك بخوێنمەوە.

گوتم:

ـ جا چییە، هەوڵدە بیخوێنیەوە، بیخوێنەوە بزانم.

ماری کاغەزەکەی کردەوە و بە پەنجە دەستی کرد بە حینجەکردنی وشەکان و ئاوای خوێندەوە:

ـ ح، و، ك، م، حوکم.

کاغەزەکەم لە دەستی دەرهێنا، چونکە نێوەڕۆکی ئەو بڕیار بە سێدارەیە، من بووم. بەردەستەکە ئەو کاغەزەی بە بەهای ((سوو))یەك لە کۆڵان کڕیبوو، بەڵام بۆ من نرخی زۆر لەوە زیاتر بوو.

بەداخەوە کە لە دونیادا چەند وشەیەك نینە، تاکوو ئەو هەستەی کە لەو کاتەدا هەم بوو، وەسفیان پێ بکەم. کیژۆڵە لەو هەڵسوکەوتە لەناکاوەی من ترسابوو و خەریك بوو بگری. داماوە لەناکاو گوتی:

ـ کاغەزەکەم بدەوە، دەمەوێ یاریی پێ بکەم.

منداڵەکەم بە بەردەستەکە سپاردەوە و گوتم:

ـ بیبەنە دەرێ!

دوای ڕۆیشتنی منداڵەکە، دیسانەوە خەمبار و بێتاقەت و هیوابڕاو و پەرێشان لەسەر کورسییەکەم دانیشتمەوە. لەو سەعاتەدا دەبوو نوێنەرەکان بەدوامدا بێن. ئێ باشە با بێن، خۆ من تازە دڵم بە هیچ خۆش نییە، چونکە کۆتا دەماری دڵم پساوە. ئێستا من تەنها بەکەڵك ئەو کارەدێم، کە ئەوان دەیانویست بیکەن، واتە: تەنها بۆ سێدارە باشم و بەس.

٤٤

قەشە و سەربازی ئێشکگر، هەردووکیان پیاوی باش و میهرەبانن و دڵنیام ئەو کاتەی داوام کرد منداڵەکەم بۆ بێنن، هەردووك فرمێسکیان لەچاو هاتووە.

ئیدی کار لە کار ترازاوە. ئێستا دەبێ خۆم کۆکەمەوە بۆ مردن حازر بم و بە هێمنی و لەسەرخۆیی و بە هەنگاوی نەرم و بیرکردنەوە لەو پیاوکوژ و گالیسکە و سەربازە قۆڵدار و ئەو خەڵکەی کە لەسەر پرد ڕاوەستاون و ئەوانەی کە لە کەنار دەریا چاوەڕێ دەکەن و بە پێش چاوی ئەو دەستە و تاقمانەی کە لە پشتی پەنجەرەوە بۆ سەیرکردن ڕادەوەستن، هەروەها بە بەردەم ئەو کەسانەشدا تێپەڕم کە بە خەیاڵی گورچیلەوە ڕاستەوخۆ دێنە بینینی لە سێدارەدانم و قەرەباڵغی لە مەیداندا دروست دەکەن. ئەو مەیدانە گەورەیەی کە ئەگەر بیانەوێ، دەتوانن بەو سەرانەی بڕیویانن، فەڕشی لێ دروست بکەن.

دڵنیام لەوەی کە بە سەعاتێکی دیکە، خوو بە تەواوی ئەو خەیاڵانەوە دەگرم.

٤٥

ئەوکات هەموو خـەڵکی پێدەکـەنن و چـەپڵە لێـدەدەن و هەلهەلـە لێدەدەن و کەیفیان ساز دەبـێ، لـە نێـو تـەواوی ئـەو خەڵکـەی، کـە سەربەرستن و بەندییـەکان هـیچ یـەکێك لەوانـە ناناسـن، کەسـی وای تێـدا، کـە ئێسـتا شـاد و بەکـەیف دێـن بـۆ بینینـی سـێدارە. بـەڵام دەستی قەدەر زوو یان درەنگ ئەوانیش وەك من ڕاپێچی ژێر تەختی سـێدارە دەکـات و لـە دوای مـن سـەریان داوێنـە نێـو سـەبەتەی سوورەوە. کەسانێك هەنە، کـە ئـەمڕۆ لەبـەر خـاتری مـن هاتوونەتـە مەیدان، بەڵام بەیانی لەبەر خاتری خۆیان دێن.

بۆ ئەو سەرە بـەد و نەگریسـانە، لـەو مەیدانـە شـوومەدا شـوێنێك دیاریکراوە، جێگەیەك کـە وەك تەڵـە، یـان داو دەچـێ. ئـەو سـەرانە هەمووی بە دەوریدا دەسوڕێنەوە، تـاکوو ڕۆژێـك وەبـەر ئـەو تەڵەیـە بکەون.

٤٦

ئای، ماریا چکۆلەی ئازیزم! گوایە دیسانەوە کچە بچووکەکەمیان هێناوە، کە یاری بکات. بەستەزمانە لە پەنجەرەی گالیسکەوە سەیری خەڵك دەکات و ئیدی لە بیری ئەو ((کاکە)) بێچارەیەدا نییە.

لەوانەیە دیسان کات ئەوەندە مابێ، کە چەند لاپەڕەیەکیش بۆ ئەو بنووسم، تاکوو ڕۆژێك کچەکەم بیخوێنێتەوە و پازدەساڵی دیکە، فرمێسك بۆ حاڵی ئەمڕۆی من بڕێژێ.

بەڵێ، دەبێ کچەکەم بیرەوەریی خۆم، لە زمانی خۆمەوە ببیستێ و بزانێت کە ئەو ناوەی من بۆم بەجێهێشتووە، خوێناویی و ناشیرنە.

٤٧

**بیرەوەریی من**

یاداشتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە: بەدبەخی ئەو کاغەزانەی، کە پەیوەندییان بەم بەشەوە هەیە، هێشتا نەکەوتۆتە بەردەستمان. لەوانەیە بەم جۆرەی کە لە بەشەکانی دیکەدا دەیگێڕێتەوە، تاوانبار کاتی نووسینەوەی نەبووبێ و کاتێك ئەوانەی وەبیر هاتۆتەوە، کە کار لە کار ترازاوە.

## ٤٨

## لە یەکێك لە ژوورەکانی بینای شارەوانی

لـە بینـای شـارەوانی! بـەڵێ، مـن ئێسـتا لـە بینـای شـارەوانیم و کۆتاییم بە گەشتەکەی خـۆم هێنـاوە. جێگـەی مـن ڕوو بـە مەیـدانی سـێدارەیە و لافـاوی ئـەو خەڵکـە دەبیـنم، کـە هاتوهـاوار دەکـەن و پێدەکەنن و چاوەڕێی من دەکەن.

زۆر هەوڵم دا کە خـۆم کـۆنترۆڵ بکـەم و متمانـە و هێمنیـی خـۆم لەدەست نەدەم، بەڵام دڵم ئۆقرەی نەگرت و منی گۆڕی.

کاتێـك لـە بـەرزایی سـەری خەڵکـەوە، ئـەو دوو بـازووە سـوورەی سێدارە و ئەو سێگۆشە ڕەشـەم لـە بەشـی کۆتاییـەوە دیت، کـە لـە نێـوان دوو سـتوونی ڕوونـاکیی کـەنار دەریـاوە بەرزبۆتـەوە، دڵـم داخورپا. داوام کرد کە ڕێگـەم بـدەن دوایـن وەسـیەتی خـۆم بکـەم. ئەوانیش بـە منیـان ڕاگەیانـد کـە ڕۆیشـتوون تـاکوو جـەنابی دادوەر ئاگادار بکەنەوە. ئێستا چاوەوڕێی دادوەرم و خودی ئـەوە هەلێکـە، کە دەبێ کەڵکی لێ وەرگرم.

ئەمـە حـاڵی مـن بـوو کـە لـە گرتووخانـەی کۆنیسـرگەرییەوە تـا کۆشکی شارەوانی بەسەر مندا هاتووە: سەعات سـێ بـوو، هـاتن بـە منیان ڕاگەیاند، کە کاتی بەڵێنەکە گەیشتووە و من بە شـێوەیەك تـا و لەرز گرتمی، کە دەتگوت لەو شەش سەعات و لەو شەش هەفتە و ئەو شەش مانگە، لە بیری شتگەلێکی دیکەدا بووم و ئەم هەواڵـە بـە

تەواوی بۆ من تازە و چاوەڕواننەکراو بوو.

کاربەدەستەکان منیان بە ڕێڕەوەکانی گرتووخانەدا برد و لە نێردیوان هێنامیانە خوار. دواتر منیان بردە نێو دوو ژووری ژێرزەمینەکە، کە زۆر تاریك و نووتەك و تەنگەبەر بوون. بنمیچی ئەو شوێنە تاقێك بوو، لە ڕۆژانی هەور و باراناوی ڕووناکییەکی تایبەتی لێوە هەڵدەستا. لە ناوەڕاستی ژوورەکە کورسییەکیان دانابوو. پێیان گوتم دانیشم و منیش دانیشتم.

لە نزیك دەرگا و لە تەنیشت دیوارەکان، چەند کەسێك ڕاوەستابوون. واتە: جگە لە قەشە و سەربازانی ئێشکگر، سێ کەسی دیکەش لەوێ بوون.

کەسی یەکەم، کە لە هەموویان کەڵەگەتتر و پیرتر بوو، پیاوێکی کز و لاواز و دەموچاوێکی سووری هەبوو. ئەو کەسە کۆتێکی دەبەر کردبوو و کڵاوێکی سێگۆشەی کۆنی لەسەر نابوو، ئەو پیاوکوژ بوو.

من تازە لەسەر کورسی دانیشتبووم. ئەو دوو کەسە لە پشت سەرمەوە، هێدی هێدی وەك پشیلە دەهاتنە پێشێ. لەناکاو ساردیی شتێکی ڕەقی وەك پۆڵام لە نێو پرچم هەست پێ کرد و ڕاستەوخۆ دەنگی مەقەستم بەر گوێ کەوت.

مووە بڕاوەکانی من، تۆپەڵ تۆپەڵ بە دەوری مل و شانمدا دەکەوتنە خوار و ئەو پیاوەی کڵاوە سێگۆشەییەکەی لەسەر بوو، بە دەستە زبر و گەورەکانی خۆی، ئەوانی کۆدەکردنەوە و فڕێی دەدانە سەر عەرزی.

لە چواردەوری من خەڵکی بە هێمنی قسەیان دەکرد. لە دەرەوە

دەنگەدەنگێکی زۆر هاوشێوەی لەرینەوە، لە هەوادا پەرش و بڵاو بووە و بە بڕیاری با وە جوڵە کەوتبێ، بەر گوێ دەکەوت.

سەرەتا وامزانی دەنگی هاشەهاشی ڕووبارە، بەڵام دواتر لە پێکەنین و دەنگەدەنگڕا بۆم دەرکەوت، کە ئەوە دەنگەدەنگی خەڵکە.

پیاوێکی گەنج لە تەنیشت پەنجەرە دانیشتبوو و بەو قەڵەمەی لە دەستیدا بوو، شتێکی لەسەر ئەو کاغەزە دەنووسی، کە لەسەر جانتای دەستیی خۆی دانابوو. گەنجەکە لە یەکێك لە بەندییەوانەکانی پرسی کە ڕێوڕەسمی ئەمڕۆ لەژێر چ ناوێك دایە؟

بەندیەوان لە وڵامدا گوتی:

- پێی دەگوترێت: ئاڕایشی تاوانبار.

تێگەیشتم کە ئەو پیاوە پەیامنێرە و سبەی ئەم ڕاپۆرتە، لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکاتەوە.

لەناکاو یەکێك لە بەردەستەکانی هاوڕێی پیاوکوژ، کۆتەکەی لەبەر داکەندم و بەردەستەکەی دیکە هەردوو دەستم، کە بە کەلەکەمەوە بوون، بۆ دواوەی بردن و لێکی نزیك کردنەوە و ئیدی هەستم کرد کە گرێی بەنێك هەردوو مەچەکی دەستمی لێك قایم کردوون. لەو کاتەشدا بەردەستی یەکەم بۆینباغەکەی لە ملم دەکردەوە. فامیلەیەکی کەتانی دڕاوم لەبەر بوو، کە یەك مانگ لەمەوبەر تا ئێستا، تەنها جلێك بووە کە لەبەرمدا ماوەتەوە. دڕاویی فامیلەکە سەرەتا بەردەستەکەی تووشی شۆك کرد، کە ئایا لەبەرم داکەنێ یان نا؟ هەرچۆنێك بێ، دوای ماوەیەك بیرکردنەوە، مەقەستی

هەڵگرت و یەخەکەی بڕی.

ئەم بەدی و نەفرەتییە لە لایەك و تیژی و ڕەقیی تیغی مەقەست کە بەر گۆشتی ملم کەوت لە لایەکی دیکە. بە شێوەیەك منی ڕاپەڕاند، کە ئەژنۆکانم وەلەرزە کەوتن و لەناکاو دەنگێك لە قورگمەوە هاتەدەر. دەستی بەردەستەکەش لەرزی و گوتی:

- ببوورە بەڕێز، چما ئازارم پێگەیاندی؟

هەر بەڕاست، ئەو پیاوکوژانە چەندە میهرەبان و بەڕێزن! هاتوهاواری بینەرانیش لە دەرەوە زیاتر و زیاتر بەرز دەبۆوە.

ئەو پیاوە زەلامە کە ڕووخسارێکی سووری هەبوو، پارچە پەڕۆیەکی بە سرکە تەڕ کرد و لە پێش دمی منی ڕاگرت تا بۆنی بکەم.

هەرچەندی توانیم دەنگی خۆم هەڵێنا و گوتم:

- سوپاست دەکەم کاکە، بێهوودە خۆتان ئەزیەت مەدەن، خراپ نیم.

ئەوکات یەکێك لە بەردەستەکان چەمایەوە و هەردوو پێم، هەردوو لاقی لێك فەڕاح کردم، بە ئەندازەی ئەوەی بتوانم هەنگاو هەڵێنم و دواتر بە پەتێکی توند و قایم، هەردوو لاقی بەستم. دواتر سەری ئەو پەتەی هێنایەوە سەر پشتم و گرێی لەو پەتە دا، کە مەچەکی دەستمی پێ بەستبۆوە.

پیاوە زەلامەکە کۆتەکەی بە شانم دا دا و هەردوو قۆڵی هێنانەوە بن چەنەگەم و لێکی گرێ دان. بەم شێوەیە هەموو داواکارییەکان جێبەجێ کران و ئیدی هیچ کارێك نەمابۆوە.

لەو کاتەدا قەشە بەخۆ و بە خاچەوە لێم نزیك بۆوە و گوتی:

ـ یا ئەڵڵاً، فەرموو با بڕۆین کورِم.

بەردەستەکە ژێر قۆڵی گرتم. لە جێگەی خۆم هەستام و وەڕێکەوتم. پێیەکانم سست بوون و دەچەمانەوە، بە شێوەیەك کە دەتگوت لە هەر ئەژنۆیەکدا دوو ئێسکم هەنە.

لەو کاتەدا هەردوو تای دەرەوەوی دەرگای ژوورەوە کرانەوە.

گاڵەگاڵ و هاتوهاواری تورەیی خەڵك و هەوای سارد و ڕووناکیی سپی، خۆیان خزاندە ژوور و بەر من کەوتن، کە لە بەشی تاریك و کۆتایی ژوورەکەدا بووم.

لە قوڵایی تاریکیی ئەم ژوورەدا، لەناکاو چاوم بە هەزاران سەر کەوت، کە لە ژێر باراندا هاواریان دەکرد و بە شڵەژاوی لەسەر پلیکانەکانی کۆشکی دادوەری ڕاوەستابوون. لە لای ڕاستەوە لە کۆشکدا و لە ژێر دەروازەدا، ڕیزێك سەربازی پیادە ڕاوەستابوون، بەڵام من لە چواردەوری ئەو ژوورە بچووکە، جگە لە دەستی ئەسپ و سینگیان، هیچی دیکەم نەدەدیت.

بەرامبەر کۆشك، بەشێك لە سەربازانی شەڕ ڕیزیان بەستبوو.

لە لای چەپی کۆشکەوە، لە بەشی دواوە، گالیسکەیەك دیار بوو، کە نێردیوانێکی بەرزیان پێوە هەڵپەساردبوو. ئەوە هەموو ئەو پەردە نەفرەتی و ڕەنگاوڕەنگە ناشیرنانە بوون، کە چوارچێوەی بچووکی ژووری گرتووخانەیان تەنیبوو.

هەرچی توانا و وزە و لێهاتوویەکی لە خۆمدا بەدیم دەکرد، بۆ ئەو دەقیقەیەم هەڵگرتبوو. هەر ئەوەندە سێ هەنگاو چوومە پێشێ و لە

دەروازەی دەرگاوە دەرکەوتم، دەنگێکم لە خەڵکەوە بیست کە:

- ئەوەتا تاوانبار هات! لە کۆتاییدا سەر و سیمای دەرکەوت!

ئەو کەسانەی کە لە نزیک منەوە ڕاوەستابوون، دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان. هەلهەلە و هاتوهاوار و خۆشیی بینەران، بەڕادەیەك بوو، کە هەرگیز بۆ پاشاش خۆپێشاندانێکی ئاوایان نەکردووە.

گالیسکەکە، لەو گالیسکە ئاساییانە بوو، کە ئەسپی لاواز و مردوویان لێ بەستبوون. گالیسکەلێخوڕەکەش باڵتۆیەکی شینی لەبەر بوو، کە نەخشی سووری تێدا بوون. واتە لەو جۆرە جلانەی، کە بێستانەوانان(جوتیار)ی دەوروبەری گرتووخانەی (بێ نووا)) لەبەریان دەکەن.

سەرەتا، پیاوە قەڵەو و زەلامەکە، کە کڵاوە سێگۆشەییەکەی لە سەر بوو، سوار بوو.

ئەو منداڵانەی کە بە دەوری شوورای ئاسنینی گرتووخانە خۆیان هەڵواسیبوو، هاواریان کرد:

- سڵاو، بەڕێز سامسون.

دوای ئەو یەکێك لە بەردەستەکان سوار بوو.

دیسانەوە منداڵەکان هاواریان کرد:

- ئافەرین بەڕێز ماردی، ئافەرین!

لە دوای ئەو، نۆرەی من بوو. بە هەنگاوی توند و خێرا چوومە پێش و سوار بووم.

ژنێك، کە لە نزیك سەربازەکانەوە ڕاوەستابوو، گوتی:

- کابرا چەند بە خۆشی بەرەو پێشوازی دەچێ!

ئەو ستایش و هاندانە گاڵتەجاریانە، هەستی بوێری و دلێریی منی وروژاند. قەشەش سوار بوو و لە تەنیشت من دانیشت.

منیان لە پشتەوەی گالیسکەکە دانیشاندبوو، بە شێوەیەك کە پشتم لە ئەسپەکە بوو. ئەو چاودێرییەی کە بۆ دواین جار لە منیان کردبوو، جەستەی وەلەرزە هێنام.

بە ڕای خۆیان مرۆڤایەتییان بەرامبەر من نواندووە. ویستم سەیرێکی دەوروبەرم بکەم، بینیم لە پێشەوە و لە دواوە سەربازان دەوریان گرتووم و تا چاو بڕ دەکات جەماوەر شەپۆل دەدا.

گوایە لە گۆڕەپانی مەیدانی سێدارە دەریایەك لە سەری خەڵکی یاخی هەیە.

دەستەیەك لە سەربازانی پیادە، لە پێش شوورای کۆشکی دادوەری لە چاوەڕوانیی مندا ڕاوەستابوون.

فەرماندە فەرمانی وەڕێکەوتنی دا. گالیسکە و پاسەوانان، دەستبەجێ وەڕێکەوتن. دەتگوت برووسکەی ترسی خەڵکی ئەوان بەرەو پێشەوە دەبات.

گالیسکەکە لە شوورای دەرگای گرتووخانە تێپەڕی و لەوکاتەدا، کە دەیویست بەرەو پردی ((پنتۆ شانژ)) بسووڕێتەوە، لە مەیدانی سێدارە و لە ڕێگاوبانی گۆڕەپانەوە، تاکوو سەربانی خانووەکانی دەوروبەر ژاوەژاو و هاتوهاوار بەرزبۆوە. خەڵکی لەسەر پردەکان و لە کەنار دەریاوە جوابی ئەو هاتوهاوارەیان دایەوە و دەنگەکە ئەوەندە بەرز بوو، کە دەتگوت ئێستا دنیا خەرا دەبێ.

ئەو سەربازانەی کە لە پێش شوورای کۆشکی دادوەرییەوە لە

چاوەڕوانیی مندا ڕاوەستابوون، لێرەدا لەگەڵ پاسەوانانی من کەوتنە ڕێ.

لەناکاو لە زاری هەزاران کەسەوە ئەو تانەیە هاتەدەر:

ـ کڵاوەکانتان لە سەر داکەنن، کڵاوەکانتان لە سەر داکەنن!

بە شێوەیەك کە هەر واش بە پاشا دەڵێن.

منیش بە شێوەیەکی سامناك پێکەنیم و بە قەشەم گوت:

ـ ئەوانە کڵاو دادەنێن و من سەر.

کاروان ئەوەندە لەسەرەخۆ بە ڕێدا دەڕۆیی، کە دەتگوت پیادە ڕێ دەکەن.

لە کەنار دەریای ((فلوور)) کە بازاڕی گوڵفرۆشان بوو، بۆنێکی خۆش بەر کەپوو دەکەوت. قەدەری خوا، ئەو ڕۆژە ڕۆژی بازاڕ بوو. گوڵفرۆشەکان هەموویان لەبەر خاتری دیتنی من، وازیان لە گوڵفرۆشتن هێنابوو و هاتبوون.

بەرامبەر مەیدانی سێدارە و دروست کەمێك پێش ئەوەی بگەینە بورجی شێوە چوارگۆشەیی کۆشکی دادوەری، چەند دووکانێکی مەیفرۆشی لێنە، لەو کاتەدا لە بەشی سەرەوە پڕ لە کڕیار (مشتەری) بوون، کە هەموویان شاد و بەکەیف بوون و بۆ بینینی ئەو دیمەنە، باشترین جێگەیان گرتبوو، بە تایبەت ژنەکان زیاتر خۆشحاڵ بوون. پێم وا بوو کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی باش دەبێ بۆ مەیفرۆشەکان.

ئەو ڕۆژە، مێز و کورسی و دار و تەختە و گالیسکەیان بە کرێ دەدانە خەڵکی و چاوت لە هەر کوێیەك دەکرد، شوێن و مەکان،

پاڵەپەستۆی بینەران، کەمەری وەلەرزە دێنا. دەلاڵانی خوێنی مرۆڤ، بێ شەرمانە هاواریان دەکرد و دەیانگوت:

ـ کێ جێگەی دەوێ؟ وەرە بۆ جێ، وەرە بۆ جێ!

من لەدەست ئەو خەڵکە دڵڕەقـە، دڵتـەنگ و تـوڕە بـووم و حـەزم دەکرد هاوار بکەم و بڵێم:

ـ کێ جێگەی منی دەوێ؟

بەهەرحاڵ، گالیسکە هـەر وا بـەردەوام بـوو لـە ڕۆیشـتن. لـە هـەر هەنگاوێکدا، کە گالیسکە بەرەو پێشـەوە دەڕۆیشـت، خـەڵکی ڕێیـان بۆ دەکردەوە و خەڵکەکە کەلێنی تێدەکـەوت. مـن بـە چـاوی زەق و سەرسووڕمانەوە، دەمبینی کە دیسانەوە لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە و لە سەر ڕێگەم ڕادەوەستنەوە.

کاتێـك گەیشـتینە سـەر پـردی ((پنتـۆ شـانژ)) بـە شـێوەیەکی ڕێکەوت سەیرێکی ڕاست و چەپی خۆمم کرد، کـە لـە کـەنار دەریـای بەرامبەرمەوە، چاوم بە بورجێکی ڕەش کەوت، لە سەرووی ماڵەکانی دەوروبەرەوە گەردنی دەرکەوتبوو. ئەو بورجـە لـەو شـوێنە بەتـەنێ مابۆوە و بەردی دەستکرد بە دەوریەوە دەبینـران. لـە بـەرزایی ئـەو بورجـەوە دوو گیانـەوەری دێوەزمـەیان لـە بـەرد هـەڵکۆڵیبوو، کـە هەردووکیان لەسەر تەنیشت دانیشتبوون. نازانم چ بوو، کە بـە هـۆی بینینی ئەوانەوە لە قەشەم پرسی ئـەوە کـام بورجەیـە. پیـاوکوژ لـە جێی قەشە وڵامی دایەوە و گوتی:

ـ ئەوە بورجی ((سن ژاك لا بوشری))یە.

بە هـۆی ئـەوەی کـە هـەوا بـە تـەم داپۆشـرابوو و بـاران خـۆش و

بەڕێژنە دەباری و دڵۆپی سپی و بە شێوەیەکی وا بـەردەوام دەبـاری و بۆشــایی ئاسمــانی خــەت خــەت کردبــوو، کــە دەتگــوت تــۆڕی جاڵجاڵۆکەیە و هەر ڕووداوێـك لـە دەوروبـەری منـەوە ڕووی دابـا، بـە فکـری خـۆم بـە نـزیکم دادەنـا و هـەموویانم بـە شـێوەیەکی ڕوون دەبینــی. بەشــەکانی دیکــەی ئــەم دیمەنــە، هــەر یەکــە و ڕەنــج و مەینەتییەکی تایبـەت بـە خـۆی هـەبوو بـۆ مـن. شـۆڕش و شـڵەژانی دەروونیم بە ڕادەیەك بوو، کە ناتوانم وشەی تایبەت بۆ وەسـفکردنی بدۆزمەوە.

کاتێك گەیشتینە پردی ((پنتو شانژ))، لەبەر ئـەوەی پردەکـە زۆر گەورەیـە و جـەماوەر ئەوەنـدە زۆر بـوون، کـە ئێمـە بـە زەحمـەت دەمانتوانی بڕۆینە پێش. لەویَ ترسێکی لە ڕادەبـەدەرم بـۆ دروسـت بوو، دەترسام نەکا ئارامیی خۆم لەدەست بدەم و لەهۆش خۆم بچم. ئەوە کۆتا قۆناغی هەستی زاتـی و گـەورەیی و هەسـتی کەسـایەتیی من بوو. لەوێدا خۆم کەڕ و کوێر کرد، تاکوو نە هیچم گویَ لـیَ بـیَ و نە هیچیش ببینم و دەمویست جگە لە قسەی قەشـە، گـوێم لـە هـیچ کەسێکی دیکە نەبیَ. بەداخەوە قسەکانی قەشەش لە دەنگەدەنگ و هاتوهاواری ئەو خەڵکە کز دەبوو و بەزەحمەت بەر گویَ دەکەوت.

خاچەکەم لە دەستی قەشەم وەرگرت و ماچم کرد و گوتم:

- ئاخ خودای بەبەزەیی، ڕەحمم پیَ بکە!

گوشیم، تاکوو خۆم لە گێژاوی ئەو ئەندێشەیەدا ئاسوودە بکـەم، بەڵام هەر جارێك کە گالیسکە وە جوڵە دەکەوت، منـیش لـە شـوێنی خۆمەوە ڕادەچڵەکیم و زنجـیرەی بیرکردنـەوەکانم هەڵدەوەشـایەوە.

زۆری نەخایاند، کە لەناکاو هەستم بە سەرمایەکی زۆر کرد. باران بەناو جلەکانمدا ڕۆیشتبۆ خوارێ و لەبەر ئەوەی سەریان بە مەقەست چاك کردبووم، کڵاوەکەش دەبەر ئاوێ هەڵاتبوو.

قەشە لێی پریسم:

- کوڕم، چما سەرماتە وا هەڵدەلەرزی؟

گوتم:

- بەڵێ، سەرمامە.

بەڵام حەیف کە من تەنها لە سەرمان هەڵنەدەلەرزیم.

کاتێك لە پردەکە تێپەڕین و بەرەو مەیدان سووڕاینەوە، ژنانی تەماشاچی بەزەییان بە حاڵم دا دەهاتەوە و خەمیان لە گەنجێتیم دەخوارت.

ئێمە لە ڕێگەی کەنار دەریای نەگبەتەوە، بەرەو مەیدان ڕۆیشتین. ئیدی کەم کەمە نە هیچم دەبیست و نە هیچم دەدی. تەواوی ئەو دەنگەدەنگ و ئەو سەرانەی کە لەبەردەم پەنجەرە و دەرگا و لە سەر نێردیوانی دووکان و لە سەرووی ستوونی گڵۆپەکانەوە بوون، شڵەژاو و تۆقێنەر و ناڕوون بوون بۆ من. ئیدی لەو خەڵکە چاوبرسی و ستەمکار و لەو جەماوەرە چڕەدا، کە هەموویان منیان دەناسی، بەڵام من هیچ یەکێك لەوانم نەدەناسی و لەو ڕێگەوبانە قیڕتاوەی کە چواردەوری ئەوێ پڕ بوو لە ڕووخساری خەڵکی، هەستم بە هیچ نەدەکرد. ئیدی من بوونەوەرێکی سەرخۆش و گێژ و گەمژە و ترسێنەر و بێ هەست و خوست بووم. ڕاستیی، تەحەممولکردنی ئەو بارە قورسەی ئەو هەموو نیگا نامۆیانە، بۆ مرۆڤ کێشەیە و بگرە

ئەستەمیشە!

ئیدی مات و مەلوول لە جێی خۆم دانیشتبووم و هیچ پێویستیم بە قەشە و خاچەکەی نەمابوو.

لە نێوان ئەو هەموو دەنگەدەنگ و جەنجاڵیەی لە دەوروبەرمدا بەرز دەبۆوە، ئیدی توانای ئەوەم نەبوو پێکەنینی گاڵتەجاڕانە و هاواری بەزەییانە و چالاکی و ناڵەی دڵسۆزانە و دەنگی خەڵکی لە زەینی خۆمدا وەدەرنێم. هەموو ئەو هاتوهاوارانە لە گوێی مندا دەنگیان دەدایەوە.

بە ئەستەم چاوم تابلۆی دووکانەکانی پێ دەخوێنرانەوە.

جارێك هەستێکی نامۆ سەبارەت بە گواستنەوە یەخەی گرتبووم، سەرم وەرگێڕا تا بزانم بۆ کوێم دەبەن.

ئەو جوڵەیە کۆتا نیشانەی بیرکردنەوە و ژیریی من بوو، بەڵام جەستە و ئەندێشەم هاوکاریی نەکردم و پشتەملم بێ جوڵە و بێ هەست لەکار کەوت. تەنها شتێك کە توانیم ببینم، بورجی نۆتردام بوو، کە لە لای چەپی من، لە کەنار دەریاوە دیار بوو. هەمان ڕۆژ لەوێ ئاڵایان هەڵدابوو. ئەوێش خەڵکێکی زۆری لێ بوو و خەڵکی بە جوانی منیان لێ دیار بوو.

گالیسکە هەر وا دەڕۆیشت و دەڕۆیشت و دووکانەکان لە پێش چاوم ڕەت دەبوون و تابلۆکان، هەر یەکەیان بە نووسین و نەقاشی و هێڵ و نەخشی زێڕین بەبەر چاومدا تێدەپەڕین. خەڵکی هەروا لە قوڕ و لیتەدا پێدەکەنین و خۆشییان دەردەبڕی و منیش وەك نووستوویەك، کە بە دەستی خەو و خەیاڵی شیرینەوە بۆ هەر لایەك

دەچیٚ و بەرەو پێشەوە دەبرام.

لەناکاو گەیشتینە گۆشەیەکی مەیدان و ڕیزی دووکانەکان تەواو بوون. دەنگەدەنگ و هاتوهاوار هەندیٚ جار کز دەبوو و هەندیٚ جاریش بەرز و بڵند و زیندوو دەبۆوە.

دوای ماوەیەکی کەم گالیسکەکە ڕاوەستا و خەریك بوو دماودم وە عەرزیٚ کەوم، بەڵام قەشە گرتمیەوە و بە هێمنی منگەمنگێکی لە بن گوێم کرد:

ـ جورئەتت هەبیٚ!

ئەوکات نێردیوانێکیان بۆ بەشی پشتەوەی گالیسکە هێنا. قەشە قۆڵی منی گرت و من لە نێردیوانەکە هاتمە خوار، دواتر هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ڕۆیشتم و ویستم بەرەو مەیدان بچمە پێشیٚ، بەڵام نەمتوانی، چونکە چاوم بە شتێکی شووم کەوت کە لە نێوان دوو گڵۆپدا لە کەنار دەریاوە بوو.

وای خوایە گیان! ئەوەی کە دەمبینیی ڕاستییەکی ڕەها بوو!

من وەك ئەوەی هەستم بە لێدانەکە کردبیٚ، هاوسەنگیی خۆم لەدەست دا و لە جێی خۆم ڕەق بووم و بە دەنگێکی کزەوە گوتم:

ـ من دەبیٚ کۆتا وەسیەتی خۆم بکەم.

چاودێرەکان منیان بردە سەر ئەو ئامێرە شووم و ترسێنەرە. دووبارە تکام کرد، کە کۆتا وەسیەتەکانی خۆم بنووسم. دەستیان کردمەوە، بەڵام فایدەی چی کە دیسانەوە پەت لێرە هەیە و باقی کەلوپەلەکانی کوشتن، لە چاوەڕێی من دان.

٤٩

پیاوێك، كە نازانم قازییە، یان نوێنـەری دادگـا و یـان والیـی شـار، هاتۆتە مەیدان. لـە كاتێكـدا مـن كەوتوومـە سـەر ئـەژنۆ و دەسـتیان پێكەوە نووساندووم، داوای لێخۆشبوون و بـووردین لـەو دەكـەم. ئـەو بە تەوسخەندەیەكی ڕقاوییەوە جوابی دایەوە و گوتی:

ئەو وەسیەتەی هەت بوو هەر ئەوە بوو؟

دیسان دووبارەم كردەوە و گوتم:

ـ لەبەر خاتری خوا بمبوورن و بڕیاری عەفووم بـۆ دەربكـەن، یـان هیچ نەبێ پێنج دەقیقەی دیكە مۆڵەتم بـدەن، بـەڵكوو لـەو ماوەیـەدا بڕیاری عەفووم بۆ دەربچێ. بە خودای مردن لەو تەمەنەدا و ئـەویش بەم وەزعەوە بۆ من، تۆقێنەرە!

تا ئێستا چەند جار بڕیاری عەفوو بـۆ تاوانبارەكـان دەرچـووە لـە ساتی كۆتایدا. ئاخر ئەگەر ئێوە ڕەحم بە من نەكەن، ئـەی بـە كێـی دەكەن؟

پیـاوكوژی بێـڕەحم و دڵـڕەق لـەو پیـاوە نزیـك بۆتـەوە، كـە بـۆم دەرنەكـەوت قازییـە یـان نوێنـەری دادگـا، و پێـی دەڵـێ كـە جێبـەجێكردنی بڕیـار، دەبـێ لـە كـاتی دیـاریكراوی خۆیـدا بێـت و

ئێستاش بۆ کاتی دیاریکراو چی وای نەماوە. دەڵێن دواکەوتن لە جێبەجێکردنی بڕیار، من لێی بەرپرسم، لە لایەکەوە باران دەبارێ و ئەگەری ئەوە هەیە تیغی گیوتین زەنگ لێدا و لەکار بکەوێ.

گوتم:

- بۆ خاتری خوا یەك دەقیقەی دیکە چاوەڕێ بکەن، تا بەڵکوو حوکمی عەفووی من بگات، وەڵڵا بەرگری لە خۆم دەکەم و گاز لە دەستی هەموویان دەگرم!

قازی و پیاوکوژ هەردووکیان لە شوێنەکە چوونە دەرێ و من مامەوە و دوو تەن سەرباز.

ئەی جەماوەی ترسنۆك، کە وەك کەمتیار هاوار دەکەن، ئامان لە دەستی ئێوە! کێ چووزانێ، من لە دەستی ئێوە ڕزگارم دەبێ!

وای! ئەگەر بڕیاری عەفووی من نەگاتەجێ چ بکەم؟

نەخێر نەخێر، ناکرێ من عەفوو بکەن!

ئاخ! ئەی بێچارەی بەدبەختینە! پێم وایە خەریکن لە پلیکانەی کوشتارگە وەسەر دەکەون.

سەعات چوارە!

تەواو